# باوەشێ وشە

گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەك سیاسەتمەدار، هونەرمەند،
نووسەر و رۆژنامەنووسی رۆژهەڵاتی كوردستان

سەڵاح سالار      محەمەد جەمال

٢٠٠٨

ناوی کتێب: باوەشێ وشە

جۆری کتێب: گفتوگۆ

سازدانی: سەلاّح سالار ـ محەمەد جەمال

فۆتۆکان: سەنگەر سالار

تایپ: زەکەریا عەبدوڵلاّ ـ وریا عەلی

ژمارەی سپاردن: ١٤٠١ ساڵی ٢٠٠٨

چاپخانە: چوارچرا

نۆرەی چاپ: یەکەم ـ ٢٠٠٨

تیراژ: (٧٥٠)

نەخشەسازیی بەرگ: ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین

نەخشەسازیی ناوەوە: محەمەد جەمال

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە

# ناوەڕۆک


ڕێخۆشکردن .......................................... ٥
دەقی گفتوگۆکان........................................... ٩
نووسەر و لێکۆڵەر، دکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانیی ....................... ١١
گەورەوەرگێڕی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دکتۆر ئیبراهیم یونسیی.................. ١٩
هونەرمەندی سینەماکار، دکتۆر قوتبەدین سادقیی.............................. ٢٧
نووسەر و لێکۆڵەر، دکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمیی ( شە پۆل )...................... ٣٥
پارێزەر، دکتۆر ساڵحی نیکبەخت........................................ ٤٤
محەمەدی کەمانگەر، بەڕێوەبەری پێشووی رادیۆی کوردیی
تاران و سەرنووسەری گۆڤاری ئاوێنە .................................. ٥٥
نووسەر و لێکۆڵەر، محەمەد رەئوفی تەوەکولیی ............................٦٩
ئایەتی محەمەدی، نووسەر و سیاسە تمەدار ..................................٧٩
زانیار کەمانگەر، بێژەر و دوبلۆر ...................................... ٨٥
ئارام شەکیبایی، نووسەر لە بواری زمانناسییدا.................................. ٩٦
بەڕێوەبەری دەزگای نەشر ئیحسان لە شاری تاران ............................ ١٠٧
مامۆستا عەبدوڕڕەحمانی یەعقوبی ........................................ ١١١
بۆ مەرگی موهەندیس ئەدەب .. دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرم و سوێر ............. ١١٦
پاشکۆی وێنەکان ........................................... ١١٩
پێزانین ................................................... ١٢٤

# ئاخۆ کەی بێ کاوەی کوڕم
# جانتای سەفەر کاتە شانی
# دەڵاڵانی شاری سنە
# هاوار بکەن..
# سلێمانی .. سلێمانی

**جەلالی مەلەك شا**

سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٦ بە خۆمان و سێ جانتای پڕ لە: ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب و سێ کامێرا و دوو دەست بەرگی کوردییەوە، قاچێکمان خستە سەر خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و قاچەکەی تریشمان ماڵئاوایی لە کوردستانی باشوور کرد، دوای پشکنینێکی خێرا، لە یەکەم بازگەی ئێران سوار بووین بەرەو شاری کرماشان، بە ناو شارۆچکەکانی: قەسری شیرین، سەرپێڵی زەهاو، داڵاهۆ و چەندین گوندی ئاوەدان و ڕەنگین و بە نزیك دەڤەری چەمچەماڵدا، گەیشتینە شاری کرماشان، شارێکی فرە گەورە، دڵگیر و جوان و دڵرفێن، هەر کە شۆڕ دەبیتەوە بۆ ناو شار، یەکەمین شتێك، کە دەیبستی، یاخود دێتەوە یادت (کرماشان شاری شیرینم، شاری جوان و کوردنشینم)ی دەنگە زوڵاڵەکەی حەسەن زیرەکە.

ئەوی بڕواتە کرماشان و سەرێك لە (تاق وەسان) نەدات، وەك ڕێبوارێك وایە بە لای کانییەکدا گوزەر بکات و قومێك ئاوی لێ نۆش نەکات. لە نیوەڕۆ تا شێوان بە ناو سەیرانگاو شوێنە دێرینەکانی تاق وەساندا گەڕاین و وێنەمان گرت، کە منداڵ بووین لە زاری پیرەمێردەکانەوە چیرۆکی شیرین و فەرهاد و ناوی تاق وەسانمان دەبیست، بەڵام ئەمڕۆ وێنەی یادگاریی تێدا دەگرین.

بەرەبەیانی رۆژی ٨/٧ گەیشتینە شاری (تاران)، ئەگەرچی ئێمە تەنها بۆ سەیران و گەشت و پشوودان رۆشتین بۆ ئەویٚ، وەلیٚ تەنها سیٚ رۆژ پیاسەمان کرد، کەمێك بە ناو پارك و شوێنە دلرٌفێنەکانییدا گەڕاین، یەکەمین ئێوارەی گەیشتمان بەرنامەمان دانا بۆ سازدانی چەندین دیدار و گفتوگۆ، هاوڕێی ئازیز و خۆشەویستمان کاك (ئایەتی محەمەدی) داوەتی یەکەمین ئێوارەی کردین، داوامان کرد دیدارێکی هێژا (موهەندیس ئەدەب) سەرۆکی پارتەکەی خۆیمان بۆ رێك بخات، وتی: "نەخۆشە، چەند رۆژێکی تر پێکەوە دەچین بۆ لای"، لەم گەشتە چواردە رۆژییەماندا زۆر شوێنی دلگیر و زۆر باخی رەنگین دلٌی کردینەوە، ژوور بە ژووری مالٌەکانی (شا)و کۆشکەکانی: صاحیبقڕانیەو قاجار ماجەرای لە ناوچوونی دەستەلاٌتێکی ستەمکاری بۆ دەگێراینەوە، مالٌێکمان دەدیت لە کورسیی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری و شاهەنشاییەوە، بۆ: مۆزەخانە. ئەگەرچی گەشت و گەڕان خۆش و پشووبەخش بوو، لیٚ دوو دانە جار گریان سەرو دلٌی گرتیین، دوو جار ئەشك لە چاوانمان باریی، فرمێسکی زۆر و خەمی گەورە بۆ مەرگی (بەهادین ئەدەب)، ئێمە سیٚ رۆژ بەر لە مەرگی ئەو، کاك (ئایەت)مان بەگیر هێنایەوە، گفتی داینیٚ سیٚ تا چوار رۆژی دیکە دەڕۆین بۆ لای، بەلاٌم ئەوەی لای ئێمە خەیالٌ بوو لای خودا بەتالٌ بوو، مەرگ بەر لە ئێمە گەیشتە ئەو و چنگی لیٚ گیر کرد و ئاواتەکەمانی کوشت، ئەمجارەیان رۆیشتین بۆ مالٌی ئەو پیاوە هێژایە، بەلاٌم بۆ گفتوگۆ نا، بۆ فاتیحە، لە جیاتی خەندە و پێکەنین، فرمێسك و هەنسك، بە راستیی دەستی قەدەر باش دلٌی شکاندین، خانەوادەی (ئەدەب) بە سەرماندا زۆر گریان کە زانییان ئێمە بۆ دیمانەی ئاغای ئەدەب هاتووین و پرسە و شیوەن و دلرٌەنجان بە نسیبمان بووە.

پێشانیش لەگەلٌ محەمەدی کەمانگەر، لەو چلەی هاوینەدا سرووشکی دییەمان پەلٌەی دا، ئەلٌوەنی بینابیمان جۆگاکانی گۆنامانی پاراو کردەوە، ئەو بۆ فیراقی کوردان و ئێمەش بۆ ناواخنی بەسەرهاتەکەی وی.

ئەوەشی زۆر ئاوەشتەی دلٌی ئەداین، زمانی شیرینی مامۆستا محەمەدی کەمانگەر بوو، ماوەی دە دوازدە رۆژێك میوانی شارێکی گەورە، فرەجوان، سەوز و فێنك و دلگیر،

شاری تاران بووین، خۆشەویستیی و عەشقمان بۆ ئەنجامدانی چەندین گفتوگۆی ڕۆشنبیرانی کورد، بواری نەداین تێر پیاسەی ناو باخە دلڕفێن و شەقامە ڕەنگینەکانی بکەین، ئێمە ئاخ بۆ لەدەست چوونی پارکێك یان سەیرانگایەك هەڵناکێشین کە سەرێکمان لیَ نەداوە، بەڵکو داخ بۆ لەکیسچوونی چەندین وتووێژ و هەڤپەیڤین دەخۆین، کە دەرفەتنەبوون، یان نەخۆشیی نەیهێشت سازیان بدەین، بە تایبەت هێژایان (موهەندیس ئەدەب و شوکروڵڵای بابان) یەکەمیان هەر لەویَ بنە و بارگەی پێچایەوە، نەك تاران، ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان و دونیاش کرد، ئێمەی لە تاران جێهێشت و بۆ زێدی خۆی، شاری (سنە) دای لە شەقەی باڵ، دووەمیش چاوەڕوانی پاسپۆرتی هەمان سەفەرە، بەڵام بۆ کرماشان، هەروەها ڕۆژنامەنووسی چالاك بارامی وەڵەدبەگی بە قەولی خۆیان (ممنوع مصاحبە) بوو، بۆی نەبوو دیدار و دەمەتەقیَ بۆ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بکات، زمانی شیرین و خوڵکی گەرمی بەڕێزان: هەردوو کەمانگەری باوك و کوڕ، ئاغایانی: نیکبەخت، سوڵتانیی، سادقیی، یونسیی، ئیبراهیمیی و تەوەکولیی و هتد. ناکرێت لە یاد بکرێت، ئەم گفتوگۆیانە پێکهاتەی میواننەوازییەکانی ئەو ئازیزانەیە.

کامیار بووین بەدەر لە نەریتی باو، ئەم پێشەکییە هیچ لە بارەی نێوەڕۆکی وتووێژەکانەوە بە تۆی خوێنەر نەڵێت، تەنها ئەوەندە دەڵێین: ئەم کتێبەی بەردەستت لە (١٢) گفتوگۆ پێکهاتووە، (١١) یان لە شاری (تاران) و دانەیەکیشیان لە ڕێگەی ئیمەیلەوە لە شاری (پاوە)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات سازدران، کۆتا دانەشیان کە دەبوو گفتوگۆ بێت، بەڵام دەستی قەدەر کردی بە شیوەنێك بۆ سەرۆکی بەرەی یەکگرتووی کورد (موهەندیس ئەدەب) ئیتر دەقی دیمانەکان بە تۆ دەسپێرین، لەگەڵ هەر دێڕێکدا خۆت بخوێنەرەوە.

**سەڵاح سالار** salahsalar@gmail.com

**محەمەد جەمال** muhamadj83@yahoo.com

**سلێمانی - ١ /٧ / ٢٠٠٨**

# دەقی گفتوگۆکان

نووسەرو لێکۆڵەر، دکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانیی:

# تاق وەسان هیچ پەیوندییەکی بە (شیرین و فەرهاد)ەوە نییە



دکتۆر محەمەد عەلی سوڵتانی یەکێکە لە لێکۆڵەرو توێژەرە بەناوبانگەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، لە بوارەکانی مێژووی کورد، ئەدەبیاتی کوردیی، ئەدیانی کوردیی،.. هتد. کۆمەڵە کتێبێکی بە چاپ گەیاندووە، لە لایەن سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵات کراوە، ئێستا لە شاری تاران مامۆستای زانکۆیەو لە نووسینو لێکۆڵینەوەکانی بەردەوامە.

لە گفتوگۆیەکییدا دکتۆر سوڵتانی تیشکی خستە سەر ئەو بوارانەو زۆر بواری تر.

**+ مامۆستا سەرەتا لە بیۆگرافیای خۆتانەوە دەست پێبکەین، لە بارەی ژیان‌و نووسراوەکانتان، خۆتان بە خوێنەرانی کوردستانی باشوور ئاشنا بکەن؟**

ـ من، محەمەد عەلی سولتانیی، ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی هەتاوی، ١٩٥٧ی زایینی لە شاری کرماشان لە دایکبووم، لە باوکمەوە سەر بە گۆرانم، لە دایکیشەوە سەر بە بەگزادە جافەکانی وەڵەدبەگییم، قۆناغەکانی خوێندنم لە شاری کرماشان دەستپێکردووە، سەرەتایی تا ئامادەییم لەوێ تەواو کردووە، قۆناغەکانی تریش لە تاران، تا بەدەستهێنانی (تێز)ی دکتۆرام تەواو کرد، هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەمدا، خوێندنی ئایینییشم دەستپێکردووە، لای مامۆستاکان تا گەیشتمە خزمەتی مامۆستا (سەید تاهیری هاشمی) کە مامۆستایەکی ئایینی بەهێزو کورد پەروەرێکی تەواو بوو، لە سەردەمی خۆیدا ئەندامی (ژ ـ ك) بووە، لە بواری زانستی ئیسلامیی و ئەدەبیات و زمانی کوردییدا زۆر باڵادەست بووە، لە شەریعەتدا زانا بووە، لە تەریقەتیشدا لەسەر تەریقەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی بوو، کتێبیشی لەگەڵ ئەمانەدا دەنووسی، وەك تەسکەرەتولئەولیای شێخی عەتتار، مەسنەوی، مەنتیقەتوتتەیرو هتد، لە خزمەت ئەودا بڕوانامەم وەرگرت، هەروەها لە خزمەت مامۆستا سەید محەمەدی شێخولئیسلام کە ئەو سەردەمە هەم مامۆستای زانکۆی تاران بوو، هەم شەیخولئیسلامی تاران بوو، وەلێ من تەنها بە مەبەستی پەیداکردنی زانیاریی دەرسی زانستی ئیسلامییم دەخوێند، نەمدەویست ببمە پیاوێکی ئایینی، چونکە پێم نەدەکرا، نەمدەتوانی بەڕێوەی بەرم، لە زانکۆی تارانیش بە خزمەتی مامۆستا کەیوانی سەمیعی گەیشتم، ئەو یەکێکبوو لە مامۆستا بەناوبانگەکان، لەلای ئەهلی سوننەت، مۆڵەتی فەتوای هەبوو، هەم لە لای ئەهلی تەشەییوع (شیعە) ئیجازەی فەتوا دانی هەبوو، وانەی فەلسەفەی ئیسلامیی دەوتەوە، فەلسەفەی مەشاو و فەلسەفەی سەهرەوەردیی، دەوتەوە، ماوەیەکیش لە خزمەت ئەودا خوێندم، لە کۆتاییدا ئەو منی کردە میراتگری فەرهەنگیی خۆی، دوای خۆی کتێبەکانی لە ڕێگەی منەوە درا بە زانکۆی (رازیی) لە کرماشان، ئێستا من

سەرپەرشتیاری ئەو کتێبخانەشم، لەو سەردەمەوە دەستم کرد بە نووسین، یەکەمین کتێبی دائیرەتولمەعاریف دەربارەی ناوچەی کرماشان من نووسیم، کە بیستو پێنج بەرگبوو بە کتێبی ساڵ و سەنتەری لێکۆڵینەوەی وڵات خەڵاتی دا بەو ئەو کتێبەو بوو بە یەکەمین کتێبی مێژوو لە ئێراندا، لە مەسەلەی یونسکۆو ڕۆژی جیهانی مۆزیك و هەڵبژاردنی ناودارانی ناوچەکە کە هەڵیانبژاردووم، لە لایەن سەرۆك کۆمارو جێگرو وەزیرەکانەوە خەڵات کراوم، دواین کتێبیشم ئێستا داومە بە (سەنتەری پەرەپێدانی زانستی مرۆڤایەتی) بە ناونیشانی (نهضت مشروطیت در کرمانشاه و کنگاور) بۆ یادەروی سەد ساڵەی (نهضت مشروطیت) ئامادەم کردووە.

> **کتێبێکم لە سلێمانی کراوە بە کوردیی، بریا نەکرایە باشتربوو!**

**+ زیاتر لە چ بواریکدا کتێبەکانت نووسیون؟**

ـ فرەتر لە بواری مێژووی کورد، ئەدەبی کورد، ئەدیانی کورد، تەصحیحی متونی قودەمای کورد، هی ناوچەی کرماشان، شیعری موتەئەخیرین، هی سەردەمی قاجارییەکان.

**+ چەند خەڵاتت وەرگرتووە لەسەر نووسینەکانت؟**

ـ بە گشتیی هەشت خەڵات، حەوتیان لەناو ئێران، یەکدانەشیان لە هەولێر، خەڵات لە ئێران بەم شێوەیە دەدرێت، مامۆستاکانی زانکۆ ئەوانەی کە لە مێژوو و ئەدەبیاتدا باڵادەستن کۆدەبنەوە، تەماشا دەکەن ئەو ساڵە چەند کتێب دەرچووە، هەڵی دەسەنگێنن ئەوانەی بە کەڵکی خەڵات دێن دیاریی دەکەن، پاشان لە ناو ئەوانە کامەیان زانستییتر بێت، شێوەی لێکۆڵینەوەی تەواو بێت، توانای مەرجەعییەتی هەبێت، واتە ببێتە سەرچاوە، بۆ کتێبی تر، لیژنەیەکی بۆ پێکدێت، کە نوێنەری وەزارەتەکانی: ڕۆشنبیریی، ئیرشادی ئیسلامی، فەرهەنگو ئاموزش عالی (پەروەردەو خوێندنی باڵا)، رای لەسەر دەدەنو هەڵی دەبژێرن، کتێبەکەی من (دائرة المعارف) کە (٢٥) بەرگە خەڵاتی پێدراو بە

کتێبی ساڵ هەڵبژێردرا.

**+ خەڵاتەکان هی کێ بوون؟**

ـ سەرۆك کۆماری پێشوو ئاغای خاتەمی خەڵاتی کردم، جێگری سەرۆك کۆمارو وەزارەتەکانیش، هەروەها خەڵاتی سەرۆکایەتی کۆمار لە دەورەی ئاغای رەفسنجانییم پێدراوە.

**+ هیچ کتێبێکت بە زمانی کوردیی هەیە؟**

ـ هەندێك کتێبم بە زمانی کوردیی نووسیوە، کتێبی (ئەحواڵو ئاساری شاعیرانی کوردی کرماشان لە سەردەمی تەیموورییەکانەوە تا عەسری حازر) کە شەش بەرگە، سێ بەرگی چاپکراوەو سێ بەرگەکەی تریش لە وەزارەتی ئیرشادە بۆ مۆڵەت، ئەم شەش بەرگە کوردیین.

**+ ئەو کتێبانە لە بواری مێژووی کورددا نووسیوتە، بۆ وەریاننناگێڕیت بۆ سەر زمانی کوردیی، تا کوردەکانی باشوور سوودی لێ ببینن؟**

ـ من تەنها دەمەوێت کتێبەکانم بەشێوەیەکی ئەکادیمی بێت، ئیتر مەبەستێکمان نییە بە زمانی کوردیی بێت، ئەوە کوردەکانی عێراقو تورکیاو سوریا دەتوانن پەیوەندییمان پێوە بکەن بۆ وەرگێڕانیان، ئێمەش ئامادەی هەموو هاوکارییەکین، بەڵام لە سلێمانیی کتێبێکی من کە دوو بەرگە بە ناوی (قیامو نهضت علویان زاگرۆس) دەربارەی کاکەییەکان، کراوە بە کوردی هەرنەکرایە باشتر بوو، تەنانەت نەیانزانیوە دوو بەرگیشە، بەیەك بەرگ وەریان گێڕاوە.

**+ لەبارەی کەلەپوری ناوچەی کرماشانەوە، پەندو بەیتو شیعرو گۆرانیی و هتد، ئەوانەتان کۆکردۆتەوە؟**

ـ هیچ شتێکمان لە ناوچەی کرماشاندا نییە کە کۆنەکرابێتەوە، وەك وتم: کتێبێکم نووسیوە بەناوی (دائرة المعارف) هەموو ئەو شتانەی تێدایە، هیچیان ون نەبووە، عیرفان، ئەدەبیات، جوگرافیا، مێژوو، تەصەووف، ئەدیان، تەشەییوع، تەسەننون، ئەهلی حەقی

کاکەیی، تەصەووفی نیعمەتوڵڵایی، خاکساریی، قادریی، نەقشبەندیی، ئوەیسی، شیعرو مەنزومە.

**+ لە قوچان، خۆراسان، دەماوەند، قوم، هتد، کوردی زۆری لێنیشتەجێیە، ئەوانە نەفی کراون، یان هەر نیشتمانی خۆیانە؟**

ـ کورد لە ئێراندا ئەنفال کراون، هەروەکو چۆن لە عێراق کران، بەڵام یەکەمجار کوردی ئێران ئەنفال کران، (تبعید) دوورخرانەوەی کورد لەبەر دوو هۆکار بووە:

یەکەم: بۆ بەرگرتن لە شاڵاوی تورکەکان، ئەوە لە سەردەمی شا عەباسدا کرا.

دووەم: لەبەر شەڕو خوێنڕشتن، کاتی خۆی کوردەکان لەناو خۆیاندا شەڕیان کردووەو دەسەڵاتدارانیش تەرەفی شەڕکەرەکەیان نەفی کردووە، هەندێکجاریش خۆیان لە دەست پیاوانی دەوڵەت هەڵاتوون بۆ ئەو شوێنانە، ئێستا لە کرمان، بەندەر عەباس، خۆراسان، خۆرهەڵاتو باشوورو خۆرئاوای باشوور کوردی لێیە، یانی تەواوی چواردەوری ئێران بێ کورد نییە.

**+ کتێبێك هەیە لە فەڕەنسییەوە کراوە بە فارسیی‌و لە فارسییەوە کراوە بە کوردیی بە ناوی (بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ) لەو کتێبەدا تەیموری لەنگ دەڵێت: سوپاکەم ڕۆشتە شارێك بە ناوی (قوچان) ئەوان نە عەرەب بوون، نە عەجەم، بەڵکو کورد بوون، خەڵکێکی باڵابەرزو ئازا بوون، زۆر هەوڵمدا شوێن من نەکەوتن، ئایا خەڵکی ئەو شارە ئەوکاتەش هەر کورد نەبوون؟**

ـ ئەو کتێبەی تۆ دەیکەیتە بەڵگەو پشتی پێدەبەستیت، هی ئاغای (زەبیحوڵڵای مەنسوری)یە، ئاغا مەنسوور فرەتر بە مێشکی خۆی نووسیویەتی تا پشت بە بەڵگەنامە ببەستێت.

هەندێك لە نووسینەکانی، نووسەری خارجیشی نییە، یانی خۆی دەینووسێتو نووسەریشی بۆ دادەنێت، مرۆڤێکی بلیمەتبووە، هەم لە داستان نووسیندا، هەم لە تەرجەمەدا، فیکرێکی زۆر زکورو عەجیبی هەبووە، کەسێکە ئێستا کتێبەکانی لە

ئێراندا چاپی سییەم‌و چلهەم‌و پەنجاهەم دەکرێتەوە، ئەو کتێبانە زیاتر خەڵکی تودەو عەوام ڕووی تێدەکەن لە ڕووی مێژووییەوە شایستەی بەڵگەو پشت پێ بەستن نییە.

**+ لە نزیك شاری کرماشان ناوچەیەك بە ناوی چەمچەماڵ هەیە، لە کوردستانی باشووریش شارێك هەیە بە ناوی چەمچەماڵ، وەك لەسەرچاوە مێژووییەکاندا دیومانە ئەوانەی باشوور لەو چەمچەماڵەی کرماشانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ، هەروەها شاری کەلار لە باشوور هەیە، لە ئێرانیش دوو سێ شوێن بەناوی کەلارەوە هەیە، ئەمانە پەیوەندییەکیان هەیە بەیەکەوە؟**

ـ عەرزتان بکەم، کورد لە هەرکوێ هەڵاتووە بۆ شوێنێکی تر، شوێنە تازەکەی بە ناوی شوێنە ئەسڵییەکەی خۆیەوە ناوناوە، وەکو بارزانییەکان، کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە بارزی کرمانەوە کۆچیان کردووە بۆ بارزانی بادینان، ئەو شوێنەیان ناوناوە بارزان، چەمەچەماڵیش هەمەوەندەکان لە سەرەدەمی قاجارو پێشتریش کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ، چ گەرمەسێر، چ سەردەسێر، ئەوێشیان ناوناوە چەمچەماڵ، کەلاریش هەروەها، لای ئێمە لە باکوور کەلار دەشتمان هەیە کە هەموو کوردن، هەم کەلارمان هەیە لە هەبهەب، هەم لەولاتریش کەلارمان هەیە، وشەکانیشیان کوردیی نین، چەمچەماڵ مەغۆلییە، واتای قەتعە، یان موقاتەعە دەبەخشێت، بەو زەوییانە دەڵێن: کە دەوڵەت دەیبەخشێت بە ئێل، پێی وتراوە چەمچەماڵ، ئەوانە هەر یەکێکن ئەم سنوورە مەرزییە ئەوکاتە نەبووە، ئەوانە کۆچەری بوون، کۆچیان کردووە بۆ شارەزوور، بۆ نزیکی سنە، بۆ نزیکی بەمۆ، بۆ ئیلام، ئاوا گەرمیان‌و کوێستانیان کردووە.

**+ ئەفسانەی شیرین‌و فەرهاد تا چەند لەگەڵ دروستکردنی تاق وەسان یەکدەگرێتەوە؟**

ـ لە گۆڤاری (گوهران)یش کە فارسییەو لەسەر شیعر دەدوێت دیمانەیەکیان لەگەڵ کردووم، لەوێش تیشکێکم خستووەتە سەر، شیرین‌و فەرهاد لە دوای خەسرەوو شیرین دەست پێدەکات، لە زۆربەی مێژوونامەکاندا فەرهاد بە کورد لە قەڵەم دەدەن، دەڵێن: لە خەڵکی کەڵهورە. لە ناوچەی (کرماشان)، هەر تاقێك، هەر تاشراوێك هەبێ پێی دەڵێن:

فەراهی تاش (فەرهادی تاش) لە دوای خەسرەوو شیرین، کوردەکان دەستیان کردووە بە شیرین‌و فەرهاد، خەسرەوو شیرین، (نیزامیی) نووسیویەتی، لە سەردەمی (ئەفشاریی)دا (خانای قوبادیی) خەسرەو شیرینی کردووە بە کوردیی‌و بە کوردیی هەورامیی بەشیعر، دواتر (وەحشی بافقی) وتوویەتییەوە، شاعیرە کوردەکان هاتوون، هەم خەسرەوو شیرین، هەم شیرین‌و فەرهادیان تەرجەمە کردووە، ئەوەی کە دەیلێن: بەڵگەیەکی مێژوویی نییە، تەنها شتێکی عەوامانەیەو هیچی تر.

**+ ئەی مێژووی دروستکردنی تاق وەسان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

ـ دوو قسەی لەسەرە، دانەیەکیان دەڵێت: هی سەردەمی خەسرەوی پەروێزی پاشاکانی ساسانییە. ئەوی تریش دەڵێت: (١٠ ـ ١٥) ساڵ قات بووە، دوای ئەوە دەپازدە ساڵە خۆشیی‌و فەرەحی ڕووی لە خەڵکەکە کردووە، ئیتر ئەو تاقەیان لەوێ وەك یادگارییەك دروستکردووە، مێژووی ڕوونە، ساسانییەکان خۆیان کورد بوون، هەم لەسەری باوکەوە کورد بوون کە ئەردەشیری بابەکانە کە لە کوردەکانی ئوستانی فارسە، هەم لەسەری دایکەوە کورد بوون، ئەمانە بۆ جیاکردنەوەی فەرهەنگ‌و شارستانیی خۆیان لە هەخامەنشینەکان کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی خۆرئاوای ئێران، کە کوردنشین بووە، لە کرماشانەوە تا (دیزەفول) کە عەرەبەکان پێی دەڵێن: (مەدائین) کە لە نزیکی بەغدایە نیشتەجێ بوون، زستانان ڕۆشتوون بۆ (دیزەفول)، هاوینان هاتوونەتەوە بۆ ناوچەی تاق وەسان‌و کرماشان.

**+ قەسری شیرین، پەیوەندیی بە خەسرەوو شیرینەکەوە هەیە؟**

ـ بەڵێ پەیوەندیی مێژوویی هەیە، لە خەسرەوو شیرینەکەی (نیزامی)یشدا هەیە، قەسری شیرین، قەڵای یەزدیی، پاتاق، چوارقاپی، تاق وەسان، ئەوەی کە لە خانەقین هەیە، ئەوەی لە (دیزەفول) هەیە، ئەوەی لە کەلار قەڵای شێروانە، ئەمانە هەموویان هی سەردەمی ساسانییەکانە.

**+ کۆمەڵێك ئەفسانەی تر هەن، وەك ڕۆستەم‌و زۆراب‌و بیژەن‌و ئەفسانەکانی تر،**

**ئەوانە لە مێژوودا ئەسڵێکیان هەیە؟ ئەگەر هەیانە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە یان نا؟**

ـ لە باوەڕی ژمارەیەك لە گەورەکانی ئەدەبی ئێران، وەك مامۆستا (مەلیکولشوعەرای بەهار)و گەلێك لە ئەو گەورانەی تر، دەڵێن: وشەی (گورد) کە لە شانامەی فیردەوسییدا دێت، یانی کورد، ئەوانە کوردن، گورد، یانی کورد، واتە پاڵەوان، لێهاتوو. ئەو کتێبەی من پشتی پێدەبەستم، کتێبی (صف شناس أدب فارسی) کە مامۆستا مەلیکولشوعەرای بەهار نووسیویەتی، سێ بەرگە، لە تەواوی زانکۆکانی تاران لە قۆناغی دکتۆرادا دەخوێندرێت، لە بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەدا زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: مەبەست لە گورد لە شانامەی فیردەوسییدا هەر کوردە، شانامە سێ بەشە، بەشێکی پاڵەوانییە، بەشێکی حەماسییە، بەشەکەی تریشی مێژووییە، هەندێك لە لێکۆڵەرە دواییەکان دەڵێن : ڕۆستەمو زۆرابو ئەو شوێنەی ئەو ڕووداوانەی تیا ڕوویداوە، وەکو (سەمەندگان)و ئەوانە لە ناوچەی کرماشاندا بووە کە ناوچەی خۆرئاوای ئێرانە، ئەمانە دەکەونە زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس، تەواوی ئەمانە کوردن، لە بەشە پاڵەوانییەکەی شانامەدا، ئەوەی ئێوە بە ڕۆستەمو زۆراب دەیبینن، بە ئەفسانەی (گەلگامێش)یش دەیبینن .. هتد، ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ئەورووپاش داناوە نەك هەر لەسەر ڕۆژهەڵات.

**+ هەندێك پێیان وایە زەردەشت کورد نەبووە، چونکە هیچ شوێنکەوتەیەکی نییە لە ناو کورددا، بەڵام لەناو فارسدا هەیەتی، رای تۆ چییە؟**

ـ زەرتوشت لەناو کورددا دابو نەریتی هەبووە، ئایینەکەشی هەبوو، وەلێ کورد زەرتوشتییەکی تەواو نەبوون، کورد ئایینی (میهریی)یان هەبوو، کە ئایینی خۆرپەرستی بووە، زەرتوشت هاتووە ئەو ئایینەی تەواو کردووە.[١]

---

[1] ئەم دیدارە لە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی (میردامادی شیمالی) لە شاری (تاران) لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٨ ئەنجام دراوە.

ـ لە ژمارە (٢٩٩)ی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٤ بڵاو کراوەتەوە.

گەورەوەرگێڕی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دوکتۆر ئیبراهیم یونسیی:

# تا ئێستا نەوەد و یەك کتێبم چاپکردووە، کە خـزمەت بە نەتەوەی کورد دەکەن



ـساڵی ١٩٢٥ز لە شاری بانە لە دایکبووە.

ـ ٩١ کتێبی بە چاپ گەیاندووە.

ـ لە سەربازییدا قاچێکی لە دەستداوە.

ـ لە سەردەمی رژێمی (شا)دا بەهۆی بوونی پەیوەندیی بە حزبی (تودە)وە (٨) ساڵ زیندانی کراوەو لە زینداندا زمانی ئینگلیزی فێر بووە.

ـ لە سەرەتای ئینقلابی ئیسلامییدا کراوەتە پارێزگاری شاری سنە.

**رۆژی ۱۲/ ۸ لە شاری تاران لەگەڵ (دکتۆر ساڵح نیکبەخت) بەشداریی ئاهەنگی ڕێزلێنانی گەورە وەرگێڕی کورد (دکتۆر ئیبراهیم یونسیی)مان کرد لە کۆشکی هونەر، دوا بە دوای ئاهەنگەکە پارێزەر ئاغای نیکبەخت بە یەکتری ناساندین، بەڵام دکتۆر یونسی سەردانی شاری بانەی هەبوو، پاش گەڕانەوەی لە رۆژی ۸/۱۸ پەیوەندیمان کردو ئێوارەی هەمان رۆژ لە ماڵەکەی خۆی لە باڵاشاری تاران ئەم دیدارەمان سازدا.**

**+ وەك بیستومانە لە زینداندا دکتۆرات وەرگرتووە؟**

ـ لە زیندانا دکتۆرام وەرنەگرتووە، لە زینداندا ئینگلیزییم خوێندووە، فەرەنسی فێربووم، ساڵی ۱۳٦٦ دکتۆراکەی منیان پەسەند کردبوو لە زانکۆی تاران، ساڵی ۱۳٤۱ کە هاتمە دەرەوە لە زیندان سەفەرێکی فەڕەنسام کرد، هاوڕێییەکم لەوێ مامۆستای زانکۆ بوو، دەستمکرد بە خوێندن تا ساڵێك پێش ئینقلاب دکتۆرام تەواو بوو.

**+ بە گشتیی چەند کتێبت چاپ کردووە؟ کتێبەکانت چین؟**

ـ تا ئێستا (۹۱) کتێبم چاپ کردووە، کە لە ناویاندا (۱۰)یان نووسراوی خۆمن‌و ئەوانەی تر وەرگێڕانن، ئەوانەی کە گرفتاری کورد بووە کە بەرچاوڕوونییەکی باشی کوردەکانە، بۆ نموونە کتێبی (دایکم دوو جار گریا)، مەسەلەیەکی کۆنە لای تورکەکان‌و کوردەکان، تورکەکانیان ترساندووە کە کورد پیاوخۆرن‌و کوردەکانیان ترساندووە کە تورك پیاوخۆرن، من هاتووم لێرەدا رۆشنم کردۆتەوە کە ئەوە دوورە لە واقیعەوە.

**+ چەند کتێبت چاپ نەکراوە؟**

ـ دوو کتێبم هەیە کە چاپ نەکراوە، یەکیان بە ناوی (سیاسەتی ئەمریکا نیسبەت بە کورد) کە قسەی ئەندامانی مەجلیسی نوێنەرانە لە دانیشتنەکاندا، هەرچی روویداوە هێناویەتی بەشێوەی کتێبێك دەریهێناوە، پیاوێکیش دەریهێناوە کە بۆ خۆی لە کوردەکانی لوبنانە بە ناوی (مەحۆ)، ئێستا هەڵگیری کراوەو جارێ ماویەتی،

کتێبەکەی تریشم هی پیاوێکە بە ناوی (وەدیع جوەیدە) لە مەسیحییەکانی عێراقەو ئەم کتێبەی لە سەردەمی (شێخ مەحمود)دا دەست پێکردووە، کە پیاوێکی تێگەیشتوو بە ئینسافیشە، لە سەردەمێکدا کە (عەبدولکەریم قاسم) هاتە سەرکار ئەو بە ناوی نامەی دانیشگاهی لە دانیشگایەك لە نیویۆرك تەقدیمی کردووەو دکتۆرای لەسەر وەرگرت، ئەویش ئامادەبووەو قسەمانکردووە کە بڵاوبێتەوە.

**+ ئەو کتێبانەی لە زمانی ئینگلیزییەوە کە وەریدەگێڕیتە سەر زمانی فارسیی، تا چەند خزمەت بە نەتەوەی کورد دەکات؟**

ـ هەموویان خزمەت بە نەتەوەی کورد دەکەن، هیچی تیانییە دژی نەتەوەی کورد بێت، یان تەئریخی کوردە، یان شۆڕشەکانیەتی.

**+ مەبەست ئەوە نییە دژی کوردە، مەبەستمان ئەوەیە تۆ کتێبێك وەرئەگێڕیتە سەر زمانی فارسیی، بۆ وەریناگێڕیتەوە سەر زمانی کوردیی؟**

ـ ئەم کتێبە یان هی بەرپرسێکی سەربازیی بووە، یان هی لێکۆڵەرێك بووە، رێککەوتووە لە هۆڵەندەوە چووە بۆ لای مەلا مستەفای بارزان، لەوێوە ئەوەی کە واقیعییەت بووە نووسیوویەتی، ئەوەی کە زانیویەتی میللەتی کورد لێی غافڵە ئەوانەی تەزەکور داوە، تا وەختێ کە هەتا یەکیان هەیە بەناوی (بروئێنسك) کە جامعەشناسی (کۆمەڵناسیی) کوردی نووسیوە، ئەوە هەتا دکتۆرای فیزیکی بووەو فیزیکەکەی خۆی خستۆتە لاوەو دووبارە چووە زانستی کۆمەڵایەتیی خوێندووە، هەر لەبەرئەوە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە شتێ بکا، ئەمانە هیچیان نییە پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە نەبووبێتو مەسەلەی کوردی تیانەبووبێت، یان ژیان و هەڵوێستی کوردی تیانەبووبێت، ئەگەر تیای نەبووبێت من وەرم نەگێڕاوە.

**+ بۆچی هیچ کتێبێك لەوانەی لەسەر کوردو شۆڕشەکانین وەرناگێڕیتە سەر زمانی ئینگلیزیی؟**

ـ ئەسڵ ئەوەیە پیاو کتێب وەرگێڕێ بۆ سەر زمانی خۆی، ئەسڵەکەی ئەوەیە زمانی خۆی باش بزانێت، ئەگەر خەیاڵم بوایە کتێب وەرگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزیی ئەوە زۆر وشك ئەبوو.

**+ لەبارەی مێژووی شۆڕشی کورد چیت هەیە؟**

ـ ئەوانەشی دوورنەبووە لە مێژووی شۆڕشەکان، هەم خۆم نووسیومە، بۆ نموونە کتێبێکم هەیە بە ناوی (دادە شیرین) کە باسی شۆڕش دەکات، یان ئەوانەی ئەوروپاییەکان نووسیویانە لە زەمانی (عەبدولکەریم قاسمو نوری سەعید)دا شەڕو رووبەڕووبوونەوەکان لە روانینی ئەوانەوە کە لەوانەیە روانینی ئەوان غەڵەت بووبێت، من ئەوانەشم وەرگێڕاوە، لە ئێستاشدا بۆ نموونە (دکتۆر کۆشنەر) هەیە لە کابینەی فەرەنسادا لە مەسەلەی مافی مرۆڤو ئەوانەدا کاردەکات، ئەوانەی کوردەکانی دەوڵەتی تورکیاو عێراقیشە وەرم گێڕاوە.

**+ ئەو کتێبانەی وەریان دەگێڕییت هیچی لێ لا دەبەیت؟**

ـ لابردنو ئەوانەی تیادا نییە، هیچ لە کتێبدا لا نابەم.

**+ تا ئێستا رێگریی لە چەند کتێبت کراوە بۆ چاپ؟**

ـ هەر حکومەتێك کە دێت حەساسیەتێکی بە کۆمەڵێ کتێب هەیە، ئەڵبەتە لە زەمانی شادا لە بیرمە کتێبێکم وەرگێڕا بوو ناوەکەیم بیرناکەوێتەوە، لەو کتێبەدا کە دەربارەی دادگەرییە،

**لە زەمانی (شا)دا کتێبێکم وەرگێڕا بوو، کە دەربارەی دادگەرییە، وێنەیەك لە بەرگەکەی بوو تەرازوویەك بوو کە لایەکی چوو بووە ئاسمان و ئەویتریشی نیشتبووە سەر زەوی و پڕبوو لە ئێسقانی خەڵك، ئەوی تریش خاڵیی بوو، ئاماژە بوو بۆ زوڵم، بۆیە قەبوڵ نەکرا**

وێنەیەك لە بەرگەكەی بوو، تەرازوویەك بوو كە لایەكی چووبووە ئاسمانو ئەویتریشی نیشتبووە سەر زەوی‌و پڕبوو لە ئێسقانی خەڵك، ئەویش خاڵی بوو، ئامـاژە بـوو بـۆ زوڵم‌و ستەم، بۆیە قەبوڵ نەكرا، یان لە كاتێكدا كە پەیوەست بە شتێك بوایە وا لێك ئەدرایەوە، كە باس لە ئێران دەكات، پێموایە لای ئێوەش وابووە. بەڵام لـە زەمـانی جمهوری ئیسلامییدا ئازادیی زیاترە بۆ زبانی كوردیی.

**+ هیچ كتێبێكت بە كوردیی نییە؟**

ـ نەخێر.

**+ ناتوانی بینووسیت، تا لە كوردستانی عێراقیش سوودی لێ ببینرێت؟**

ـ بە كوردیی (٣ ـ ٤) كتێبم بڵاوبۆتەوە، یەكیان مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە وەریگێڕاوە بە ناوی (نزا بۆ ئارمێن)، كە كتێبەكەیان بۆ ناردبووم، بەڵام لێرە نەیاندامیێو بە دەستم نەگەیشت، داوای لێبوردن ئەكەم هەموویم بیر نییە، ماوەیەك لەمەوپێش شەوێك بێخەو بووم، حەبی خەوم خوارد، بەشێكی زۆر لە زاكیرەم لە دەستدا، بەڵام من بە ڕاستیی گلەییم هەیە، بۆ نموونە وەرگێڕێكتان هەیە بە ناوی غەریب پشدەریی، كتێبێكی وەرگێڕاوم كە خۆیشم دەیخوێنمەوە لێی حاڵی نابم، ئیتر خۆ من كوردم‌و لە ماڵی كورددا گەورە بووم.

**+ ڕۆژی (٨/١٢) لە تاران ئاهەنگێكی ڕێزلێنان بۆ جەنابت سازكرا، كە ئێمەش لەوێ بووین، فارسەكان زۆر ڕێزیان بۆ جەنابتان هەبوو كە قسەیان دەكرد، ئەوان خۆشەویستییان بۆ تۆ هەیە؟**

ـ فارسەكان میللەتێكی زەریفن، زۆر زۆر میللەتێكی دۆستن، ئەو ئاهەنگە كە (ئەنجومەنی مەفاخیری میللیی) سازی كردبوو، سەرۆكەكەی ئاغای (دكتۆر موحەقیق)ە، لەو ڕێزلێنانەدا بە سەرپەرشتی بڵاوكەرەوەی كتێبەكانی من كە ئینتشارانی (نگاە)ە خۆیان ستایشی منیان ئەكرد، ئەگەڕێتەوە سەر حوكمدان، منیش پێموایە ئەو حوكمدانە حوكمدانێكە لە جێی خۆیدا، چونكە بە ڕاستیی من ئەركم

کێشاوە بۆیان، ئەوان نەیانبووە، بۆ نموونە: تەئریخی ئەدەبیاتی یۆنانو ڕوسییان نەبووە، ڕەخنەی ئەدەبی ڕوسییان نەبووە، زۆری تریش کە هەمووی من نووسیومەو وەرم گێڕاوە، من مێژووی کوردستان، مێژووی خۆمانم بە زمانی فارسیی بۆ نووسیون.

**+ سەردەمی (حەمەرەشید خانی بانە)ت لە یادە؟**

ـ حەمەرەشید خان ئامۆزامە، چۆن لە کوردییدا دەڵێ فلان کەس ئامۆزامە، حەمەرەشید خان ناردمی بۆ تارانو لێرە دەرسم خوێند.

**+ چ یادگارییەکی ئەوکاتەی شاری بانەت لە یادە؟**

ـ حەمەرەشید کە شارەکەی سووتاند من لە تاران بووم، لە پێنجی ئامادەیی بووم.

**+ ئەی سلێمان بەگی بانە؟**

ـ وەڵڵا ئەمە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی باس دەکرێ، بنەماڵەی ئێمە (ئیختیارووددین)ن، لەو وەختەدا لە سەردەمی خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتابدا لەشکر دێت، لە دوورەوە سوڵتانی ئیختارووددین نامەیەك ئەنووسن بۆ خالیدی کوڕی وەلید کە ئێمە لە دوورەوە ئیسلاممان قبوڵ کردووە، لەشکر مەهێنن با شارو ناوچەکە قەرەباڵغ نەبێت، ئەویش وتوویەتی باشە، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئێوە بە مەیلی خۆتان قبوڵتان کردووەو تەسلیم بوون (٢٠) نەفەر سەرباز لێرە دائەمەزرێنمو کارم نییە بە سەرتانەوە، تەنها نانیان بدەنێ، ئەمانیش هاتوون و لە ئاخیریا فێڵیان لێکردوونو هەستاون (٢٠) نەفەرەکەیان کوشتووە، بۆیە دەوترێت بانەیی ئەسحابەکوژ، ئەمە مێژووی ئەوێیە بەڵام نەماوە.

**+ ببورە مامۆستا پرسیارێکی تایبەتییت ئاڕاستە دەکەین، هۆکاری چی بوو قاچێکت لە دەستدا؟**

ـ من لە ڕەزایە بووم، مانۆڕمان بوو، لەوێ گوللەیەك دەرچوو هەردوو پێمی پێکا، ئیتر قاچێکم ڕەش بووەوە، خەتەری ئەوە هەبوو بمرم، ئیتر بڕییانەوە، ئەوەی تریش بۆ خۆی چاك بووە.

**+ تۆ یەکێکی لەو زیندانیانەی کە لە سەردەمی (حەمە رەزا شا)دا بڕیاری لە سێدارەدانت بۆ دەرچوو، بەڵام دوایی کرایە زیندانی هەتا هەتایی، ئەوە چۆن بوو؟**

ـ ئەڵبەتە ئێمە (١٢) نەفەر بووین کە گیراین، حوکمی لەسێدارە دانمان هەبوو.

**+ لەسەر چی بوو؟**

ـ ئێمە ئەندامی حزبی (تودە) بووین، کە گیراین مەحکوم بە ئیعدام بووین، بەڵام من کەمئەندامی خزمەتی سەربازیی بووم، لە خزمەتدا وام لێهاتبوو، بۆیە (٨) ساڵ زیندان بووم، کاتێك پەروەندە (فایل)ەکان ڕۆیشتبووە بەردەستی (شا) کە دەبوو خۆی ئیمزای لەسێدارەدانی دەربکردایە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پەروەندەکەی مندا نووسرابوو کە لە خزمەتی سەربازییدا قاچێکی لەدەستداوە، ئیتر وەك شتێکی ئەخلاقیی (حەمە رەزا شا) ئیمزای خنکاندنی منی نەکردبوو، وتبووی با هەتاهەتایی حوکم بێت، دواییش کەم کرایەوە و پاش ئەو (٨) ساڵە ئازاد کرام.

**+ لە سەرەتای ئینقلابیشدا ماوەیەك لە پارێزگای کوردستان پارێزگار بوویت، چەندی خایاند؟**

ـ ماوەی (٤) مانگی خایاند، حکومەت ئەیویست کەسێك بێت بە دڵی بێت، کوردەکانیش ئەیانویست کەسێك بێت بە دڵیان بێت، هەردوولا لەسەر دانانی من ڕازییبوون، بەڵام من لە هەردوولا نارازییبووم، ئەو ماوەی (٤) مانگە پارێزگاری کوردستان (سنە) بووم، دوایی زانییم کەسیان بە قسەی من ناکەن، منیش وازم لێ هێنا.

**+ لەگەڵ حزبە نەیارەکانی ئێران پەیوەندییت چۆنە؟**

ـ من ئێستا تێکەڵاویم نییە لەگەڵیان، ئاغای (خومەینی) وەختێ هاتەوە بۆ ئێران، ئەبوو کەسێك کە دەبێ بەکاربەدەست، نابێ پەیوەستیی سیاسیی لەگەڵ کەس ببێت، دەبێ بێلایەن بێت، منیش کە چووم بۆ کوردستان، مانگێك درێژەی کێشا کە سەفارەشیان کردەوە وتیان ئاغای (خومەینی) ڕازییە تۆ ببی، منیش هاتم، لەو وەختەوە ئەسڵەن لایەنگیری سیاسیم نەبووە.

**+ ئەی حزبی توده؟**

ـ له حزبی توده‌دا ڕه‌فیقم بوون، زۆریش خۆشم ده‌ویستن.

**+ ئێستا وازت له بیری (توده) هێناوه؟**

ـ پیاو شتێك كه چووه مێشكییه‌وه‌و قه‌بوولّی كرد، ناتوانێت وازی لێبێنێت.

**+ ئه‌ی نه‌یاره سیاسییه‌كانی ئێستای ئێران؟**

ـ ته‌قریبه‌ن نیمانه.

**+ نا، بۆ نموونه كۆمه‌ڵه‌و دیموكرات تا چه‌ند ئه‌توانن خزمه‌ت بكه‌ن؟**

ـ من باوه‌ڕ ناكه‌م كه بتوانن خزمه‌ت بكه‌ن، بڕوام وایه كه ئێسته بێنه‌وه‌و خۆیان ده‌رخه‌ن، پیاو ئه‌گه‌ر بڕیار بێت له پالّه‌وه به گومان بن‌و خۆیشی به گومان بێت، ناكرێت زینده‌گیی بكرێت.

**+ ئێمه كاتمان گرتی، خۆشحاڵ بووین؟**

ـ زۆر سوپاستان ئه‌كه‌م، ئینشائه‌لّلا هه‌مووتان سه‌لامه‌ت ده‌بن. له‌و ڕێگه دووره‌وه هاتوون، هه‌موومان براین مه‌رزێكی ده‌ستكرد لێكی دابڕاوین.[١]

---

[1] ئه‌م دیداره له مالّی خۆی له شه‌قامی (شه‌هید به‌هه‌شتیی) له شاری (تاران) له ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٨ ساز دراوه.

ـ له ژماره (٢٩١)ی ڕۆژنامه‌ی (كۆمه‌ڵ) له ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٢ بلّاو كراوه‌ته‌وه.

### هونەرمەندی سینەماکار، دکتۆر قوتبەدین سادقیی:

# لە کوردستانی باشوور هیچم نەدیوە لە هونەر بچێت



دکتۆر قوتبەدین لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری سنە لە دایکبووە.

ساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی (تاران)، بەشی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی زانکۆ، پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن رووی لە وڵاتی (فەرەنسا) کردووە و ماوەی پێنج ساڵ لەو وڵاتەدا ماوەتەوە، لە زانکۆی (سۆربۆن) نامەی ماستەرو پاشانیش دکتۆرای وەرگرتووە. ساڵی ١٩٨٥ گەراوەتەوە بۆ ئێران، مامۆستای زیاتر لە دە زانکۆ بووە لە ئێران. ئێستاش لە زانکۆی (هونەری میعماری) وانەی هونەری شانۆ دەڵێتەوە، لە زانکۆی (بهشتی) وانەی ئەفسانەناسیی و مێژووی کۆن دەڵێتەوە، لە زانکۆی (سورە) وانەی دەرهێنەریی دەڵێتەوە، لە زانکۆی (تونەکابل) کە شارێکی باکووری ئێرانە هەفتەی رۆژێك وانە دەڵێتەوە.

**سالی ١٩٨٧ گرووپێکی شانۆیی دامەزراندووە، لە چل ئەندام پێکهاتووەو یەکێکە لە گرووپە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە، تا ئێستا چل شانۆگەرییان نمایشکردووە.**

**+ دکتۆر سادقی لە کەیەوە کاری هونەریی دەکەیت؟**

ـ هەر لە منداڵیەوە کاری هونەرییو شانۆیی دەکەم، بەتایبەتیش کە رۆشتمە زانکۆ لە تەواوی ئەو ساڵانەوە من دەست بە قەڵەم بووم، وتار، رەخنە، لێکۆڵینەوەم نووسیوە، نزیکەی (٢٠٠) وتاری زانستییم هەیە، (١٧) کتێبم وەرگێڕاوە، دەستەیەکم هەیە من سەرپەرشتیان دەکەم، بڕیارە (١٠٠) کتێب ئامادە بکەن، تا ئێستا (٥٥) دانەمان بڵاوکردۆتەوە، هەموویان لە فەرەنسیی، ئینگلیزیی و ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوە بە چاودێری من، لە بواری سینەما کارم کردووە، لە سێ چوار فیلم دا وەکو ئەکتەر رۆڵم بینیوە، لە چەندین سریالْ (زنجیرەفیلم) رۆڵم گێراوە، ئەمانە کاری ئەسڵی من نین، راستییەکەی کاتێکم پێیوستم بە پارە هەبێت ئەو رۆڵانە دەبینم، (بەپێکەنینەوە) هەروەها خۆم نزیکەی (١٠) کورتە فیلمم سازکردووە.

**+ گەر بکرێ ناوی ئەو سریالْ، یا فیلمانە بڵێی؟ کە وەك ئەکتەر رۆڵت تیا بینیون.**

ـ لە (کیف انگلیسی)ی، ئێوە پێی دەڵێن: جانتای ئینگلیزیی، گوهر شب چراغ، فوق سری، دادستان، گزارش یك قتل، زمان شوریدگی و کلاه پهلوی.

**+ هیچ بەرهەمێکت بە زمانی کوردیی هەیە؟**

ـ تەواوی کورتە فیلمەکانم بە زمانی کوردیین.

**+ بەشداریی هیچ فستیڤاڵو چالاکییەکی هونەرییت لە دەرەوەی وڵاتەکەتان کردووە؟**

ـ بەڵێ زۆر بەشدارییم هەیە، لە فەرەنسا پێنج جار، لە یۆنان سێ جار، دانەیەکیان نمایشکردنی فەرهەنگی کوردیی بوو، لە بلاڕووس یەکجار، لە ئەڵمانیا دووجار، لە هیندستان دووجار، لە ئیتالیا یەکجار، لە عێراق سێ جار، جارێك لە سلێمانی و دووجار لە هەولێر.

**+ حاڵی هونەری سینەماو شانۆی کوردیی چۆن دەبینیت؟**

ـ بە خوا شانۆکەمان باشترە تا سینەما، شانۆ پێویستی زۆری بە کەرەستە و خەڵکو پارەو پول نییە، کۆمەڵێك ئەتوانن کۆببنەوەو دەقێك بدۆزنەو و نمایشی بکەن.

بە داخەوە ئەیڵێم: کۆمەڵگای ئێمە هێشتا سوننەتیی (فۆلکلۆری) مۆدێرنێتەی وەرنەگرتووە، بەشێك لە مۆدێرنیتەی وەرگرتووە، نەگەیشتووەتە ئاستێك بتوانێت ململانێی وڵاتانی پێشکەوتوو بکات.

بە نیسبەت سینەما، ئەوە زۆر وێرانترە، ئێمە لە کوردستاندا (٥٠) سینەمامان نییە، کە خەڵك بچن بلیت بکڕنو سەیر بکەن، خۆشتان دەزانن سینەما سەرمایەیەکی زۆری دەوێت بەردەوام لە سوڕانەوەدا بێت، ئامادەکارێکی پارەدار نییە فیلمێکی کوردیی ئامادە بکات.

دەوڵەمەندەکانمان هاوکاریی کارەکان ناکەن، جەماوەریشمان نییە پشتی پێببەستین، نایەن بۆ سینەماو بلیت ناکڕن، دەنا بە پارەی بلیت سینەما لەسەر پێی خۆی رادەوەستێت، تەماشای سەتەلایت دەکەن، تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، وەلیٚ ئەوە پارەی تێناچێت، پاشان سینەما کەرەستەی گەرەکەو نێگەتیڤی گەرەکە، پۆزەتیڤی گەرەکە، لبراتۆری گەرەکە، ئێمە لە تەواوی کوردستاندا یەك دەزگای مونتاجمان نییە، نەکەرەستەمان هەس، نە ژێرخانمان هەس، نە ئەو خەڵکەی پاڵپشتی بکات، لە ئەنجامدا هەر ماوەیەك فیلمێك ساز دەکرێت، ئەویش هەوڵی تاکە کەسییە، شتێکی ستراتیژیی نییە، جەماوەریش هۆشیاریی نییە، ئەوکاتە جەماوەر هۆشیارە کە سینەماکەیان داخست خۆپیشاندان بکەنو نەیەڵن دابخرێت.

**+ ئەوا زانیمان سینەمای کوردیی لاوازە، بەڵام کەناڵی سەحەر زۆرێك لە فیلمە فارسییەکان دۆبلاژی کوردیی دەکاتەوە، پێت وانییە ئەوەش زیان لە سینەمای کوردیی بدات و تا ئەندازەیەك دوای بخات؟**

ـ به خوا تا زەمانێك ئێمە فیلمی کوردییمان نەبێت، ئەو ببێت باشترە، هیچ نەبێت با خەڵکەکەمان بە زمانی کوردی چوار فیلم ببینێت، من بڕوام وایە دەبێت خەڵکەکەکان عادەت بکەن بە فیلم بینینەوە، تا بۆیان دەبێتە پەروەردەیەکی جەستەیی، بۆیان دەبێتە خۆراکی رۆحی، تا وایان لێ بێت بێ فیلم بینن ژیانیان نەگوزەرێت، من ئێستا بێ کتێب خوێندنەوە ژیانم نییە، ئەگەر لە سێ رۆژدا کتێبێك نەخوێنمەوە قینم لە خۆم دێت، پەرێشانم، تەنگە نەفەسم دەبم، واتە هۆگر ببین، وەك موعتادەکان ئێمەش ئالودەی فیلم ببین. بۆیە هەرچیمان کردووە دەبێت مۆدێرنە ببەینە ناو کۆمەڵگای کوردەواری .

**+ جیهانبینیی‌و نێوەڕۆکی کارەکانی تۆ زیاتر چییە؟ چۆن قسە لەسەر نـاوەڕۆکی کارەکانی خۆت دەکەیت؟**

ـ ئەوە باش نییە لە شتی خۆم بدوێم، بەڵام تەواوی کارەکانم لەسەر ئەفسانەو مێژووی نەتەوەی رابردووە، بەتایبەت ئێستا لەسەر بەیت (سەرگوزەشتە) کوردییەکان کاردەکەم، بەیتی زەمبیل فرۆش، بەیتی شۆر مەحمودی زینگان، بەیتی سەیدەوان، بەیتی سوارە، تەواوی ئەمانەم کردووە بە شانۆ، حەزدەکەم شتێك دروست بکەم لەسەر شانۆی میلليی کوردیی، یەکێك لە ئەرکەکانی شانۆ ژیاندنەوەو زیندووکردنەوەی بەیتی سەرگوزەشتەکانی رابردووە.

**لە کارەکانی بەهمەنی قوبادی رازیی نییم، لەبەرئەوەی درۆی زۆریان تیادەکرێ، لە هەموو فیلمەکانییدا باس لەوە دەکات کورد شەل و کوێرو کەڕو زۆڵ و ئەوانەیە، بە نەزەری من ئاوێنەیەکی راستەقینەی کورد نییە**

**+ سەندیکا، یان رێکخراوێکی هونەریی هەیە کە هەمووتان لە خۆ بگرێت؟**

ـ بەڵێ هەمانە، خانەی هونەرمەندانمان هەیە، خانەی (تئاتر) شانۆمان هەیە، خانەی مۆسیقامان هەیە، خانەی نەققاشی‌و پەیکەرتاشیمان هەیە، من خۆم ئەندامی دەستەی

بەڕێوەبەری یانەی شانۆم، دیارە ئەمە تایبەت نییە بە کوردەوە، بەڵکو گشتییە، لە سەرتاسەری ئێراندا (٤٥٠) ئەنجومەنمان هەیە، هەر ئەنجومەنەی لە شارێکە، لە هەر شارێکدا نووسەر، دەرهێنەر، سنوگراف، (دیکۆر)... هتد، لەو ئەنجومەنی نمایشەدا ئەندامن، تەواوی شارەکانی کوردستان ئەو ئەنجومەنەیان هەیە.

**+ پەیوەندییتان لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستانی باشوور چۆنە؟**

ـ پەیوەندیمان زۆر باشە، چەندین جار بانگهێشت کراوین بۆ سلێمانیو هەولێر، لە سلێمانی شانۆمان پێشکەشکرد، لە فیستیڤاڵێکدا داوەر بووم.

لە هەولێر دەنگکراین، شانۆگەریی (سەردەمی بێتاوانیی)مان نمایشکرد، کە تایبەتە بە کوردستانی ئێوە ـ کوردستانی باشوور ـ، دیسانەوەش بانگهێشت کراوین، دیارە (کاك فەلەکەدین) گەورەیی کردووە، بانگهێشتی کردووین، تا دوو سێ مانگی تر دێین بۆ کوردستانی باشوور.

**+ لەسەر دەستی تۆدا کام هونەرمەندی دیار پێگەیشتووە؟ مەبەستم ئەکتەرەکانە چ کورد، چ فارس؟**

ـ ئەوە زۆر زۆرە، ئەوەی لە یادم بێت (مهرانی مدیریی، ئەسلانی، رەزا عەتتاران، سلێمانیی، حیکمەتوڵڵای رازیی) زۆر کەسی تر من ناوەکانیانم نایەتەوە یاد چونکە زۆرن.

**+ لە کوردستانی باشوور، بانگهێشت نەکراویت لە زانکۆو پەیمانگاکان وانە بڵێیتەوە؟ یان خولی پێگەیاندن بۆ هونەرمەندانو ئەکتەران بکەیتەوە؟**

ـ بۆچی نا، جارێك هاتم بۆ سلێمانی، (١٥) رۆژ لەوێ بووم، کۆڕم بۆ گرتن ئەوانەی بەشدارییان کرد تەمەنیان هەبوو، یەك دوو جاریش چووم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان، شت زۆر وترا، وەلێ هەر قسە بوون، نەچوونە بواری کردارەوە، (١٥) رۆژیش چووم بۆ هەولێر لە چوارچرا کارم بۆ کردن بە بێ بەرانبەریش، هەر بە خۆڕایی کارم بۆ کردن، ئیتر

دوایی هاتمەوە، داوایان دەکرد بچم لە زانکۆ دەرس بڵێمەوە لە شاری هەولێر، کەچی هەمووی تەنها قسەبوو، کرداریی نەبوو.

**+ لەسەر ژیانی سەرکردەکانی کورد چ کارێکت کردووە؟**

ـ کارم هەیە وەلێ تەواو نەبووە، لە کاتی خۆیدا ئاشکرایان دەکەم، لەسەر ژیانی پێشەوا قازی محەمەد، لەسەر ژیانی مەلا مستەفای بارزانیی خوا لێیان خۆشبێ کارم هەیەو تەواوم نەکردووە.

**+ کۆمەڵێك ئەفسانە هەن کوردو فارسو گەلانی تر تیایدا هاوبەشن، وەك کاوەو ئەژدەهاك، رۆستەمو زۆراب، شیرینو خوسرەو... هتد کارت لەسەر ئەمانە نەکردووە؟**

ـ لەسەر رۆستەم کارم کردووە، دیارە لەسەر چیرۆکی حەوتخوانی رۆستەم کارم کردووە، لەسەر (جەم) کارم کردووە، لەسەر (عیرفان) لەسەر (مەنزومەی نیزامی) کارمکردووە، ئێوە دەزانن کە دایکیشی کوردە، نیزامی گەنجەویی دایکی کوردەو گەورەترین کتێبیشی لەسەر خاکی کوردستانە (شیرینو خوسرەو) کە لە خاکی کرماشانە، لەسەر (باربەر) مۆسیقاژەنە گەورەکەی خوسرەویش کارم کردووە، کە بە هەورامیی ئاوازی چڕیوە، بەڵام تەواوی زیکرو فیکرم بەیتەکانە کاری لەسەر بکەم، ئێوە نازانن چەن گەورەو پڕ ماناو بەنرخن، من زۆری کارەکانم لەسەر ئەوبەیتانەیە.

**+ باسی کتێبە وەرگێڕانەکانو وتارەکانت کرد، ئەی چەند شانۆو دەقت هەیە، چەند فیلمت هەیە؟.**

ـ چلو دوو شانۆم نووسیوە، وەکو دەرهێنەر (٣٦) شانۆم دەرهێناوە، (١٠) کورتە فیلمیشم دەرکردووە، حەوت شانۆشم رێی لێگیراوە، هەرگیز کاتی خۆم ناکوژم بەردەوام خەریکی کارم، (٨) کتێبی شانۆنامەیشم لەژێر چاپدایە، جگە لەوانەی باسمکرد چاپکراون.

**+ بەهمەنی قوبادیی ئێستا ناوێکی چالاکی بواری سینەمای کوردییە، ئێوە چۆن لە بارەیەوە دەڵێن؟**

ـ وەڵڵا لێی رازیی نییم، لەبەرئەوەی درۆی زۆری تیاکراوە، دوا فیلمەکەی (کیسەڵەکان دەفڕن) ئەوە باسی خیانەتی سەرکردە کوردەکان دەکات، بە ئاشکرا دەڵێت: "سەرکردەکانی کورد خائینن، ناپاکن"، لە هەموو فیلمەکانییدا باس لەوە دەکات کورد شەلو کوێرو کەڕو زۆڵو ئەوانەیە، بە نەزەری من ئاوێنەیەکی راستەقینەی کورد نییە، دوای ئەو هەموو کوشتنو کۆچو بەدبەختیو هەژارییەی کورد، کورد هەرماوەتەوە، چی وای کردووە کورد بمێنێتەوە؟! ئەشێت تۆ باسی ئەو شتە بکەیت، ئەم کوردە خاوەنی شارستانییو فەرهەنگو ئەرزشی زۆر گەورەیە، دوای هەزاران ساڵ لە کوشتنو بڕین بەو هۆیەوە ماوەتەوە، دەبێت تۆ ئەمانە پیشان بدەیت، بەهمەنی قوبادیی یەك دانە لەمانە باس ناکات، تەنها سەرشۆڕییو هەژارییو بەدبەختییو کوێرییو ئەمانە پیشان ئەدات، شتێك کە هێزی فەرهەنگی کوردیی تێدایە ئەو پیشانی نادات، ئەم کوردە لە ژێر چەپۆکی عوسمانییو سەفەوییو عەرەبدا مایەوە، ئەو خاڵە گرنگە چییە نەیهێشت کورد بتوێتەوە؟ دەبێت ئەوە کاری لەسەر بکەیت، من لەم فیلمەدا (زەمیل فرۆش) کارم لەسەر ئەوە کردووە، کورد هێزی فیکری هەیە، فەلسەفەو عیرفانی کورد لە هیچ گۆشەیەکی ئێراندا وێنەی نییە، کاکە تەفەکوری عیرفانییمان هەیە، دە ئەوانە بخەرە ڕوو، لەبەرئەوە کارەکانیم بە دڵ نییە.

**+ ئەو قوتابیی تۆ نەبووە؟**

ـ وەڵێ ئەفسوس.

**+ چەند لە کارە هونەرییەکانی کوردستانی باشوور رازییت؟**

ـ هیچم نەدیوە ناوی هونەربێت، ئەوەندە سەرتان قاڵە بە سیاسەتو ژورنالیست، هونەرەکەتان لەبیرچووەتەوە، ئێوە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تەواوی کوردستانتان بەدەستەوەیە، پارە، حکومەت، راگەیاندن، ئاسایش، هەموو شتێ، هیچیشتان دیار نییە، خۆ نابێت هەموو شت گۆرانییو هەڵپەڕکێ بێت، ئەویش بەرێی خۆی، بەڵام شانۆ، فیلم، سینەما، هیچتان نییە کە من بیبینم، چەند زنجیرە فیلمێکم دی زۆر کرچو کزو نزم

بوو، ناوی کەس نابەم، هەمووی هەروایە، باشە (هونەر سەلیم) بۆ نایەتەوە لە کوردستان فیلم بکات، بۆهەر لە ئەوروپا کاردەکات.

**+ هەست ناکەیت کورد فەرهەنگە هونەرییەکەی خۆی فەرامۆش کردووە؟ وەك شمشاڵو دەفو ئەوانە؟**

ـ با، دەبێت ئێمە لە زانکۆ ئەو هونەرانە بخوێنین، کەچی نییە، دەتوانم بڵێم: لەم کوردستانی رۆژهەڵاتە تەنها سێ چوار شمشاڵژەنی باشمان هەیە، دەی توخوا بۆ میللەتێك سێ چوار شمشاڵژەن چییە؟ بە راستیی بواری هونەر لاوازو فەرامۆش کراوە، هیوادارم بە هەردوولا کوردستانی ئێمەو ئێوە، ئاگاداری هونەر بینو هاوکاری یەکتر بین، بە راستیی زۆرم پێخۆشە کە لە کوردستانی باشوور بانگهێشتمان دەکەن، با پەیوەندیمان بەهێزبێت، چـاومان لە یەکتر بێت، ئاگاداری یەکتر بین.[١]

---

[1] ئەم دیدارە لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٣ لە نووسینگەکەی خۆی لە شەقامی (فەڵەستین) لە شاری (تاران) ساز دراوە.

ـ لە ژمارە (٢٩٠)ی رۆژنامەی (کۆمەڵ) لە رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٥ بڵاو کراوەتەوە.

نووسەرو لێکۆڵەر، دکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمیی (شەپۆل):

# ئەگەر پیتی کوردیی بگۆڕێت بۆ لاتینی هیچمان بۆ نامێنێتەوە



ـ ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە دایکبووە.

ـ لە سەر دەستی باوکی و کاکی دەستی بە خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان کردووەو دواتر بە فەقێیەتی زۆر ناوچەی ئێران گەراوە، تا لە کۆتاییدا لەسەر دەستی مەلا حسێنی مەجدی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

ـ ساڵی ١٩٥٧ بووە بە مودەڕڕیس و پێشنوێژی خانەقای نەهری لە شاری مەهاباد، ساڵی ١٩٦١ ماڵی دەچێتە شاری تاران، هەر لەوێ لە زانکۆ دەست بە خوێندن دەکات، تا خوێندن تەواو دەکات و بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت، پاشان لە زانکۆکانی (علوم قضائي و خدماتی اداری)و (آزاد اسلامی)و (مذاهب اسلامی) دەبێتە مامۆستا، ئێستا خانەنشینەو لە شاری تاران دادەنشێت.

ـ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆڕی کوردانی تارانە.

**+ مامۆستا تۆ قورئانی پیرۆزت تەرجەمە کردووە بۆ زمانی کوردیی، ماوەی چەند ساڵ خەریکی ئەو پرۆژەی تەرجەمەیە بوویت؟**

ـ ئەوکاتەی لە (خانەقای نەهری) لە شاری مەهاباد پێشنوێژبووم، لەبەرئەوەی خانەقا شوێنێکی خۆش‌و دڵگوشاد بوو، هەروەها لەناو دڵی خەڵکی ئەوێ پایەیەکی خۆی هەبوو، عەسران خەڵك لە دەورم کۆدەبوونەوە، منیش مەوعیزەم بۆ دەدان، هەرجارێك لای خۆم ئایەتێکم دیاریی دەکرد، لەسەر ئەو ئایەتە مەوعیزەم بۆ دەدان، کاتێك هاتمە شاری تاران تەماشامکرد کتێبی تەفسیرو تەرجەمەی قورئانی زۆرم بینی، ئیتر ئەوەش زیاتر هانیدام و بوو بە پاڵنەرێکی باش بۆم، ئەوەش بڵێم: لەم پرۆژەی تەرجەمەیەدا چیرۆکێکی سەیر هەیە بۆتان باسبکەم، من کتێبێکم دەستکەوت بە ناوی (نەزانی مزگانی کوردی) کاتی خۆی کابرایەك بە ناوی (دکتۆر سەعیدخانی کوردستانی) دەبێتە مەسیحیی، ئەو کابرایە هەر چوار بەشەکەی ئینجیلی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردیی، منیش لە زەمانی (شا)دا قورئانەکەم تەرجەمەکردو بە چاپی دەستیی نووسیمەوە، لەگەڵ ئەو کتێبەدا هەردووکیانم برد بۆ لای وەزیری (فەرهەنگ) کە ناوی (پەهلبوود) بوو، زاوای حەمە رەزا شا بوو، ئینجیلەکە لە پاش دەساڵ لە کودەتای (رەزا شا) کەنیسەی مەسیحی لە شەقامی (قەواموسەڵتەنە) لە تاران چاپی کردبوو، وتم: ئەو ئینجیلەم هێناوە، تەماشای بکە، دیارە ئەو کوردیی نەدەزانی، تا بیخوێنێتەوە، بەڵام پێشەکییەکی بە فارسی بۆ نووسرابوو، بەخێرایی چاوی پێداخشان، دواتر دایناو پرسی، کارت چییە؟ وتم: ئەو قورئانەم تەرجەمە کردووە، ئەگەر لوتف بفەرمووی چاپی بکەی، راستیەکەی من بۆیە قورئانم بۆ کوردیی وەرگێڕا بۆ ئەوەی زمانی کوردیی تێکەڵ بە زمانی قورئان بێت، بەرەکەت پەیدا بکات‌و پێی گەورە ببێت، بەڵام بۆ ئەوەی بۆم چاپ بکەن وتم: بە (پەهلبود) قوربان ئەم ئینجیلە بۆیە کراوە بە کوردیی تا خەڵکی بانگ بکات بۆ سەر ئایینی مەسیحیی، منیش بۆیە قورئانەکەم وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردیی، بۆ ئەوەی خەڵکیی لەسەر ئایینی ئیسلام بمێنێتەوە، بەڵام ئەو وتی: من ناتوانم بۆت چاپ

بکەم، وتم: بۆچی؟! هۆکارەکەم پێبڵێ، دیاربوو هیچ بەڵگەیەکی نەبوو، وتی: ئێمە کوردیی بە زمان ناناسین، بەڵکو بە شێوە زار دەیناسین، کوردیی زمان نییە، تەنها شێوەزار (لەهجە)یە، هەرچی شێرو رێوییم بۆ هێنایەوە، چەند لێی پاڕامەوە سوودی نەبوو، وتی: گوێ بگرە، ئەگەر ئێمە ئەو تەرجەمە کوردییەی قورئان چاپ بکەین، ئەوا زمانی کوردیی پیرۆزیی پەیدا دەکات، گەورە دەبێت، بەرەسمیی دەبێتە زمان، ئەوکاتە کێشەیش بۆ زمانی فارسیی دەنێتەوە، بۆیە بۆت چاپ ناکەین، ئەو کتێبە مایەوە تا ئینقلاب کرا، خۆتان دەزانن پاش ئینقلابیش بە داخەوە شەڕ پەیدا بوو، کاتێك کۆتایی بەشەڕی عێراق ـ ئێران هات گۆڤاری (ئاوێنە) لێرە دەرچوو، من نەخۆشبووم رۆژێك ئەوان هاتن بۆ لام، باسیی ئەو کتێبەم بۆ کردن، پێشتر بە دەوڵەمەندە کوردەکانم دەوت کاکە ئەم کتێبەم بۆ چاپ بکەن، دڵنیابن تەنها خێری دوارۆژی تێدانییە، چۆن چاپیی فرۆشی، فەرش فرۆشی قازانجی ماڵیی تێدایە، ئاوا ئەمیش قازانج دەکات، وەلێ کوردەکەی خۆمان گوێیان بە فەرهەنگو زمانو ئەو شتانە نەدەدا، دیارە لە صەدری ئیسلامدا کورد وانەبوو، واقیعەن کورد زانستی ئیسلامی بوژاندەوەو نووسییەوەو پەرەی پێدا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەمانە کوردیان فەرامۆش کردو کوردیش لە زانست دوورکەوتەوە، بۆ ئەوانم گێڕایەوە، وتیان بیدە بە ئێمە بۆت چاپ دەکەین، بەڵێ بردیان، ئەوانیش یازدە ساڵ هێنایانو بردیان پاش یازدە ساڵ، ساڵی ١٩٩٧ بە تیراژی پەنجا هەزار چاپیانکرد، بەڵام بەداخەوە لە چاپی دووەمدا بەبێ ئاگاداری من دەستکاریی مانای ئایەتی (١٠٦)ی (آل عمران)یان کردبوو، من نووسیومە قاچەکانتان بشۆن، ئەوان کردوویانە بە

**کابرایەکی مەسیحیی کە بە قەڵەمی خۆی شەڕی خاچپەرستانی نووسیوە، دەڵێت: سەلاحەددینی ئەییوبی بە عەقڵ و مەعریفەت و مرۆڤدۆستانەی خۆی ئێمەی لە ئۆرشەلیم کردە دەرەوە.**

قاچەکانتان مەسح بکەن، زۆرم لا ناخۆش بوو، شکاتم لێکردن، ئەوەبوو ئەوان مەحکوم بوون، ئێستەش بەڵگەنامەکانی دادگام لایە.

**+ کێ دەستکاری کردبوو؟**

ـ ناشرەکە دەستکاریی کردبوو، کە پێی دەڵێن: ستادی مەنتیقە دووی تەبلیغاتی ئیسلامیی.

**+ جگە لەم کتێبە چەند کتێبی ترت نووسیوە کە چاپکرا بێت، چەندیشت ئامادەی چاپە؟**

ـ عەرزتان بکەم (١٩) کتێبی ترم چاپکردووە، ناکرێت ناوی هەمووی بڵێم هەروەها (٢) کتێبم بە ناوەکانی (تەفسیری سورەی یوسف)، وەرگێڕانی کتێبی (مشكاة الأنوار)ی ئیمامی غەزالیی، ئامادەی چاپن، کتێبێکیشم بە دەستەوەیە بە شێوەی دائیرەتولمەعاریف هەندێکم لێنووسیوە.

**+ وەك بیستوومانە پاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆ یەکەم گۆڤاری کوردییت دەرکردووە، ئەو گۆڤارە ناوی چیبوو؟**

ـ بەڵێ، لە زەمانی شەڕی عێراق ـ ئێراندا دەرم کرد، ناوی (گرشەی کوردستان) بوو، بەهۆی ئەو شەڕەوە زۆر قورسبوو، دابەش نەدەکرا، تەنها (٩) ژمارەی لێدەرچوو، پاش (٩) ژمارە وەستاندم.

**+ ئاستی رۆشنبیریی‌و فەرهەنگیی کورد لە ئێراندا، لە هەڵکشان، یان لە داکشاندایە؟**

ـ خۆشبەختانە ئێستا لە کوردستاندا بە هۆی ئەوەی زانکۆمان زۆرە لە پێشڕەوییدایە، لە زەمانی (شا)دا لە کوردستان زانکۆ نەبوو، وەلێ ئەمڕۆ لە کرماشان، سنە، ورمێ، مەهاباد، سەقزو بۆکان، زانکۆ هەیە، شانبەشانی زانکۆکانی فارس‌و تورکنشین، رۆڵەکانی کورد بەشدارن، بۆیە ئێستا کەسایەتیی نووسەرو رۆشنبیری

گەورەمان هەیە، ئەهلی قەڵەم‌و خوێندەواری باشمان هەیە، چاوەڕوانی ئاییندەیەکی گەش لە ڕۆڵەکانی کوردی ئێران دەکەم.

**+ هەست ناکەیت کورد کەمتەرخەمە لە نووسینەوەی مێژووی خۆیدا؟**

ـ سەد دەرسەد وەهایە، ئیمامی غەزالیی دەڵێت ئیسلام لەسەر چوار پایە وەستاوە، سیان لەو پایەبەرزانە کوردن، کە بریتین لە زانای ئامەد، دەینەوەر، شارەزوور، ئەگەر خودا ئەو سێ زانایەی بۆ ئیسلام نەناردایە، ئیسلام ئاوا پەرەی نەدەسەندو پێشنەدەکەوت.

کوردەکەی ئێمە بە گیان‌و بە دڵ چوونە ناو ڕۆحی ئیسلامەوە، لە ئەنجامدا بە هۆی سەرقاڵی‌و گرنگیدانیان بە زانستە ئیسلامییەکانەوە، مێژووی خۆیان فەرامۆش کرد، کورد ڕۆڵی گەورەی لە ئیسلامدا بینی، چ دوێنێ، چ ئەمڕۆش، لە مێژووی هاوچەرخدا گەورەترین قورئانخوێن کوردە، مەبەستم شێخ عەبدولباست عەبدولسەمەدە، قەڵەم بەدەستە گەورەکانی میسر هەر کوردی تێدایە، وەك ئەحمەد شەوقیی، ئیتر ئاوا مێژووی خۆیان نەنووسییەوە، تەنانەت مێژووی سەلاحەددین ناکورد نووسییەوە.

**+ باسی سەلاحەددینت کرد، ئەمڕۆ هەندێك کەس پەیدا بوون، سەلاحەددین بە جێگەی شانازیی کورد ناناسن، بەڵکو پەنجەی تۆمەتیشی بۆ درێژ دەکەن، ئێوە پێتان وایە ئەو بیرۆکەیە ڕاستە، یان پێـتوایە بێویژدانی تێدایە؟**

ـ با بە قسەی ئایەتوڵڵا مەردۆخی دەس بە وەڵامەکەم بکەم، لە ڕاستییدا ئایەتوڵڵا مەردۆخی عەجوبەی زەمان بوو، ئەو دەڵێت: کورد کاتێك کورشی بانگ کردە ئەکباتان (هەمەدان) کە پایتەختی مادەکان بوو، قاپییەکەی دۆڕاند، لە دواییدا لەسەدەی چوارەم کابرایەك پەیدابوو بە ناوی (حەسنەوەی) دواتر (بەدر) بیری کوردایەتی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان داڕشت، دوای ئەوان (سەلاحەددین)، مەردۆخی سەلاحەددین بە بوژێنەری نەتەوەی کورد دادەنێت. پێیوایە سەلاحەددین جێگەی شانازییە بۆ جیهانی ئیسلامیی، ئاواش جێگەی شانازییە بۆ هەموو نەتەوەی کورد، ئەمە وەکو قسەی گەورە

پیاوێکی خۆمان، بەڵام دەڵێن: فەزیلەت ئەوەیە (دیگران) خەڵکانی تر باسی چاکەت بکەن، کابرایەکی مەسیحیی کە بە قەڵەمی خۆی شەڕی خاچپەرستانی نووسیوە، دەڵێت: سەلاحەددینی ئەییوبی بە عەقڵو مەعریفەتو مرۆڤدۆستانە ئێمەی لە ئۆرشەلیم کردە دەرەوە، بۆ خۆی بە دوومان دەکەوت سواری کەشتیی دەکردین، کڵێساکانمانی ئاوەدان دەکردەوە، مافی قەشەو مەترانەکانی دیاری دەکردو بە پاسەوانە کوردەکانیشی دەوت ئاگادارییان بکەن، پاشای فەڕەنساو ئینگلیزو ئەڵمان بە خۆیانو سەربازەکانیانەوە هاتبوونە ئۆرشەلیم، ئەو کابرا مەسیحییە دەڵێت: یەکێك لە کوڕەکانی سەلاحەددین وتی: بە باوکی، قوربان ئەوان لەوسەری دونیاوە هێرشیان بۆ سەر ئێمە هێناوە، مۆڵەت بفەرموو با هەندێك لە دیلەکان بکوژین، سەلاحەددین وتی: نەخێر ئەوانیش مرۆڤن، مافی ژیانیان هەیە، تو چووزانیت لای خودا نرخی ئەوانە چۆنە، با موسڵمانیش نەبن، خۆ وەك ئێمە ئادەمیزادن، دەڵێت: ئەو قسانە بوونە هۆکاری ئەوەی ئێمە لەگەڵ سەلاحەددین ڕێکبکەوینو ناوچەکەی بۆ چۆڵ بکەین. ئەگەر تەماشای بکەیت دەبینیت زۆربەی زۆری قازییو پلە دارەکانی کورد بوون، بۆ نموونە قازیی ئیبن خەلەکان، بەرپرسی سەربازییو مەدرەسە ئایینییەکانی زۆربەیان کوردبوون، ئەوەندەی سەلاحەددین و خانەوادەکەی ئەو، مزگەوتو قوتابخانەی ئایینییان بوژاندەوە، ئەوەندە عەرەب پێینەکراوە، ئەوە دوو کتێب لە کتێبخانەکەی مندایە بە ناوەکانی (ئەعلامی زارەکلی)و (موعجەمولئەعلام)ی (عومەر رەزا کەحالە) پڕن لەو قسانەی لەسەر سەلاحەددینی ئەییوبی باسکراون، بۆ نموونە ئەگەر لە جەنگێکدا سوپاکەی تێکبشکایە، دەچوو سەرلەشکرەکەی دەگۆڕی بۆ کەسێکی کورد، دەیوت: بۆیە تێکشاون کورد نەبووەتە سەرلەشکر، هەرکەس قسە بە سەلاحەددین بڵێت، قسەی بە خۆی وتوە، خۆی بچووك کردۆتەوە.

**+ له کوردستانی باشوور هەوڵێك بۆ گۆڕینی ئەم ڕێنووس‌و پیتە کوردییەی ئێستا هەیە، بۆ پیتی لاتینی، کورد کاروانە ڕۆشنبیرییەکەی پێش دەکەوێت، یان لە دواپلەی پەیژەکەیدا مارەکە دەیخوات‌و دەگەڕێتەوە خاڵی سفر؟**

ـ ژیان تەجرەبەیە، دەبێت لە ئەزموونی یەکدی کەڵك وەربگرین، ئێمە پێمان خۆشبێت‌و پێمان ناخۆشی بێت کوردیی‌و فارسیی یەك ڕیشەی هەیە، ڕۆژێك بە فارسێکم وت: ئێوە دەڵێن لەب، ئێمە دەڵێین لێو، ئێوە دەڵێن: سیب ئێمە دەڵێین سێو، ئێوە دەڵێن: ئاب، ئێمە دەڵێین ئاو، ئێوە دەڵێن: دەست، ئێمە دەڵێین دەس، هەمووی یەك ڕیشەی هەیە ئەم نموونەیەم بۆیە هێنایەوە، لە زەمانی ڕژێمی شادا ویستیان ئیملای فارسیی بگۆڕن بۆ لاتینی، هەرزوو بەرپەرچی درایەوە، وتیان ئەگەر وا بکەین وەك وڵاتی تورکیامان لێدێت تەواوی کولتوورو فەرهەنگی پێشووی خۆیان لەدەستدا، جا من لە ساڵی ١٣٧١ی کۆچی هەتاوی ڕۆیشتم بۆ تورکیا لە ئەستەمبوڵ چوومە سەر گۆڕی عەبدوڵڵا ئەنساریی، تابلۆیەکی ژیانی لەسەر بوو بە زمانی عەرەبیی نوسرابوو، من دەمخوێندەوە تورکەکان لێم خڕبوونەوە، دەیانوت خۆشبەحاڵت تۆ لێی تێدەگەیت، وەلێ ئێمە نازانین چی لەسەر نووسراوە، جا ئەگەر کوردیش پیتە کوردییەکەی خۆی بگۆڕێت، دەبێت دەست لە دیوانی شاعیرانی وەك: مەلای جەزیریی، ئەحمەدی خانیی، عەلی هەریریی، عەلی تەرەمەخیی، مەلا پەرێشان، وەفایی، میرنەورۆزی لوڕستانیی، بێسارانیی، مەولەویی، سەیفولقوباد.. هتد، بەربدەین، ئەمەش ناکرێت خۆ هیچمان بۆ نامێنێتەوە هەرچی کتێبمان هەیە لە بەین دەچێت، من بە هەموو شێوەیەك دژی ئەوەم نابێت بیگۆڕین، دەبێت سوود لە ئێران وەربگرین چۆن ئەو نەیگۆڕی، ئێمەیش نەیگۆڕین.

**+ ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە بواری ئەفسانەو پەندو بەسەرهات، تۆ لەو کولتوورو کەلەپورە زۆرەدا هیچت کۆکردووەتەوە تا لە دوو توێی کتێبێکدا بیانپارێزیت؟**

ـ کاتی خۆی ئۆسکارمان کە گەڕیدەیەکی بیانیی بوو، هاتووەتە مەهاباد کۆمەڵێك بەیت‌و باوی لە دەمی شاعیرەکان کۆکردووتەوەو چاپیکردووە، دواتر کۆمەڵێك لێکۆڵەر

لە لاتینییەوە هێنایانە سەر زمانی کوردیی، هەروەها عوبەیدوڵڵای ئەیوبییان داستانی مەموزینی ئەحمەدی خانیی هێنایە سەر زمانی کوردیی، پاشان مام هێمن (توحفەی موزەفەرییە)ی بە تەواوی هێنایە سەر زمانی کوردیی، ئەمانە کورد نەینووسیون، بەڵام باپیری من (حاجی مەلا محەمەدی خەلیفە بەها) لە کاتی خۆیدا دەیان شیعری بە کوردیی نووسیوە، جگە لەوەی بە فارسیی و عەرەبیش هەیبووە، هەروەها کتێبی (سەفەرنامەی حەج)ی بە کوردیی نووسیوە، کاکم کتێبی قارەمانانی کوردی بە کوردیی نووسیوە. وەکو خۆم کتێبێکم بە ناوی (باوی کوردەواریی) چاپکردووە، کە کۆمەڵێك بەسەرهاتی فەقێیەتییم کۆکردۆتەوە، کتێبێکی ترم بەناوی (کۆزاری فەرهەنگی زمانی کوردیی) دووجار چاپکراوە.

کاتێکیش قورئانم وەرگێڕا بۆ سەر زمانی کوردیی مەبەستێکم هەبوو زمانی کوردیی پێبپارێزمو کەس زاتی ئەوەی نەبێت دژایەتی بکاتو قەدەغەی بکات، ئەوەشم لەوەوە بۆ هات کاتی خۆی کابرایەکی دانشمەندی مەسیحی بەناوی (دونێر) دەڵێت ئێمە زمانی کۆنمان هەیە کە ئینجیلی پێنووسراوە، رۆشنبیرو ئەهلی قەڵەمەکانمان هاتن زمانی ئینجلییان کردە زمانی خۆمان بۆ ئەوەی زمانەکەمان پیرۆزیی پەیدا بکات، ئەو قسەیە زۆر کاری لەسەر من هەبوو، بۆیە منیش قورئانم تەرجەمەی کوردیی کرد، ئێمەی کورد فەرهەنگی کۆنمان هەیە، ئەگەر تەماشای کتێبە زانستییەکان بکەین، بۆ نموونە کەسێك هەبووە بە ناوی (ماسی سۆراتی) ئەم کابرایە بەر لە ئایینی ئیسلام، بەر لە پەیدابوونی خەتی مێخی، کتێبی نووسیوە بە زمانی کوردیی هەر بە ئەم ئەلفو بێیەی ئێستا نووسیویەتی، هەروەها بەر لە ئیسلام ئیبنونەفتییە کتێبێکی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی تەرجەمە کردووە، کە لە بواری ئاوناسییو زەویی بایەردا نووسراوە، واتە ئەو زەوییەی نەکێڵرابێت.

من باوەڕم وایە ئەو کتێبانەی لە بەغدا مەغۆلەکان کردیانە رووباری دیجلەو دیجلەی رەش کرد هەمووی ئەو کتێبانە بووە کە لە سەردەمی مادو ساسانییەکان کورد

نووسیویەتی، ئەو کارەساتە وای کرد سەعدی شیرازی ئەوکاتە لە بەغدا نیشتەجێ بوو شیوەنی بۆ بکات، پاشان مەغۆلەکان گرتیان و شەللاقیان لێداو ئەویش دواتر هەڵات بۆ شیرازو لەوێ نیشتەجێ بوو.

ئێمە وشەی (شین)مان هەبوە، شین بە مانای رەنگ نا، بە مانای (کبود) هەبوو، باباتاهیری عوریان کە یەکەم شاعیری کوردی زاگرۆس نشینە کە بە زمانی کوردیی شیعری نووسیوە، دەڵێت: بشەم، واشەم، ئەورۆ دەڵێن شاندی، مەولەویی دەڵێت: دیدەی سەر ئەرشین، دیدەی سەرکاف، شین واتا رۆیی، مەولانا خـالیدی نەقشبەندیی دوای ئەوان هاتووەو دەڵێت: (وەسێزدەهەنی ئەو خۆر جەبینە، راهی بوو شین وەمەدینە) واتە لە سێزدەی رەبیعولەئەوەل پەیامبەر (درودی خوای لێبێت) رۆشتە مەدینە، (شین) یانی رۆشتن، شین بۆ کۆیە، شی بۆ تاکە دەبو بیویتایە (شی وەمەدینە)، چونکە محەمەد (تاکە)، بەڵام دەڵێت شین، بۆ عەزەمەتو مەزنی بۆ حەزرەتی محەمەد (درودی خوای لێبێت) وای وتووە، مەبەستم ئەوەیە زۆر شت هەیە فەوتاوەو زۆریشی هــەیە لە مەترسی لەناوچووندایە، دەبێت کورد خەمی بخوات، کۆی بکاتەوەو بیپارێزێت. ئەوکارانەی باسمکردن ئەوانەم پێکراوە کەسانی تریش هەن خەمی دەخۆن.[1]

---

[1] ئەم دیدارە لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٤ لە شەقامی (وەلیعەسر) لە شاری (تاران) لەماڵی خۆیان ئەنجام دراوە.

ـ لە ژمارە (٣٠٠)ی رۆژنامەی (کۆمەڵ) لە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١ بڵاو کراوەتەوە.

پارێزەر، دوکتۆر ساڵحی نیکبەخت:

# یەکەم کەس بووم هەواڵی لەسێدارەدانی (لەیلا قاسم)م بڵاو کردەوە



ـ ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی (چنارتوو)ی سەر بە شاری (سەقز)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایك بووە.

ـ چەند ساڵێك لای باوکی کە مەلا بووە لەو گوندە وانەی ئایینی خوێندووە.

ـ خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و ئامادەیی لە سەقز تەواو کردووە.

ـ لە شاری تاران لە (حقوقی قەزایی) بە پلەیەکی بەرز وەرگیراوە.

ـ بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە شاری (تاران) وەرگرتووە.

- ساڵی ١٩٧٤ دوو مانگ پێش ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەستگیر کراوەو سێ ساڵ لە زیندانددا بووە.

- ئەو ڕۆژەی ئازادکراوە بە هۆی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێك لە بەرپرسەکانی ئەو کاتەی ڕۆژنامەی (کیهان) کە کورد بووە وەك ڕۆژنامەوان کاری کردووە.

- یەکەم کەس بووە هەواڵی لە سێدارەدانی (لەیلا قاسم)ی لە دەزگاو ڕاگەیاندنەکانی ئێران‌و جیهان‌و ڕۆژنامەی کەیهان ئینتەرناشناڵ بڵاوکردۆتەوە، کە بووە هۆی ناساندنی زیاتری ڕۆژنامەی کەیهان و بەهۆیەوە (مستەفا مصباح زادە) کە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بووە بە (٢٥) دیناری عێراقی خەڵاتی کردووە.

- ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨٠) هەتاویی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستگیرکراوەو (٤) ساڵ لە زیندان بووە.

- دوای ئازادکردنیشی کاری ڕۆژنامەنووسیی لێ قەدەغە کراوە، بۆیە بۆتە پارێزەر.

- بە کاری زۆربەی ڕۆژنامەنووسان‌و لێکۆڵەرە سیاسیی و چالاککارە سیاسییەکانی ئێران هەڵدەستێت.

**+ وەك پارێزەر تا چ رادەیەك پشتیوانی لە ئازادیی رادەربرین و رۆژنامەنووسیی و بوارەكانی تری كۆمەڵگای مەدەنیی دەكەن؟**

ـ من بە بیروباوەڕی خۆم كە هێشتا تەمەنم بە (١٨) ساڵ نەگەیشتبوو، دەستم كردە كاركردن لە رۆژنامەی كەیهان، بە تایبەت بەو زەختو فشارەی كە رژێمی (شا) بۆ رۆژنامەوانی دانابوو، وشەو دەربڕین هەبوو هەقی پێ نەدەدرا بوترێ، بۆ نموونە هیچ كەس مافی نەبوو نێوی قازی محەمەد ببا، ئەبوایە بە وشەی چەتە ناوی برابا، ئەوە تەنها پەیوەست بە قازی محەمەد نەبوو، بۆ پیاوە ئایینییەكانیش بوو، بۆ پیاوە میللییەكانی كوردیش بوو، بۆ نموونە كەس جورئەتی نەبوو نێوی دكتۆر موسەددیقی ببردایە، ئەبوایە بیانوتایە خۆماڵیكردنی نەوتی ئێران بە وەسیلەی (شا) كراوە، لە كاتێكدا (شا) هیچ رەبتێكی نەبووەو زۆر دژایەتیشی كردووە. وردە وردە تێگەیشتم كە یاساو قانوون جێبەجێ ناكرێت، لەبەر ئەوە دەستم كردووە بە نووسین، بێ ئەوەی كە پەیوەندییم لەگەڵ هیچ حزبو دامەزراوەیەكی دیاریكراو ببێ، منو چەند رۆژنامەنووسێكی تریان گرت لە كەیهان و تۆمەتباریان كردین، بۆ نموونە یەكێمان بە ناوی (موجتەبا رازی) سزادرا بە (١٠) ساڵ زیندانیی، من بە سێ ساڵو ئەوانی تر بە ساڵانی جیاواز. ئێستەش پێموایە ئەگەر ئێران لە یاسای بنەڕەتی گشتییدا قەبوڵی لێ كردووەو ئەبێ ئێمەش ئیعتباری وەك قوەی قەزائی، قوەی موقەننە، قوەی موديرییە، ئەبێ ئەمانە لە یەك جیاواز بێتو ئازادیی بە تایبەت ئازادیی رۆژنامەوانیی و چاپەمەنیی بەرز رابگیرێتو نابێ ئەمانە بخرێنە مەترسییەوە، بەڵام ئەمانە رەچاو ناكرێن، من پارێزەرم ئەبێ هەرچی دەڵێم واقعییەتەكەشی بڵێم، ئێستا ئازادیی زۆر زۆرترە وەك لە زەمانی (شا)، ئیستا ئازادیی هەیە و لە ئێراندا ئەتوانرێ برێك قسە بكرێت، بەڵام ئەم ئازادییە ئازادییەك نییە كە لە سەدەی بیستو یەكەمدا ئەبێ داوای بكرێ، ئەم ئازادییە شتێك نییە كە هاوسەنگ بێت لەگەڵ مافی مرۆڤدا، ئەمەشتێ نییە كە لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەكاندا بپێورێ.

**+ وەك كوردێك، چەند جار بەرگرییت لە داخستنی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانو بە دادگایی دانی رۆژنامەنووسە کوردەکان کردووە؟**

ـ ئەتوانم بڵێم پارێزەری تەواوی رۆژنامەوانە کوردەکان بووم، هەر دەقیقەیەك رۆژنامەوانێکی کورد لە هەر جێگەیەك گیراوە، ئەوەڵین کەسێك کە بە فریاییەوە رۆیشتووە من بووم، ئەڵبەت بە گوێرەی ئەو ئەرکەی کە هەمەو ئەوانە ئەناسم خۆم چووم، ئەوەش وەزیفەی من بووە، کە ئەم کارە بکەم، ئەگەر ئەم کارەم نەکردایە نەمئەتوانی نێوی خۆم بڵێم، چونکە من خۆم رۆژنامەوان بووم و زۆریش بڕوام بە ئازادیی رۆژنامەنووسیی هەیە، لەبەر ئەوە من پارێزەری ئەو رۆژنامەنووسە کوردانە بووم، کە تا ئێستا دەستگیر کراون، یان کەوتونەتە مەترسییەوە، یان رۆژنامەکانیان داخراوە، بۆ نموونە ئێستا لە مەحکەمەی رۆژنامەی (ئاشتی) داین، کە من هەم پارێزەری (بورهان لهۆنیی) خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکەمو هەم پارێزەری کاك بارامی وەڵەدبەگیی سەرنووسەری رۆژنامەکەم، هەروەها پارێزەری ڕۆژنامەی (ڕۆژهەڵات)یشم، کە لەم هەفتەیەدا دووەمین دانیشتنی دادگاییکردنییەتی.

**+ دوا گۆڕانکاریی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە بە کوێ گەیشت کە ئێران فەرمانی لە سێدارەدانی داونو تۆ پارێزەریانی؟**

ـ من پێش هەموو شتێ ئەمەوێ بۆ خەڵکی خۆمان واتە نەتەوەی کورد، ئەوەی کە دەنگو قسەی ئێمە ئەبیستێ روون بکەمەوە، ئەوەیە کە کاك عەدنانی حەسەن پوور و کاك هیوا بوتیمار، لەو دۆسییەدا کە ئێمە (منو برادەرێکی تر) کە دۆستی منەو تازە لاویشەو تازە دەستی کردۆتە کاری پارێزەریی، ئێمە وەك پارێزەری ئەم دوانە دیومانە، نە کاك هیوا، نە کاك عەدنان لەبەر کاری رۆژنامەوانیی نە لەبەر کاری مافی مرۆڤ و کاری مەدەنیی دەستگیر نەکراون، کاك هیوا هیچ وەخت وەکو کەسێکی پیشەیی کاری رۆژنامەوانیی نەکردووە، نە وەك کەسێك کە مەیلی بێتو مەقالەیەك بنووسێو بیداتە رۆژنامەکان بڵاوی بکەنەوە، نە وەکو رۆژنامەوانێکی پیشەیی هیچ وەختێ کاری بۆ

ڕۆژنامە نەکردووە، ئەم برادەرەمان خەڵکی دێیەکی دەوروبەری مەریوانە، خۆیشی وتوویەتی کاری ئاژەڵداریی گوندی کردووەو زۆر ئینسانێکی بە شەخسییەتو بە شەرەفیشە، کاری کاك هیوا ئەوە بووە، ئەوەی کە بڕێك تەلەفزیۆنەکان زۆر زۆر باسی دەکەن بەو جۆرە نییە، کاك هیوا برایەکی بووە لەگەڵ حزبی (پەکەکە) پەیوەندی بووە، بەو جۆرە کە خۆی وتوویەتیو فایلەکەیشی هەروا نووسراوە، ئەڵێت "من ڕۆژێك ڕۆیشتم پایەگای تێکدراوی سوپای پاسداران‌و ئەرتەش لە دێیەکەی ئێمەدا بوو، دوای ئەوە ئەم بنکانە چۆڵ ئەکرا، خەڵکی دێیەکانی سەر سنوور، ئەو ئاسن‌و ئەلەمنیۆمەی کە لەوێ بووە ئەچن ئەیبەن لە بازاڕ ئەیفرۆشن، منیش چووم بۆ ئەوێ، دیم لەوێ لە چاڵێکدا کۆمەڵێك گوللە هەیە، هەندێکی پووچەڵ کراوە بووە، بڕێکی پوچەڵ نەکرابووەوە، لەوانە (ئار بی جی) تیابوو، دوای ئەوەی بڕێکیانم هێنایە دەرەوەو بارم کرد لە جێگەیەکدا حەشارم دا بۆ ماوەیەکی زۆر"، دوای ئەوە لەگەڵ برایەکیدا کە خۆیشی ئەزانێ ئێستا لە ئینگلستاندایە، ئەڵێ "بیفرۆشە بە من، من ئەیدەم بە (پەکەکە)"، ئەمە دەقی قسەی خۆیەتی، نە قسەی زیادی کردووە، نە قسەی کەمی کردووە، من بۆ ئەو قسانەی کە خۆیان دەیکەن زۆر ڕێز دادەنێم، چونکە من بۆ خۆم زیاد لە (٥٠٠) پەروەندەی سیاسییم خوێندۆتەوە، من ئیشم بە ئازایەتی هیوای بوتیمار نییە، من پارێزەرم، هیوا وتویەتی "من ئەمانەم پەیدا کردووە، لەگەڵ براکەم قسەم کرد، منیش بەشەکەی خۆم بە (١٨) هەزار تمەن فرۆشت، بەشێکی تریشم لە کەسێکی تر بۆیان کڕی بە (١٦) هەزار تمەن، دواتر بردم لە جێگەیەکدا قایم کرد"، تا ڕۆژێك براکەی کە (من نێوی نابەم) دەچێت بۆ ئینگلستان، لەوێوە تەلەفۆنی بۆ دەکات، دەڵێ "من لە ژێر فشاری حزبدام کە ئەشێ ئەمانە تەحویل بدەم، کەسێك کە ناسێنرا ئەو شتانەی پێبدە، دوای ئەوەی یەك نەفەر هات، چونکە ئامۆزای ئەو کەسە شەهیدێکی ناودار بووە لەو ناوچەیەو منیش بە ئیعتباری بنەماڵەکەی ئەوان، کە وتی من نوێنەری فلان حزبی دەرەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتم، ئەمانە تەحویلی من بدە، منیش تەحویلم داو سواری ئۆتۆمبیلێکی تویّتای

سەربازییمان کردو بردمانە جێگەیەك و هاتمەوە"، وتویەتی "ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت، لەبەرئەوە سەربازەکانی ئێران ئەمەیان گرتووە، بەڵام بۆ بەیانی رۆیشتم تەماشای گەراجی ماڵەکەم کرد، کە سەیارەکەی تیا راگیرابوو، بینییم سەیارەکە هەیە"، ئەڵێ "خۆشحاڵ بوومو فکرم کردەوە، کە دەستگیر نەکراوە، چونکە ئەگەر دەستگیر بکرایە سەیارەکەشیان ئەگرت"، هەر لە ئەوەڵەوە ئەم قسانەی کردووە، تا ئاخریش هەر ئەم قسانەی کردووەو خۆیشی ئینکاری کردووە کە لەگەڵ (پەکەکە)، یان (پژاك) پەیوەندیی هەبووبێت.

**+ کەواتە رۆژنامەنووس نەبوون؟**

- بەڵێ.

**+ بەڵام لەو دیو قسەیەك هەیە کە ئەوان ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی ئاسۆ بوون.**

- ئێستا من پێمخۆشە لەم گفتوگۆیەدا ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵکی کورد لە هەموو لایەك روون بکەمەوە، ئەمە کاری کاك هیوا بووە، کاك هیوا خۆیو دەستگیرانەکەی لە (NGO)یەکدا کە پارێزگاریی لە چیاو دارو دارستان دەکات چالاك بووە، کاری سیاسییان نەکردووە، جگە لەوەی پارێزەری ژینگە بووە، ئیتر لە هیچ رۆژنامەیەکدا هیچ کات نەخۆی، نە خێزانی، نە براکانی هیچ کارێکیان نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا نە رۆژنامەوان بووە، نە کاری رۆژنامەوانیی کردووە، ئەمە بە تەئکیدی ئەڵێم، هەرچەند برێك لە دۆستان و تاکەکان و کەسەکان من زۆر زۆر باشتر لەو کەسانەی کە بێژەری هەواڵەکانیانە دەناسن، بەڵام کاك عەدنانی حەسەن پور زەمانێك رۆژنامەوان بووە، من وەکیلی پەروەندەی رۆژنامەوانییەکەیشیم، ئەو لەگەڵ چەند برادەرێکی تردا وەك کاك جەلیلی ئازادیخوازو کاك صدیقی بینایی، خودی کاك عەدنانی حەسەن پوور و هەروەها ژنێکی ئێرانیی کە ئێستا چووە بۆ ئەمریکاو زۆرتر ئەو تەبلیغاتە دەکات، کە عەدنان لەبەر کاری رۆژنامەوانی گیراوە، لە رۆژنامەیەکدا کاری کردووە بە ناوی (ئاسۆ) کە تەنها

له شاره کوردنشینەکاندا بڵاودەکرایەوەو لە تارانا نەبوو، تەنانەت من نەمدیبوو، چونکە هەر وەختێ ڕۆژنامەوانەکان ئەگیران ئێمە وەکالەتمان ئەگرت لەگەڵ برادەرێکی تر، کاک عەدنانیش لەم ڕۆژنامە کاری کردووە، کاری ڕۆژنامەوانیی کردووە، کەسێك بووە زۆر حەزی ڕۆژنامەگەریی هەبووە، کە تەنها لە (ئاسۆ) کاری کردووە تا ساڵی ١٣٨٤ (٢٠٠٥) دوای کوشتنی شوانەی سەید قادر لە مەهاباد، ڕۆژنامەی ئاسۆ وێنەیەك لە وێنەکانی شوانەی پیشاندا، کە شوانە ئەشکەنجە دراوە، لەسەر ئەمە ڕۆژنامەکەیان ڕاگرت، لە کاتێکدا پێش ئەوەی هەموو ڕۆژنامەکە بڵاوبێتەوە، مودیری ڕۆژنامەکە کە من وەکیلی ئەو نیم بە ناوی ئاغای ئەحمەدیی، بڕیاریدا ڕۆژنامەکە هەمووی کۆبکرێتەوە، بەهەر حاڵ پەروەندەی ئەم ڕۆژنامەیان بردە دادگا، لە دادگا وەکیلی عەدنان و کاک جەلیلو ئاغای سدیقی بینایش بووین، پەروەندەی عەدنان هێشتا لەسەر ڕۆژنامەنووسیی لە دادگایەکدایە بە ناوی دادگای پارێزگای کوردستان، نەك دادگای ئینقلابی مەریوان، کە کاتی لێکۆڵینەوە، یەکێکیان کە باردۆخی وەك کاك عەدنان وایە بە نێوی سدیقی بینایی مەحکوم بووە، نە زیندانیی، نە لێدان، بەڵکو بە (٢) ملیۆن تمەن سزا دراوە، پەروەندەی کاك عەدنان لە بەرئەوەی لە دادگا ئامادە نەدەبوو، یان لەبەرئەوەی دەستگیر کرا، یان لەبەرئەوەی دادگای چاپەمەنی بە ئامادەبوونی دەستەیەك بەڕێوە دەچێت، ئەو دەستەیە بەلایەنی کەمەوە ئەبێ (٨) کەس ئامادە بێت، لەبەر ئەمە کە بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆژهەڵاتو ئاشتی)یش وابوو، دانەئەمەزرا، لەبەر ئەوە پەروەندەی عەدنان هێشتا تەواو نەکراوە، بەڵام عەدنان لەم پەروەندەیەدا، کە ئێستا گرتوویانە و لە دادگای ئینقلابی مەریوانیشدا مەحکەمە کراوە، بە هیچ شێوەیەك پەروەندەی ڕۆژنامەوانی نییە، ئەوەڵین شەرتی پیاوەتیش ئەوەیە ئینسان درۆ نەکات، یان ئەگەر درۆ دەکات لە مەسڵەحەت نەك فیتنە دروست بکات، وەختێ عەدنان مەحکوم کرا، وتیان لەبەر کاری ڕۆژنامەوانیی بووە، کە ئەو کارە زۆر زۆر بە زەرەری عەدنان تەواو بوو، لەبەرئەو دادگا زۆر بە مەسخەرەوە لەگەڵ ئێمەدا قسەیان ئەکرد، وتیان وەرن بۆ

پەروەندەی رۆژنامەوانەکەتان! لە کاتێکدا عەدنان ئەسڵەن لەبەر رۆژنامەوانیی نەگیرا بوو، ئەگەر رۆژنامەوانیش بووە، لە سەردەمێکەوە ئەو رۆژنامە داخرابوو، ئیتر لە هیچ رۆژنامەیەکی کوردیی‌و فارسیی‌و غەیرە فارسیی ئێرانییدا، چ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، چ لە غەیری وڵاتی کوردستاندا هاوکاری نەکردووە، لەوانەیە لەگەڵ سایتێك هاوکاریی کردبێت، یان مەقالەیەکی نووسیبێ لە سلێمانییدا بڵاوبووبێتەوە، کە ئەمەش بە رۆژنامەوان دانانرێ، یاسای ئێران بە کەسێك ئەڵێت رۆژنامەوان کە لە یەکێ لە رۆژنامەکاندا خۆی تەرخان کردبێت بۆ کاری رۆژنامەوانیی، کەسێکیش کە مەقالەیەك بنووسێ و بیداتە رۆژنامەیەك بۆی بڵاوبکاتەوە نابێتە رۆژنامەوان، ئەوەیە کە وەختێ رایانگەیاند کە ئەم رۆژنامەوان بووە، زۆر غەدریان کرد لە رۆژنامەوانەکانی ئێران‌و کوردەکانی تر، من ئێستا چۆن برۆم بڵێم ئێوە بارامی وەڵەدبەگیی و بورهانی لۆنیی، کە زۆر مەقامێکی ئیداریی گەورەشی بووەو رۆژنامەکەشی لە تەواوی رۆژنامەکانی ئێرانیی زیاتر لە ناوچەکە برەوی بووە، بڵێم ئەوە رۆژنامەوانە، ئەو کارانە کە عەدنان کردویەتی ئەسڵەن هاوشێوەی ئەو کارانە نییە، ئەوەیە غەدرێکی گەورە دەکرێ، کە ناوی ئەم دێنن، وەختێکیش ئەم غەدرە گەورە کە ناوبرا، هێنایانە پشتی تەلەفزیۆنەوە جەریدەیان داناو مێزگردیان داناو ئەو وەختە خانمێك هات وتی چەکی عەدنان تەنها ئەم قەڵەمە بووە، زۆر زۆر کێشەکە خراپتر بوو.

**+ ئەی فایلی عەدنانی حەسەن پور چی تێدایە؟**

ـ عەدنان رۆشتووە لەگەڵ ئاغای موهتەدییدا مولاقاتی کردووە، لەگەڵ ئاغای شەرەفیی‌و ئاغای هیجرییدا مولاقاتی کردووە، من وتوومە کە مولاقات تاوان نییە، منیش رۆژنامەوان بم لەگەڵ جۆرج بوشیش مولاقات دەکەم. بەڵام پەروەندەکەی عەدنان (۳) خاڵی تێدایە، کە لەسەری تاوانبار کراوە، یەکەم: تۆمەتبار کراوە بەوەی کە دەزگایەکی (جی پی ئێچ)ی وەرگرتووە لە دوو کەسی مەریوانیی، ئەوانیش لە کەسێکیان وەرگرتووە لە نێو حزبێکی ئێرانییدایە، من دڵنیام ئەوانە بێ پرسی رابەرەکانیان ئەو

کارەیان کردووە، ئەو جی بی ئێچەیان داوە بە عەدنان، ئەویش لە (ورمێ)وە تا (هەمەدان) نۆ پادگا (سەربازگە)ی دیاری کردووەو جێگەکەیانی لە کۆمپیوتەرەکەیدا خەزن کردووە، بە ئیمەیل ناردویەتی بۆ ئەو دوو هاوڕێ مەریوانییەی، کاتێك کە گیرا، کۆمپیوتەرەکەیان پشکنی، دیارە لە هەموو شوێنێك ئاسایشی خۆیشمان لە سلێمانی و هەولێر کەسێك بە تۆمەتی تیرۆر بگرێت، یەکەمین شت کۆمپیوتەرەکەی دەپشکنێت، لە عەدنانیان پرسیوە ئەمە چییە؟ ئەویش وتویەتی "هی من نییە، بە ئیمەیل بۆم هاتووە"، پێیان وتووە ئێمە لە نامەی هاتوودا نەمان دیوە، بەڵکو لە نامەی نێردراودا وەرمانگرتووە، دایانیشاندووە، ئەو نۆ جێگەیان پیشانداوە، ئیتر ئەویش دانی پیاناوەو وتوویەتی: "بەڵێ بە ئیمەیل بۆ ئەو دوو برادەرەم ناردووە"، ئەم کارە لە یاسای ئێراندا تاوانە، بەڵام تاوانی موحارەبە نییە، موحارەبە، یانی کەسێك چەك هەڵگرێ دژی دەوڵەتو ڕایبکێشێ.

تۆمەتی دووەم: پەیوەندیی بە کەسێك کردووە بە ناوی (ئاغای ئابی دادودیی) کە هەواڵنێری (B.O.A)ی ئەمریکییە، مصاحەبە (گفتوگۆ)ی کردووە، پێی وتووە "ئەمەریکا لە باشووری ئێران شوێنێکی دەستنیشان کردووە بۆ ئەو کاتەی هێرش دەکاتە سەر ئێران، ئەی بۆ لە کوردستانی باشووریش بنکەیەك دانانێت، چونکە کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئاسان دەستیان پێیدەگات"، خۆی دەڵێت "نزیکەی (١٥) جار قسەم لەگەڵ کردووە"، هەروەها دەڵێت: "لەگەڵ خانمێکی کوردی ئێرانیی، کە پێشتر لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا ناسیومەو خۆیو مێردەکەی بەسیج بوونو ئێستا لە ئەمەریکا دادەنیشن، قسەم کردووە".

تۆمەتی سێیەم: ئەوەیە دەڵێن: دوو کەسی عەرەبی ئێرانیی خەڵکی (خوزستان) لە ژێر چاودێرییدا بوون، دەیانویست بیانگرن، گوایە بەشدارن لە کاری تیرۆرستیی عەرەبەکانی خوزستان، عەدنان وتوویەتی "دوو نەفەر لە کوردستانی باشوور پێیان ڕاگەیاندووم ئەو دوو نەفەرە دێنە لات، تۆش بیانهێنە سەر مەزرو ڕەوانەی ئەمدوییان

بکە"، من دوو ڕۆژ فایلەکانی عەدنانم خوێندەوە بەوردی، ئەم سێ تۆمەتەم بینیی، پێم وت: ئایا ئەمە قسەی تۆن؟ وتی: "بەڵێ، من ئەوانەم وتووە!" وتم: عەدنان ئەمانە زۆر قورسن، وتی: "بەخوا تازە وتوومە".

منیش بەرگریی زۆرم لێکرد، وتم: ئەسڵەن ئەو وتوویەتی: چی پی ئێچەکە هی من نەبووە، لە ئیتلاعات وتوویەتی هی منە، بەڵام لە دادگا وتوویەتی: هی من نییە. لە حقوقی جەزاییدا دانپییانان ئەم خاڵە بنەڕەتییەی هەیە، دەڵێن: لە حقوقی مەدەنییدا دانپیانان (سید البینات)ە لە فیقهی ئیسلامییدا، بەڵام لە جەزائیاتدا ئیقرار بە تەنها ناتوانێت (بینە) بەڵگە بێت، چونکە زۆرجار دانپیانان دەکرێت، وەلێ حەقیقەتی نییە، بۆ نموونە: پیاوێك کوڕەکەی قەتڵی کردووە، دەیکوژنەوە، ئەویش بۆ ئەوەی کوڕەکەی نەکوژن، دەڵێت: من کوشتوومە، نەك ئەو، ئەمە ئیقرارەو ئەسڵیشی نییە، لە زەمانی قەتڵەکەدا ئەو پیاوە لە حەج بووە، یان نەخۆشبووە، ئەم دانپیانانە ئەرزشی نییە لە دادگا، وتم: ئەگەر ئەو کارەشی کردبێت نابێتە موحارەبە، چونکە موحارەبە دەبێت چەکەکەت کێشا بێت، یان لەگەڵ تاقمێك کە موحارەبەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، پەیوەندیی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەویش (مولاقات) بینینی لەگەڵ ئەو گروپە کوردیانەدا کردووە، کە هەموویان نەیاری یەکترنو لە یەك جیاوازن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە عەدنان پەیوەندیی بە هیچیانەوە نییە، ئەگەر هەیشی بێت حوکمی لە سێدارەدانی نییە.

دووەمیش وتمان ئەوەی، کە عەدنان پەیوەندیی بەو خانمەو ئاغای ئابی داوودیی کردووە، تاوان نییە، چونکە تا ئێستا لە کوردستانی باشوور ئەو بنکەیە نەکراوەتەوەو هیچ شوێنەوارێکی خراپی بۆ ئێران نییە، تۆمەتی سێیەمیش کە دووکەسی عەرەبی دەرکردووە، وتمان: ڕۆژانە هەزاران کەس لە مەزری ئێرانەوە، لە خوزستان، خۆراسان، ئازەربایجانەوە ڕەت دەبن، تەنها کوردستان نییە، هەرکەسیش هاوکاریی ئەوانە بکات سزایەکی سووکی هەیە، لانی زۆر سێ ساڵە، من وامزانی حاکم بە قسەکانی ئێمە قانیع

بووە، بەڵام دوایی لە ڕێگەی پارێزەرەکەی تر، کاك (سیروانی هۆشمەندیی)، زانییم حوکمی سێدارە دراون، دەبێت ئەو بڕیارە بە منیش بدرێت، لە یاسادا ئاوایە، ئەو حوکمە کاتێك حساب دەکرێت کە بە ئاخرین وەکیل دەدرێت، لە دوای وەرگرتنیشی بیست ڕۆژ مۆڵەتی هەیە بۆ ئیعتراز، جا تا ئێستاش بە من نەگەشتووە، بۆیە حوکمەکە حساب نییە.

لە لایەکی ترەوە، کاتێك حزبێکی کوردیی ئێرانیی بەیاناتی دەرکرد، ئیتر ئەو دوو کەسەیان لە مەریوانەوە گواستەوە بۆ سنە، کارەکەیان گەورە کرد، کەمپینێك لای ئێوە دانراوە بۆ پشتیوانی ئەم دوو کەسە، من هەر کەمپینێك لە دنیادا دژی ئیعدام بێت، دەستخۆشی لێدەکەم، چوون من ئەندامی کۆنگرەکەی فەڕەنسام دژی حوکمی لە سێدارەدان، بەڵام ئەگەر بڵێین: ئەو دوانە ڕۆژنامەنووسن، بەخوا وا نییە، ئەسڵەن براکانی هیوا بوتیمار هاتنە لام، وتیان تۆ برای ئێمەیت، هیوا ڕۆژنامەنووس نەبووە، تکایە تا ئێستا چۆن بەرگرییت کردووە، هەر لەو ڕێگەیەوە بیکە، لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەم دوو کوڕە لاوە ئەگەر ئەو تۆمەتانەشیان لە سەر جێگیر ببێت، سزای سێدارە نایانگرێتەوە.[1]

**تێبینی:** ئەم گفتوگۆیە کاتێك سازدراوە هەندێك کێشەی ڕۆژنامەوانی لە ئێران یەکلا نەبووبوونەوە، وەك: بڕیاری لە سێدارەدانی هیوا بووتیمار و عەدنان حەسەنپوور، فەرمانی داخرانی یەکجارەکیی ڕۆژنامەکانی: ئاشتی، ڕۆژهەڵات، بەڵام ئێستا بە هەوڵی دوکتۆر محەمەد سالح نیکبەخت ئەو دوو فەرمانە پووچەڵ کرانەوە، چاوەڕێش دەکرێت بڕیاری خنکاندنی ئەو دوو لاوە کوردەش هەڵبوەشێنرێتەوە .

[1] ئەم دیدارە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١ لە نووسینگەکەی خۆی لە شەقامی (شەهید بەهەشتی) لە شاری (تاران) ساز کراوە.

ـ لە ژمارە (٢٨٧)ی رۆژنامەی (کۆمەڵ) لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٥ بڵاو کراوەتەوە.

محەمەدی کەمانگەر، بەڕێوەبەری پێشووی رادیۆی تاران و سەرنووسەری گۆڤاری ئاوێنە:

# چەندین ریپۆرتاژم لەسەر پێشمەرگە و ژیانی کەسوکاریان بڵاوکردۆتەوە




محەمەدی کەمانگەر لە بنەماڵەی کەمانگەرە کە لە کوردستانی باشوورەوە چوونەتە کوردستانی رۆژهەڵات، زیاتر لە (٢٥٠) ساڵە بنەماڵەکەیان لە دەوروبەری شارۆچکەی (کامێران) لە شاری (سنە) لە (١٠-١٥) گونددا نیشتەجێ بوون و سەرقاڵی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵ بوون، باوکی (٥) ساڵ پێش لەدایک بوونی محەمەد گوند جێ دەهێڵێت و لە کرماشان لە ئیدارەی دارایی کرماشان دەست بە کار دەکات.

محەمەدیش لە کرماشان لە ساڵی ١٩٤٢ لە دایك دەبێت و تا دواناوەندیی لەوێ دەخوێنێت، لە سەرەتاوە فێری خوێندن و نووسینی کوردیی دەبێت، بە هاوکاریی باوکی پێش چوونە قوتابخانە هۆگریی زۆر لەگەڵ نووسین و خوێندنی کوردییدا پەیدا دەکات، بە شێوەیەك کتێبخانە کوردییەکەی باوکی لە قاهیرە و بەیروتەوە کتێبی بۆ دەهات و محەمەدی کەمانگەریش دەیخوێندنەوە، تا شارەزایی باشی زمانی کوردیی دەبێت و لە ساڵی (١٩٥٨) کە لە (کرماشان) رادیۆ دامەزراو بەرنامەی کوردیی دەست پێکرد، سەردانی رادیۆکە دەکات و دەبێتە هاوکار، ماوەیەك بەرپرسی رادیۆی کوردیی تاران بووە، سەردەمێکیش لە گۆڤاری ئاوێنەدا بۆتە سەرنووسەر.

**ئێستا سەرقاڵی ئەوەم کە رۆژانی دوایی تەمەنی خۆم ئەژمێرم و بیرەوەرییەکانی (٦٥) ساڵەی خۆم دەگێڕمەوە**

**بۆ زانیاری زیاتر گفتوگۆیەکی رووبەڕوومان لەگەڵ ناوبراو ساز کرد لە شاری تارانی پایتەختی ئێران.**

**+ سەرەتای کارکردنت لە رادیۆی کوردیی کرماشان چۆن بوو؟**

ـ لە ساڵی ١٩٥٨ چوومە رادیۆ، بەڕێوەبەری گشتیی ئەوکاتەی رادیۆ فارسێکی تارانیی بوو، پێی وتم کە جارێ زووە بێیتە ئێرە، ئەگەر بەرنامەمان بۆ منداڵان دانا وەك باخچەی منالاّن و ئەو شتانە، ناونیشانمان بەرێ ئاگادارت دەکەین، من تێگەیشتم کە کابرا وەك منداڵێك سەیری منی کردووە و پێی سەیر بووە کە ئەم منداڵە چۆن هاتووە لە بەرنامەی کوردییدا کار بکات، ئیتر من بە دڵساردیی گەڕامەوە، بەڵام هەر ئەوکاتە لە قوتابخانە تیپی شانۆمان هەبوو، لەو تیپەدا کارم دەکرد کە چەند کەسێك بووین و لەگەڵ خوێندندا شانۆکار بووین، چووینە رادیۆ و لە بەشی فارسییدا و لە بەشی نواندن دەستمان پێکرد، ساڵێکی پێنەچوو کە من وردە وردە لەگەڵ هاوکارانێك کە لە بەرنامەی کوردییدا کاریان دەکرد پەیوەندییم پەیدا کرد و تێگەیشتن کە من ئەتوانم کوردیی بنووسم و بخوێنمەوە و تا رادەیەك شارەزاییم هەیە لە زمانی کوردییدا، پێیان وتم بۆ هاوکارییمان ناکەیت؟، لەوێوە دەستم بە هاوکاریی کرد.

**+ واتە لە ساڵی ١٩٥٩؟**

ـ بەڵێ، ساڵی ١٩٥٩ من وەکو بێژەر و وەرگێڕ لە رادیۆی کوردیی دەستم بە کار کرد و ساڵێکی پێنەچوو منیان نارد بۆ (تاران) کە ئەوکاتە دەرسیشم تەواو بوو بوو، دبلۆمیشم وەرگرتبوو، هاتمە (تاران) و ماوەی شەش مانگ بۆ دەرهێنانی پڕۆگرامی رادیۆیی لە تارانا خەریکی فێربوون بووم، دیسان گەڕامەوە وەکو دەرهێنەر و بێژەر و وەرگێڕ خەریکی کار بووم، ئیتر لە بەشەکانی تری کاری رادیۆییدا درێژەم پێدا تا پاش ماوەیەکی زۆر توانییم لە خوێندنگەیەکی باڵای رادیۆ و تەلەفزیۆن کە هەبوو، درێژەم بە خوێندنی خۆم داو هەر لە بەشی دەرهێنانی رادیۆ و تەلەفزیۆن دواییم پێهێنا، ماوەی (١٠) ساڵ بەڕێوەبەری رادیۆی کوردیی بووم.

**+ له ساڵی چەندداا بوو؟**

ـ ساڵی ١٩٧١ تا دوو ساڵ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی کە بە تەواوی وازم لە رادیۆ هێنا و هاتمە دەرەوە، چەند ساڵێك لە (کرماشان) مامەوە و دواتر هاتمە (تاران)، لەو کاتەوە من لە تارانم.

**+ ئەو ماوەیەی بەڕێوەبەری رادیۆی کوردیی کرماشان بوویت، چ گوڕانکارییەکت کرد؟**

ـ لەو ماوەیەدا بەرنامەی رادیۆی کوردییم لە (٤ـ٥) سەعاتەوە گەیاندە رۆژیی (١٢) سەعات، کاتێکیش کە شۆڕش دەستی پێکرد و سەرکەوت، من ئومێدم وابوو رادیۆکە ببێتە (٢٤) سەعاتە، بەڵام بە داخەوە شۆڕشی ئیسلامیی نەتەنیا ئەوەی قبوڵ نەدەکرد، خەریك بوو بەرنامەکەش دابخات، تەنانەت چەند رۆژێکیش بەرنامەیان داخست، بەڵام پاشان بەختەوەرانە بە یارمەتی خەڵك، کە ئەمەش بڵێم ئەو رادیۆیە هەمیشە لەژێر چاودێریی و خۆشەویستیی خەڵکدا بووە، بە ڕاستیی تەنیا لایەنگری ئەو رادیۆیە خەڵك بوون، ئەتوانم بڵێم: نە حکومەتی حەمەرەزاشا، نە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی پێیان خۆش نەبووە کە ئەو بەرنامەی رادیۆییە ببێت، بەڵام بەڕاستیی خۆشەویستیی خەڵك توانی بەرنامەکە بخاتە گەڕ، لە دوای ئەوەش کە (سادقی قوتبزادە) کە ئەو وەختە بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆن بوو، بەرنامەکەی چەند رۆژێك داخست، هەر بە خۆشەویستیی و لایەنگریی خەڵکیش ناچار بوو دووبارە بەرنامەکە دەست پێبکاتەوە.

**+ دوای ئەوەی هاتنە تاران، لە کاری رادیۆیی بەردەوام بوون؟ چ کارێکتان ئەکرد؟**

ـ کە هاتمە تاران، بەرنامەیەکی رادیۆییان هەبوو بە زمانی کوردیی، کە داوایان لێکردم هاوکارییان لەگەڵ بکەم، لێرەش ماوەی چەند ساڵێك کە ئەتوانم بڵێم هەشت ساڵ لەگەڵ ئەو رادیۆیەدا بووم، ماوەیەك وەك جێگری بەرپرس، چەند ساڵێکیش وەکو بەرپرسی رادیۆکە دەستم بە کار کرد، توانییم هەم ماوەی بڵاوکردنەوەی زیاد بکەم کە گەیاندمە رۆژی (٨) سەعات، داواشم لە زۆرێك لە رووناکبیرانی کورد کرد لە (تاران) کە

هاوكارييمان بكەن، يەكەم كەسێك كە چوومە خزمەتی، رەحمەتیی مامۆستا هەژار بوو، كە بە لوتفێكی زۆرەوە وتی پێم خۆشە هاوكارییتان بكەم، هەر كارێكتان هەبێت من ئەنجامی دەدەم، چووم بۆ لای خالید ئاغای حیسامی (مامۆستا هێدیی) شاعیری ناوداری كورد، ئەویش ماوەیەكی زۆر (چەند ساڵێك) بەرنامەیەكی ئەدەبیی ئەنووسی و بە دەنگە خۆشەكەی خۆیشی تۆماری ئەكرد و بڵاومان ئەكردەوە، رەحمەتیی مامۆستا سەید تایەری هاشمیی كە وەختی خۆی لە كرماشانا داوام لێكردبوو هاوكارییمان بكات، یەكێك لە هاوكارانی رادیۆی كوردیی كرماشان بوو، داوام لێكرد یارمەتیمان بدات، ئەویش بە لوتفی خۆی داواكەی وەرگرت، رەحمەتیی عەزیزی حەسەن خاڵی (وەرگێڕ) بوو خەڵكی (بۆكان) بوو كە دانیشتووی (تاران) دادەنیشت، چەند كتێبێكی وەرگێڕاوە لە فارسییەوە بۆ كوردیی، وەكو نووسەر و وەرگێڕ هاوكاریی لەگەڵ ئەكردین، زۆر كەسی تریش كە ئێستا ناوەكەیانم لە یاد نییە، تەنانەت لەو كاتەدا بەهایەكی زۆر نەئەدرا بە گۆرانیی و مۆسیقا، من بەشی گۆرانیی و مۆسیقای كوردییم دەست پێكردەوە، بۆ یەكەمجار ئیسماعیل سابوریی هات، یەكەم گۆرانییش كە پێشكەشی كرد، گۆرانییەكی هۆنراوەی مامۆستا هەژار بوو بە ناوی (بەهار)، لەوكاتەدا مۆزیسیەنێكی لاوی كرماشانیی هەبوو، كە لەم ساڵانەی دواییدا كۆچی دوایی كرد بە ناوی سوهەیبی ئەیوانیی، ئەوم بانگ كرد، هات یارمەتیی ئەدایـن، موجتەبای میرزادە كە پێشتر لە كرماشانا هاوكارمان بوو، هێنام، ئیتر زۆر كەس لەو مۆزیسیەنە كوردانە هاتن بە فریای رادیۆی كوردیی تارانەوە، بەشی مۆسیقای كوردییشمان دەست پێكرد، چەند لاوێكی ئازاو لێهاتوو وەكو بێژەر و وەرگێڕ هاتن هاوكارییان ئەكرد، بەرنامەكە بوو بە بەرنامەیەكی خۆشەویست بە لای گوێگرەوە، بۆ ماوەی (٤ـ٥) ساڵیش بەرنامەیەكی

**گۆڤاری (ئاوێنە)یان لەسەر وێنەیەكی شێخ مەحمود داخست**

تەلەفزیۆنییمان دەست پێکرد، کە یەکەم بەرنامەی کوردیی تەلەفزیۆنی بوو لە ئێران، چونکە کاتێك حکومەتی شا هەبوو ئیجازەی نەئەدا بەرنامەی کوردیی لە تەلەفزیۆنا هەبێت، بەس بە بەرنامەی رادیۆیی رازی بوو بوو، ئێمە لە تارانا بۆ یەکەم جار دەستمان کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیە کە لە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێران بە چاکی وەر ئەگیرا، لە دەرەوەش وەریان ئەگرت، بینەرێکی زۆریشی هەبوو، یەکەم جاریش دەستمان بە ئەزموونێکی تازە کرد کە دۆبلاژی سریالە بیانییەکان بوو بۆ سەر زمانی کوردیی کە هاوکارانی هونەرمەندانی بەشی چیرۆکی شەوی رادیۆی کوردیی ئەو کارەیان بە ئەستۆ گرت، کە ئەتوانم ناوەکانیان ببەم (رەحیمی فەرەهمەند، جەعفەری شێخولئیسلامی، وەهابی بەقاڵ، محەمەدی فەرەیدونیی، پەرویزی حەبیبی، جەمیلەی ئەحقەریی، نەهییەی رادار، شایستەی ئیبراهیمی و زۆر کەسی تر کە ناوی هەموویانم لەیاد نییە، یادیان بەخێر)، زۆر چالاکانە هاوکارییان ئەکرد و یارمەتییاندا، ئەزموونێکی تازە بوو، تەنانەت ئەوەندە جوان کاریان ئەکرد کە زۆر کەس ئەیوت بەڕاستی باوەڕمان نەئەکرد کە ئەمە سریالێکی بیانیی بێت، هەر ئەڵێی کوردن و خەریکن بە زمانی خۆیان قسە ئەکەن.

**+ ئەوە ساڵی چەند بوو؟**

ـ لە هەشتاکاندا بوو، وابزانم ١٩٨٤ بوو، ماوەی (٣ـ٤) ساڵ بەردەوام بوو، پاشان ئەوە داخرا، دوای چەند ساڵێك ئەم سەحەرە کە ئێستا هەیە دەستی پێکرد.

**+ جگە لە کاری رادیۆیی، کاری رۆژنامەنووسییشت دەکرد؟ وەك ئێمە ئاگادارین لە گۆڤاری (ئاوێنە) بوون.**

ـ چونکە هەر لەو کاتەوە کە لە رادیۆ دەستم بەکار کرد، پێمخۆش بوو کە خۆشم شت بنووسم، تەنانەت لە ساڵی ١٩٦٠ و ئەوانە دەستم بە نووسین لە رادیۆدا کرد، پێشتریش بە فارسیی هەر شتم ئەنووسی کە لە کرماشانا چەند رۆژنامەیەك هەبوون بە زمانی فارسیی دەرئەچوون، لەگەڵ ئەوانا هاوکارییم ئەکرد، ناوبەناو شتم بۆ ئەنووسین، یان

وتارم ئەنووسی بۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە لە تارانا بڵاو ئەبوونەوە، کاتێکیش هاتمە تاران لەگەڵ چەند برادەرێکدا داوامان لە (سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی) کرد کە لە بارەی ماڵییەوە ئەوان یارمەتیمان بدەن، گۆڤارێکی کوردیی دەست پێبکەین، ئیتر لەو کاتەدا سەرۆکی سازمان خۆیشی کورد بوو، خەڵکی (کەنگاوەر) بوو، مەلایەك بوو، زۆری پێخۆش بوو، زۆریش یارمەتیی داین و مۆڵەتیشی لە وەزارەتی رۆشنبیریی وەرگرت کە گۆڤارێکی مانگانە بە ناوی (ئاوێنە) لە تارانا بڵاو بکرێتەوە بە دوو زمانی (کوردیی ـ فارسیی)، لە ساڵی ١٩٨٩ دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد، بەڵام بە داخەوە هەر لە سەرەتاوە با ئەمە بڵێم کە ئەو گۆڤارە بڕیار وابوو بە گوێرەی مۆڵەتەکەی مانگی جارێك دەربچێت، (سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی) پێیخۆش نەبوو مانگی جارێك دەربچێت، بۆیە سێ چوار مانگ جارێك لە باری ماڵییەوە کۆمەکی ئەکردین کە ئێمە بڵاوی بکەینەوە، ئیتر ئەوە بە ماوەی (١٠) ساڵ ئەو گۆڤارە بڵاو کرایەوە، تەنیا (٥٦) ژمارەی لێدەرچوو، ئیدی نەکرا هەموو مانگێك بڵاوی بکەینەوە، بەڵام گۆڤارێك بوو کە توانیبووی خۆشەویستیی خوێنەری خۆی بە دەست بێنێت، خوێنەریش زۆر بە تامەزرۆییەوە لە هەموو لایەکەوە یارمەتی ئەداین، نەك تەنیا لەم رۆژهەڵاتەدا کە ئێمە تیای ئەژین، لە هەموو کوردستاندا بابەت و وتارێکی زۆرمان بۆ ئەهات، لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەمریکاوە گەلێك قەڵەمبەدەستی کورد چالاکانە وتار و بابەتیان بۆ ئەناردین، هەواڵی چالاکیی فەرهەنگیی و ئەو شتانەیان بۆ ئەنووسین، ئەتوانم بڵێم: هەمیشە کە زیاتر لە (٤٠٠ـ٥٠٠) وتار و بابەتمان ئامادە ئەکرد بۆ چاپ، بەڵام بە داخەوە هەر ئاوا لەسەریەك کۆ ئەبۆوە، کە وای لێهات ئەو رۆژەی کە سەرۆکی (سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی) لابرا کەسێکی تر هاتە شوێنەکەی ئەو هەر کە گەیشتە سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی وتبووی ئەبێت ئەم گۆڤارە دابخرێت.

**+ ئەویش کورد بوو؟**

ـ نەخێر، کورد نەبوو، تورك بوو، بە راستییش گۆڤارەکەی داخست بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش کە لەو وەختەدا من لەوێ بووم، لە ژوورەکەی خۆم دەریانکردم، تەنانەت نەیانهێشت کەلوپەل و کتێب و یاداشت و ئەو شتانەی کە هی خۆمبوو لەگەڵ خۆمدا ببەم، هیچ کاتێك ئەوانەم نەدییەوە و بە دەستم نەگەیشت، وتار و بابەتێکی زۆری خەڵك کە بە راستی گەنجینەیەك بوو، شتی زۆر باشی تێدا بوو، هەموو ئەوانەش لە بەین چوو، کتێبخانەیەکی باشمان دروست کردبوو، من چەند سەفەر کە چووبوومە کوردستانی باشوور لەوێ کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی زۆر باشیان پێ داین، ئەرشیفێکی باشم دروست کردبوو، هەموو ئەمانەیان لێ زەوت کردین و بردیان، ئیتر نەیانهێشت تەنانەت ئەوانە ببینمەوە، یان لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندییم هەبوو داوای بابەت و مەقالەکانی خۆیان دەکردەوە، نەمانتوانی ئەوانەشیان پێ بدەینەوە، بەو شێوەیە ئەو گۆڤارە داخرا.

**+ بەهانەی داخستنەکەی چی بوو؟**

ـ بەهانەیەکیان دروست کرد، کە لە ژمارە (٥٥) وێنەیەکی شێخ مەحمودی مەلیکمان چاپ کردبوو لەسەر بەرگی سەرەوەی گۆڤارەکە، وتبوویان کە ئەمە کارێکی باش نەبووە و وەك شتێك ئەوەیان کردبووە بەهانە، بەڵام من ئەزانم کە ئەمە تەنها بیانوویەکبوو، سەرۆکی سازمانی تەبلیغات کە هات هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دیار بوو کە لێبڕاوە ئەو گۆڤارە دابخرێت و داشیخست.

**+ ئەوکاتە پۆستت چی بوو لە (ئاوێنە)دا؟**

ـ من سەرەتا وەکو جێگری سەرنووسەر دەستم بە کار کرد، بەڵام پاش چەند ساڵ حوکمێکیان بە من دا وەکو سەرنووسەر، بەڵام قەت لە گۆڤاری ئاوێنە ناوی خۆم وەکو سەرنووسەر نەنووسی و هەمیشە وەکو جێگری سەرنووسەر ئەمنووسی.

**+ هۆکارەکەی چی بوو؟**

ـ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی لە راستییدا منی نەئەناسی، متمانەی بە من نەبوو، بەڵکو (٢) کەس کە لە لایەن سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامییەوە وەکو بەرپرس‌و سەرنووسەر دەناسێنران، من پێمخۆش بوو کە ناوی ئەوان هەبێت.

**+ ئەو دوو کەسە کێ بوون؟**

ـ بەرپرسەکەی سەید محەمەد موسەوی بوو، کە مەلایەکی سازمانی تەبلیغاتی بوو، بە ڕاستیی ئەتوانم بڵێم: باوەکو خۆی کورد نەبوو، بەڵام زۆریش یارمەتیدەرمان بوو، هاوکاریی لەگەڵ کردین بیرو باوەڕێکی باشی هەبوو، نەفەری دووەمیش محەمەد عەلی چاوشی بوو خەڵکی کرماشانە، ئەویش وەکو سەرنووسەر ناسێنرا بوو، باقی کارەکانی ئێمە کە کورد بووین‌و چەند کەسێك بووین، خۆمان ئەو کارانەمان ئەکرد لەوانە (عەباسی عەزیزیی، ئیقباڵی عەزیزیی، حامیدی خاکیی، عەلی فەیلی، شەهابی قەنبەریی‌و زۆر کەسی تر)، بە تایبەت ئەو خوێندکارانەی کە لە (تاران) ئەیانخوێندو کورد بوون، قەت بیرم ناچێتەوە کە ئەو خۆشەویستانە (ئاوێنە)یان وەکو ماڵی خۆیان لێکردبوو، هەموو ڕۆژێك سەردانیان ئەکردین، بە نۆرە، دەستە بە دەستە ئەهاتن، لە بەیانییەوە تا ئێوارە دائەنیشتن یارمەتییان ئەداین، تەنانەت کاتێ کە گۆڤارەکە دەرئەچوو، ئەماننارده دەرەوە یاخود بۆ ناوخۆ ئەمانویست دابەشی بکەین، وەکو ئەندامێکی دەفتەری (ئاوێنە) هاوکارییان ئەکردین‌و یارمەتییان ئەدایین، ئەچوون وتاریان بۆ ئەهێنایین‌و ئەیان نووسی، لە وەرگێڕانا یارمەتیان ئەدایین، من لێرەدا ئەبێ یاد بکەم لە کچێکی ئازاو خۆشەویست کە شلێری بایەزیدیی بوو، خەڵکی (بۆکان) بوو لە تارانا لە بەشی ڕۆژنامەوانییا لە زانکۆی عەللامە تەباتەبایی دەرسی ئەخوێند، زۆر خوێندکارێکی سەرکەوتوو بوو، پاش ماوەیەکیش کە دەرچوو لە زانکۆ بە سەربەرزییەوە توانیی لە (پاریس) بۆرسییەی ئەنستیتۆی کورد وەربگرێت‌و درێژەی بە خوێندنی خۆیدا، ئێستەش لە پاریسە چالاکانە کاری ئەکرد، وەکو ڕیپۆرتەرو هەواڵنێرو پەیامنێری (ئاوێنە) زۆر جار ئەچوو بابەتی چاکی بۆ ئێمە پەیدا ئەکرد، بۆ نمونە لەسەر ئەوەی

یەکەمجار (وێنە) لە (سەقز) یان (بۆکان) چۆن پەیدا بوو، وێنەگر کێ بوون، چۆن کاریان کردبوو، کامێراکان چی بوون لە سەرەتاوە، یان ڕێپۆرتاژێکی ئامادە کردبوو لە سەر سوالکەرەکانی (تاران)، کە تەنانەت زۆر جاریش گیانی کەوتبوە مەترسییەوە، سوالکەرەکان پەلاماریيان دابوو کە بیکوژن، وتبویان تۆ خەریکی نهێنی ئێمە دەرئەخەیت، لەو کاتەدا ئەوە کچێکە خوێندکار بوو کە ئاوا چالاکانە کاری دەکرد، زۆر کەسی تریش کە ئێستا ناوەکەیانم لە یاد نییە، واتە (ئاوێنە) گۆڤارێك بوو کە ئاوا توانیبووی خۆشەویستی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بە ڕاستی ئەو سەردەمانە کە من بیری لێئەکەمەوە هەمووی بیرەوەریی خۆش‌و شیرینە، یادی هەموویان بەخێر بێت.

**+ ئەی ئێستا بە چییەوە سەرقاڵیت؟**

- وەڵڵاهی ئێستا ئیتر سەرقاڵی ئەوەم کە ڕۆژانی دوایی تەمەنی خۆم ئەژمێرم، ئێستا کاری وا ناکەم، زۆرتر خەریکم بیرەوەرییەکانی خۆمم لە ماوەی ئەم (٦٥) ساڵەدا کە خودا عومری پێداوم، خۆشم نازانم کە چەندە تەمەنم بۆم نووسراوە کە بمێ، من خەڵکێکی زۆرم دیوە، دەورانێکی سەیرم دیوە، زەمانەیەکی عەجایب ئەتوانم بڵێم: کە تێیدا ژیاوم، خۆشیی‌و ناخۆشیی‌و شتی سەیرو سەمەرەی زۆرم دیوە، پیاوی گەورەو ناودارم زۆر دیوەو بە خزمەتی زۆر کەس لە پیاوە گەورەکانی کورد گەیشتووم، هەڵسوکەوتم لەگەڵیانا بووە، بیرەوەرییەکی زۆرم هەیە، خەریکم ئەوانە ئەنووسمەوەو پێمخۆشە کە ئەگەر تەمەن ئیجازەم بداتو بمێنم ئەو بیرەوەرییانە وەکو شتێك کە بۆ داهاتوو بزانن بەشێك لە ژیانی کورد چی بووەو چۆن گوزەراوە، بنووسمەوەو چاپی بکەمو بگاتە دەستی خەڵك.

**+ هیچ کتێبێکت هەیە؟**

- کتێبی چاپکراوم نییە، بەڵام لەسەر ڕادیۆی کوردیی واتە مێژووی ڕادیۆی کوردیی نەك تەنیا لە ئێرانا بەڵکو لە جیهانا نوسیوومەتەوەو لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ماوەیە کە خۆم لە ڕادیۆ بوومو بەرنامەکانی ڕادیۆ چی بوو؟ کەسانێك کە هاتوونەتە ڕادیۆ لە

هونەرمەندو کەسانی کۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی‌و هەموو ئەوانەی لەگەڵ ڕادیۆدا پەیوەندییان بووە، لەسەر ئەوە بە درێژیی نووسیومەتەوە، بە داخەوە لێرە ناهێڵن چاپی بکەم، من بە فارسیی ئامادەم کردووە، بەڵام خەریکم ئەیکەم بە کوردیی، شایەد بتوانم لە لای ئێوە لە کوردستانی باشوور چاپی بکەم.

**+ پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات‌و باشوور چۆنە؟**

ـ وەڵڵاهی ئەگەر قسەی دڵ بکەیت، بە دڵ پێمان خۆشە ئەم پەیوەندییە هەبێت، تا ڕادەیەکیش هەیە، بەڵام بە داخەوە کاری حکومەت زۆر جار ئەبێتە هۆیەك بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە تێك بچێت، یان سارد بێتەوەو ڕابگیرێت، تا ئەوەی کە حکومەت ئێمە مۆڵەت بدات پێمان خۆشە وەکو ڕۆشنیری ڕۆژهەڵات هاتوچۆ بکەین‌و بچینە هەموو لایەك، ئەوانیش بێنە لای ئێمەو یەکتر ببینین‌و یەك بناسین، من خۆم بیرەوەرییەکم هەیە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا من لە ڕادیۆ بەرنامەیەکی تایبەتم دانا بوو لە (کرماشان)، هەموو ڕۆژێ ماوەی (١٥) دەقیقە لە ئۆردووگاکان کە لە (کرماشان)و دەوروبەری چەند ئۆردوگایەك دروست کرابوو بۆ بنەماڵەی پێشمەرگە، زۆر جاریش پێشمەرگەکان بۆ حەسانەوەو پشوودان ئەهاتن، ئەمانەوە لەوێ، ئەچووم لانیکەم هەفتەی جارێك وەکو ڕیپۆرتاژ قسەی کەسوکاری پێشمەرگە و زۆر جاریش پێشمەرگەم تۆمار ئەکرد و لە رادیۆ بڵاوم ئەکردەوە، بە تایبەت لەو کاتەدا وەك بۆردومانی قەڵادزێ و ئەوانە زۆر رووی ئەدا، ئەوانەمان بە خەڵك رائەگەیاند، بێجگە لەوەش من هەر لە بەشی فارسیی تەلەفزیۆن کە لە رایەڵەی جیهانیی (تاران) لەو کاتەدا لە هەموو ئێران بڵاو ئەکرایەوە، لەوێش هەموو شەوێك بۆ ماوەی (٥ـ٦) دەقیقە ریپۆرتاژێکی فارسییم ئامادە ئەکرد و بڵاو ئەکرایەوە، کە ئەوەش وەختی خۆی کارتێکردنێکی باشی هەبوو لە ئێرانا بۆ فارسەکان، تێگەیشتن میللەتی کورد لە باشووردا بە راستیی لە لایەن حکومەتەوە چەوسانەوەیەکی عەجایبی بەسەردا هاتووە، زەخت و زوڵمێکی زۆری لەسەرە، ئەو بۆردومان و کارەساتەی کە ئەکرا لە تەلەفزیۆنی ئێران بڵاو ئەکرایەوە، کە ئەمە توانیبووی بە جۆرێك فارسەکان هان بدات

بۆ ئەوەی ئەم میللەتە بناسن، کە میللەتێکە بۆیە شۆڕشی خۆی کردووە کە زەخت و زۆری لەسەرە، حکومەتێکی زۆر نائینسان و دڕندە لە عێراقدا حوکم ئەکات. لەو ئۆردووگایانەش ناوبەناو کۆڕی هونەرمەندان ئەهاتن بەرنامەی هونەرییان بۆ بنەماڵەی پێشمەرگەکان پێشکەش ئەکرد، وابزانم لە (سەریاس) لە لای (پاوە) ئۆردوگایەك دروست کرابوو، لەوێ پێیان راگەیاندنم کە مامۆستا تایەر تۆفیق لەگەڵ کۆمەڵێکدا دێت و بەرنامەی هەیە، من هۆگرییەکی زۆرم بە دەنگی هەبوو، زۆرم پێخۆش بوو ببینم، کە ئەو رۆژە لەوێ بووم بەختەوەرانە چاوم بە مامۆستا تایەر تۆفیق کەوت، وەك ئەوەی دنیایان بە من دابێت زۆر خۆشحاڵبووم، بۆ یەکەمجار بوو ببینم، پێشتر مامۆستا عەلی مەردان و هونەرمەندانی تر لە باشوورەوە ئەهاتن سەردانی ئێمەیان ئەکرد، بەڵام قەت چاوم بە مامۆستا تایەر تۆفیق نەکەوتبوو، نەهاتبووە ئێران، وەلێ ئەو جارە هاتبوو لە ئۆردوگای (سەریاس) بەرنامەی هەبوو، بۆیە ئەمەوێ بڵێم: بە دڵ یەکترمان خۆش ئەوێ، پەیوەندییەکی دڵییمان هەیە لەگەڵ یەکدا، بەڵام بە داخەوە رەنگە حکومەتەکان زۆر جار نەیەڵن، بە تایبەت بۆ ئێمە کە زۆر جار رێ ئەگیرێ کە ئەو هاتوچۆیە نەبێت، پێش چەند ساڵێك بانگ کرابووین، هەندێ لە ئێران و وڵاتانی ترەوە لە (دیاربەکر)دا کۆنگرەیەکی رۆشنبیریی هەبوو، ئەو ماوەیە کە ئێمە لەوێ بووین بە راستیی نەمانئەزانی خەم و خەفەت و ناڕەحەتی چییە؟ وەکو ئەوە وابوو چاومان بە هەر رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندێکی کوردی باکوور ئەکەوت، ئەتوت ساڵهایە ئێمە یەکتر ئەناسین و بە راستیی خزمین و خزمی زۆر نزیکین لەگەڵ یەکدا، پەیوەندییەك بە دیی هاتبوو، کەشێکی پڕ لە خۆشەویستیی و محەبەت بە دیی هات لەو ماوەیەدا کە ئێستا چەند ساڵێش تێپەڕیوە، بەڵام لە بیرم ناچێتەوە، بیری لێ ئەکەمەوە.

لەو کاتەدا چەند رۆژێکیش ئێمەیان بردە ئەستەمبوڵ و میوان بووین، لە ئوتێلێکدا بووین کە خاوەنەکەشی هەر کورد بوو، ئێوارەیەك چووم بڕێك کەلوپەل بکڕم بۆ ماڵەوە کە گەڕامەوە بۆیان ببەم، چوومە دوکانێکەوە من تورکییم نەئەزانی، بەس فێر ببوم کە

ئەگەر بتەویٚ نرخی شتێك بزانی، ئەبیٚ بلێیت (کەچ پارە؟) هەر ئەوەندەم ئەزانی، کە چوومە ژوورەوە کوڕێکی گەنج لەویٚ بوو، لەوانەیە تەمەنی لە خوار (٤٠)ساڵ بێت، وتم: کەچ پارە؟ کە وام وت، کوڕێکی زۆر زیرەك بوو، وتی: کورمانجی؟ وتم: ئەرە وەڵڵا کورمانجم، وتی: خەڵکی چی دەرێی؟ وتم: ئێرانییم، وتی: چ دکەی؟ وتم: هیچ ناکەم، تۆ چ دەبێژی؟ وتی: خەڵکی کیٚ باژێڕیی؟ وتم: مەگەر تۆ ناس دکەی؟ ئەز خەڵکی کرماشانم، کرماشان ناس دکەی؟ وتی: چەوەن ناس ناکەم؟ کرماشان باش دزانم، کرماشان، رادیۆ کوردیی، دەنگا ئێرانا پشکا کوردیی، من ئەسڵەن تەعەجوبم کرد، چەند ساڵە بەرنامەی رادیۆ کوردیی داخراوە، ئەوە چۆنە ئەم برادەرە وا ئەڵیٚ؟ تەمەنی لەوە ناچێت ئەسڵەن گوێبیستی ئەو بەرنامە بووبێت، بۆخۆم گێژمابووم لەمە، وتم: باشە چەوەن ئەو بەرنامە ناس دکەی؟ وتی: کاکی خۆم ئەو بەرنامە بەرنامەی خۆشەویستی مە بوو، بەرنامەی زمانیٚ مە بوو، ئیتر دەستی پێکرد وتی: سەید عەزیز عەلەوی، شوکروڵڵای بابان، محەمەدی کەمانگەر، مەهدی زەند، عەزیز سولٚتانی، یەکە یەکە ناوی ئێمەی ئەبرد کە لە رادیۆ بووین، مولاحەزە ئەکەی، باوەڕ ئەکەی حاڵەتێکی عەجایبم پەیدا کرد (لێرەدا محەمەد کەمانگەر دڵی پڕ بوو، چاوەکانی ئاوی تیا کۆبووەوە، چاوەڕێی رژان بوون)، چ وەزعێکە، ئێستاش کە ئەیگێڕمەوە ئیحساسات ئەمگریٚ، کە ئەو رادیۆیە چی کردووە؟ هەر ئەوەندەم پێکرا ماچم کرد، دوای ئەوە لە منی پرسی ئەوانە ماون یان مردوون؟ وتم وەڵڵاهی ماون (لێرەدا وشەکانی کە دەری ئەبڕیی پچڕ پچڕ بوون)، وتی: تۆ ئەوان ئەبینی؟ وتم: ئا. ئەمەیە پەیوەندیی کورد لەگەڵ کورد، یەعنی شتێکی سەیرە، هیچ میللەتێك ئەمەی تێدا نییە، ئێمە لەگەڵ فارسا ئەژین، ئێوە لەگەڵ عەرەب، ئەوان لەگەڵ تورك، لە میللەتەکانی تر ئەمە نییە، ئێمەین ئەم هەستەمان هەیە، ئەمەین کە ماوین و هەزاران ساڵە زمانەکەمان راگرتووە، یەعنی ئەم هەست و عیشق و عەلاقە و هۆگرییەیە، ئەمە لە بەین ناچیٚ، نە بە چەوسانەوە، نە بە گوللەباران، نە بە تیرباران، نە بە کوشتن، لە بەین ناچیٚ.

**+ پێت وت من محەمەدی کەمانگەرم؟**

ـ نا، نا، وتی: ئێستا بەهەر حاڵ تۆ ئەوانت دیوە، من هەست ئەکەم ئێستا رۆحی باوکم لێرەیە، ئیتر خۆم پێ نەناسان، (لێرەدا بارودۆخی کەمانگەر تەواو تێکچوو، ئێمەش ناچار ریکۆردەرەکەمان کوژاندەوە و ماوەیەك بێدەنگیی بوویە پاشای ئێمە و ژوورەکەمان، پێکەوە ئەشك بە سەر رووخسارماندا باریی).

که گەڕاینەوە لە ئوتێلەکە هەستمان کرد خەریکە شتێك ئەقەومێ لە دەرەوە، هاتوچۆ زیادی کرد، وتمان چییە؟ چونکە سەرۆك شارەوانی ئامەد (دیـــاربــەکر) لامان بوو، وتی: (مــــیـــت) هاتووە، ئەڵێن ئــەبـــێ دایبخەن، منیش ئـــەڵێــم: دایناخەم، وتی: ئێوە بە کوردیی قسە ئەکەن، کردووتانە بە کوردیی بازاڕ، ئەمە نابێ، ئەبێ دایبخەن و ئەوانەش کە هاتوون ئەبێ یەکە یەکە بە ئێمە بناسێنن، بینووسن کێیە و لە کوێوە هاتوون؟ ئیتر ئەو رێگەی نەدابوو، کە ئێمە چووینە دەرەوە، بینییمان جەماعەتی (میت) هەموو وەکو گورگ تەماشای ئێمەیان دەکرد، کە ئەتوت مەڕین، بەڵام سەرۆك شارەوانیی پیاو بوو، پێشی پێ گرتبوون، ئەو وەختە ئەیانوت (پەکە)، ئیتر نازانم، بەڵام سەرۆك شارەوانیی بوو، دەسەڵاتدار و پیاوێکی ئازا بوو، تەقریبەن (١ـ٢) سەعات جەماعەتی (میت) مانەوە، دواتر رۆیشتن و کەس کاری پێمانەوە نەبوو، ئیتر هەموو شارەکانیان گەڕاندین، بییرەوەرییەکی خۆشبوو.[1]

**نە حکومەتی رەزاشا، نە کۆماری ئیسلامیی پێیان خۆش نەبوو لە رادیۆکەدا بەرنامەی کــوردیی هـــەبێت**

---

[1] ئەم دیمانەیە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٣ لە نووسینگەی ئەنیستیتۆی فەرهەنگی کوردستان، لە شاری (تاران) ئەنجام دراوە.

لە ژمارەکانی (٧٢٥و٧٢٦)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە رۆژانی ٩/٣ و ٢٠٠٧/٩/١٠ بڵاو کراوەتەوە.

نووسەرو لێکۆڵەر، محەمەد ڕەئوفی تەوەکولیی:

# ئێمەی کورد هەر لە سەرەتاوە بە ویستی خۆمان ئیسلاممان قەبوڵ کردووە



- ناوی (محەمەد ڕەئوف تەوەکولی)یە.

- ساڵی ١٩٣٠ لە شاری (بانە) لە دایکبووە، بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر مەلا موسای تەوەکەڵیی، بنەماڵەکەیان خەڵکی گوندی (تەوەکەڵ)ن لە شاری بانە، نازناوی (تەوەکولی)یش هەر لەوێوە هاتووە.

- ساڵی ١٩٩٧ دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی (تەوەکولیی) داناوە، کارێکی باشی کردووە لەسەر ساغکردنەوەو چاپکردنی دەستنووسەکانی زانایانی کورد، خەمخۆرێکی نەتەوەی کوردەو لە کایە ڕۆشنبیرییەکەیدا بەردەوامەو تەمەنی

**پیریی ڕێگریی لێ ناکات، هەر لە گەڕاندایە بۆ زیندووکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان.**

**لە درێژەی ئەو بەسەرکردنەوەو دیدارانەی لە شاری تاران لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کورد ئەنجامماندا، تا لە نزیکەوە ئاگاداری کاری یەکتر بین، تا کارو پرۆژەی یەکتر بۆ هەردوو لا بگوازرێتەوە، بەڕێز (محەمەد ڕەئوف تەوەکولیی) یەکێکە لەو کەسانە، جگە لە پرۆژەی نووسینی کتێب و کاری نووسین و لێکۆڵینەوە دەزگایەکی چاپو بڵاوکردنەوەیشی هەر لە ماڵەکەی خۆیدا بە ناوی ئینتشاراتی تەوەکولیی داناوەو کۆلانەکەشیان هەر بەو ناوەوە ناونراوە (بنبست توکولی)، ئێوارەیەکی درەنگ بوینە میوانی مامۆستا و ئەم دەمەتەقێیەمان ساز کرد.**

**+ ماوەی چەند ساڵە ئینتشاراتی (تەوەکولیی)ت داناوە؟**

- ماوەی دە ساڵە لێرە ئەم ئینتشاراتەم داناوە.

**+ چەند کتێبت چاپکردووەو چەندیان نووسینی خۆتە؟**

- کۆمەڵە کتێبێکم نووسیوەو کاریشم لەسەر چەندین دەستنووس کردووەو چاپم کردووە، ئەوانەی لە نووسینی خۆمن بریتین لە: مێژووی تەصەوف لە کوردستان، چوار ئیمامی ئەهلی سوننەتو جەماعەت، کە ئەمساڵ چاپی حەوتەمی کرایەوە، هەروەها (جوغرافیا تاریخ بانە)، سێ جار چاپم کردووەتەوە، جگە لەمانە کارم لەسەر کۆمەڵێك دەستنووس کردووە کە لە کتێبخانەکانی ئێراندا دەست دەکەون، چەند دانەم لەو دەستنووسانە زیندوو کردووەتەوەو چاپم کردوون.

دانەیەکیان ناوی (سیر الأکراد)ە، باس لە جوگرافیاو مێژووی کوردستان دەکات، هی بابانو ئەردەڵانو موکریان، دانەیەکی تر (ایلاه وعشائر کرد) کوردێك لەسەردەمی قاجار نووسیویەتی، کتێبێکی تر بەناوی (حدیقه ناصریه و مرآة و زفر) لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە بارەی کوردو کوردستانەوە نووسراوە، (ترجمه تهذیب وکلام تفتازانی)

دەستنووسێکی ترە، بەر لە سەدو پەنجا ساڵ کوردێك بە ناوی (فەخرەدین رواوی) نووسیویەتی لە بارەی زانستی کەلام، ئەویشم چاپکرد، دەستنووسێکی تر (سفرنامە حج) کوردێك بە ناوی (مەلیکولکەلام) نووسیویەتی، بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی ڕۆشتووە بۆ حەج، موناجاتو یادگاریی نووسیووە، منیش چاپم کرد، دەستنووسێکیشم دەستکەوت بە شێوەزاری (هەورامیی) نووسرابوو بە ناوی (شیرین و فەرهاد) ئەویشم چاپکرد، شیعر بوو بە شێوەزاری هەورامیی، دانەیەکی تر بە ناوی (قصیدیە سمّاعیە) هی پیاوێکە هۆگری تەریقەت بووە، هەمووی شیعرە لەسەر شێوەی شیعرەکانی نالی نووسیویەتی ئەویشم چاپکرد، دەستنووسێکی ترم لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای ئێران دەستکەوت، کە حاکمێکی (بانە) بە ناوی عەبدولکەریم سوڵتان بەر لە (١٥٠) ساڵ نووسیویەتی، ئەم حاکمە داستانی ئەلف لەیلەی بە شیعری فارسیی داڕشتووە، منیش وتم: چونکە کوردێك نووسیویەتی چاپم کرد، خۆیشم وتارو مەقالەم زۆر نووسیوەو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوم کردۆتەوە، لە گۆڤاری (مامۆستای کورد) کە لە سوید دەردەچوو، چەند مەقالەیەکم نووسیی لەسەر کوشتنی سمکۆو هەمزە ئاغای مەنگوڕو دانەیەکشیان لەسەر شەڕی ناوخۆی کوردستانی باشوور نووسییم بە ناوی (م. ڕ. کوردستانی) لە گۆڤاری (ئاوێنە)ش شتم نووسیوە، وەڵامی کابرایەکی تورکییم داوەتەوە کە لە بارەی کوردەوە خراپی نووسیبوو، لە ڕۆژنامە فارسییەکانیشدا وەك (کیهان) و (اطلاعات) بابەتم نووسیوە، بە تایبەت لەسەر مەسەلەی ئایینی.

**+ هیچ دەستنووسێکی بەنرخو دێرین هەیە لای تۆ پارێزراو بێت؟**

ـ بەڵێ هەیە، وەك وتم: (سیر الأکراد) (حدیقه ناصریه و مرآة وزفر) (ایلاه وعشائر کرد) کە نوسخەیەکی لە کتێبخانەکانی سوریادا بوون نوسخەیەکی تریشی لە زانکۆی (کامبریدج) بوو، من هێنامو چاپم کرد، ئێستاش هەر لە گەڕاندام لەم کتێبخانانەی ئێراندا دەستنووسی کورد زۆرە، من دەگەڕێم پەیدایان بکەمو چاپیان بکەم، کاری سەرەکیی من لە بارەی کوردەوەیە، زۆر گرنگیی بەو نووسراوانە دەدەم لە بارەی کوردو

کوردستانەوە نووسراوە، دەبێت چاپ بکرێن، نوسخەی دەستنووس ئەگەر چاپ نەکرێن، دەفەوتێن، یان دەستووتێن، یان دەڕزێن، یان مشك دەیانخوات، یان ئاو تەڕیان دەکاتو لەناو دەچن، بۆیە لە هەوڵدام چاپیان بکەم.

**+ هیچ کتێبێکت بەدەستەوەیە چاپی بکەیت؟**

ـ کتێبێکم هەیە بە ناوی (ئیسلام لە کوردستان) لە گەڵاڵەدایە، هێشتا تەواوم نەکردووە.

**+ لە کوردستاندا زۆر دەستنووس هەیە لای خەڵکە، نەخراوەتە کتێبخانەکانی حکومەت، بە دوای ئەوانەدا ناگەڕێیت؟**

ـ بەردەوام لە هەوڵدام، دەبێت چاپیان بکەین، دەبێت بە فارسەکان بڵێین کوردیش لە بارەی ئایینی ئیسلام هەوڵیداوە، نووسراوو زانای گەورەی هەیە، گەورەترین مێژوونووسی ئیسلام (ئیبنولئەسیر) بووە کە کوردە، زانای گەورەی وەك (ئیبن خەلەکان)و (دەینەوەریی) یا شارەزوورییەکان کە زۆربوون، ئەوانە لە بواری شارستانیی ئیسلامدا جێ دەستیان دیارە، دەتوانم بڵێم: لە چاو خاكو وڵاتی خۆمانەوە لە عەرەبەکان لەپێشترین.

**+ دەستنووسی زانای گەورەی کورد (ئەبوبەکری موسەننیف) لە دەوروبەری (مەریوان) هەیە لای بنەماڵەکەی، لە بارەی فیقهەوە نووسیویەتی، ئەو زانایە هاوچەرخی زانای گەورەی ئیسلام (ئیبنولحەجەر) بووەو دەڵێن: نامە گۆڕینەوەشیان هەبووە، هەوڵ نادەیت بیاندۆزیتەوەو چاپیان بکەیت؟**

ـ بەخوا بەوەم نەزانیوە، خوا یاربێت بەدوایدا دەگەڕێم، بەڵکو بە چاپی بگەیەنم، بەڕاستیی تۆ قسەیەکی باشت کرد، منت هاندا شوێنی بکەوم.

**+ ئەی لە بارەی شتە فۆلکلۆریی‌و کولتوورییەکانی کوردەوە، کار ناکەیت کۆیان بکەیتەوەو چاپیان بکەیت؟**

ـ با، هەوڵمداوە، کۆمەڵێك گۆرانیی ڕەسەنم کۆکردۆتەوە، هەروەها پەندم کۆکردۆتەوەو چاپیشم کردووە.

**+ ئەم ئینتیشاراتەی بەڕێزتان بە چ زمانێك کتێبەکان چاپ دەکات؟**

ـ بە کوردییش‌و بە فارسییش چاپ دەکەین، چونکە فارسییەکە زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی ئەوان کورد باشتر بناسن، ئەوان پێشتر دەیانوت: ئەرێ کورد کتێبی هەیە؟ کورد مێژووی هەیە؟ کەسێکی وەك (مەسعودیی) کە مێژوونووسێکی عەرەبە دەڵێت: کورد جنۆکەیە، ئیتر ئەوانیش دەیانپرسیی، فارسەکانیش زۆریان دەیانوت: کوردیی زمان نییە، شێوەزارە، ئێمەش باسمان کرد، نەخێر کوردیی زمانەو شێوەزار نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە، زانا گەورەکانی ئەوان وەکو (موعین)، وەکو (مەلیکولشوعەرای بەهار) زۆر بە ویژدانەوە دانیانناوە بەوەدا کە کوردیی زمانە، وێژە نییە.

**+ زۆر لە کوردەکانی ئێران بە تایبەتی شیعەکان دەڵێن: کورد خاوەنی ئێرانە، خۆمان بە بەشێکی جیاو میوان نازانین، تۆ ڕات چییە؟**

ـ جارێك زانایەکی گەورەی ئێرانییم دی بە ناوی (موحیتی تەبا تەبایی) وتی: ئەرێ ئەوە چییە کورد داوای جیابوونەوە دەکات، منیش هیچم نەگوت، خۆی وتی: ئێوە داوای جیابوونەوە مەکەن، داوای هەموو ئێران بکەن، پێش ئارییاییەکان، کورد لە ئێران بووە، ئێستاش هەر گۆشەیەکی بڕۆیت کوردی لێیە، واتە وڵاتی خۆتانە، ئەمە قسەی ئەو پیاوە بوو، ئەوە (شیراز)، ئەوە (قوم)، ئەوە (کرمان)، کوردی لێیە، لای ئێوە (کەلار) هەیە لای ئێمەش هەر لە باکووری ئێران لە (چارلوس) هەم دێی (کەلار) هەم (کەلار دەشتی) هەیە، هەر بە کوردیی قسە دەکەن، وەك خەڵکی لای (خانەقین) قسە دەکەن، (دەرگەزێن) گەڕەکێکە لە (سلێمانی)، لای (هەمەدان) چەند گوندێك هەیە، ناوی (دەرگەزێن)ە، ئەو زەمانەی هەڵیانبڕیون چوون بۆ ئەو شوێنەی ئێستای (سلێمانیی)، کورد لەکوێ ئاوارەو دوور خراوە کرابێت، ناوی شوێنەکەی یەکەمجاری ون نەکردووە، شوێنە تازەکەی بە ناوی شوێنی پێشووەوە ناو ناوە بۆ ئەوەی لە یادیان نەچێتەوە.

له (سیستانو بەلوجستان) کە کۆتا خاڵی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە، لە ناوچەی (دراوان) کورد بە کوردیی قسەی لەگەڵ کردووم، بە شێوەزاری خەڵکی خانەقین، ناوی موجیبو ڕەحمان ساڵحی بوو، وتم: ئەریٚ کاکە تۆ لێرە فەرمانبەریت، وا هاتوویت بۆ ئێرە؟! وتی: نەوەڵڵا ئێمە خەڵکی ئێرەین، ماڵمان لێرەیە.

**+ لە بارەی ئازادییەوە بۆ کورد، بە بەراورد کام لە حکومەتەکانی ئێران باشتر بوون؟**

ـ ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، کۆماری ئیسلامیی، لەسەردەمی قاجارو ڕەزا شاو حەمە ڕەزا شادا کورد زۆر چەوساوە بووە، زەمانی رەزا شا بەرگی کوردیش قەدەغە بووە، لە شارەکاندا هەرکەس پۆشاکی کوردیی لەبەر بکردایە، نافەکەیان دەبڕی، لێیان دەدا، لە قوتابخانەکاندا قسەکردن بە کوردی قەدەغە بوو، لە قوتابخانەکان نووسرابوو (فارسی سخن گوی) بە فارسی قسە بکەن، کوردیش بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی (شا) خەباتی کرد، قوربانیی زۆریدا، بەشداریی ئینقلابی کرد دژی شا، هەر لە سەرەتای ئینقلابەوە کوردیش بەشداربوو تا سەرکەوتنی ئینقلاب.

**+ کە بەشداری ئینقلاب بوو، ئەی بۆچی حزبە کوردییەکان بوونە ئۆپۆزسیۆنو دوژمنی ئەو کۆمارە؟**

ـ دەستی بێگانە تێکیدا، لە شارەکانی کوردستاندا تفەنگی تورکییم دەدی دەفرۆشرا، زۆر زۆر بوون، لە تورکیا تەسبیحیشت بۆ دەرناچێت، ئەگەر دەستی تورك نییە ئەو هەموو چەکە چۆن هات؟ مەبەستیانبوو کوردو غەیری کورد بدەن بە شەڕ، سەریشی گرت. عێراقو سەددام حسێن هەر ئەو کارەی کرد، بۆ ئەوەی کورد تیا بچێتو کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش زەبوون بێت.

**+ هۆکاری چیبوو کورد تووشی شەڕ هاتو بارودۆخەکەیشی دۆڕاندو بە دەستی بەتاڵ لە گۆڕەپانەکە رۆشتە دەرەوە؟**

ـ دیارە سەرەتای ئینقیلاب لە کوردستان، دامودەزگاکانی شا تالاّن کران، دەزگای (ساواك) هەرچی تێدابوو سووتا، کۆنە ساواکەکان دەستیان زۆر بوو لەو کێشەیەدا (پروندە) فایلەکانیان سووتابوو، کەس نەیزانی کێ خۆفرۆشەو کێ نیشتمانپەروەرە، لە زەمانی (شا)دا شیعەکان نەفیکرابوون بۆ ناوچەکانی کوردستان، بۆ ناوچە سوننەکان، بۆ ئەوەی کوردی سوونني بیانچەوسێننەوە، ئەم ئاغای (خامەنەئی)یە نەفی کرابوو بۆ کوردستان (سنە)، (خالّخالّیی) بۆ (بانە)، (مونتەزیریی) لە (سەقز) بوو،

**لە سەردەمی قاجار و ڕەزا شاو حەمە ڕەزا شادا کورد زۆر چەوساوە بووە، زەمانی رەزا شا جل و بەرگی کوردیی لە شارەکاندا و قسەکردن بە کوردیی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە بوو، کوردیش بۆ ڕووخانی دەسەلاّتی (شا) خەباتی کرد، قوربانیی زۆریدا**

ئاوایان لێکرابوو، بەلاّم بە پێچەوانەوە کورد پێشوازیی باشیان لێکردن، ڕێزیان دەگرتن، چونکە ئامانجیان یەکبوو، ڕووخانی شا ئامانجیانبوو، کاتێك ئەمانە بوونە حکومەت لەسەرەتاوە بەتایبەت لە حکومەتی (مەهدی بازرگان) زۆر لەگەلّ کورد نەرم بوون، نوێنەریان دەهاتە کوردستان، هەولّیاندەدا ئاژاوە نەبێت، بەلاّم بە ڕاستیی چەپەکان تێکیاندا، دژی کۆماری ئیسلامییش بوون، دەیانوت ڕوسیا ئازادمان دەکات، دوایی وتیان نەخێر شیوعییەتی چین باشترە، بایان دایەوە بەلای بیری شیوعیی چیندا، بەوەشەوە نەوەستان، وتیان ئەویش بەکەلّك نایەت، ئەلبانیا باشە شیوعییەکی توندە، ئەوەندە تینووی ئازادیبوون وەك دەلّێت: "ئاو بردوو پەنا بۆ هەموو چلّە پووشێك دەبات". ئەوانیش هەر ڕۆژەی پەنایان بۆ شوێنێك دەبرد، چەپەکان کوردیان فەوتان، دوایش خۆیان کەوتنە گیانی یەکترو شەڕیان بەرپا کردو ڕۆشتن.

**+ ئەو ڕۆژەی لە کۆشکی هونەر یەکمان دی، تۆ زۆر توڕە بوویت لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستانی باشوور، ڕەخنەی زۆرت بوو، ئەو ڕەخنەو سەرنجانەت لەسەر چییە؟**

ـ کەناڵەکانتان پڕن لە گۆرانیی و کچی نیوەڕوتی تێدایە، کوڕو کچ دەبینیت پێکەوە بە شێوەیەکی ناشیرین، زۆر شتتان هەیە، لەو کەناڵە ئاسمانییانەو ڕۆژنامەکانتان دژی دینن، دژی کوردو دابو نەریتی کوردن، ئێمە وەکو کورد هەر لە سەرەتاوە بە ئارەزووی خۆمان ئیسلامان قەبوڵ کردووە، گەلێکی موسڵمانین هەروەها چواردەورمان بە وڵاتانی ئیسلامیی گیراوە، ئەگەر دژی دین بجووڵێینەوە هەر ئێمە زەرەر دەکەین، چونکە جیهانی عەرەبیی دژی کوردن نایانەوێت کورد ببێت بە دەوڵەتو بە مافەکانی خۆی بگات، جا کە ئەو هەموو دژایەتییە دینییە دەبینن پێیانخۆشە دەڵێن: کورد کافرە، بۆچی بەڵگە بدەین بە دەستەوە.

**+ تۆ باست لە هەندێ شتی ئایینیی کرد، ئەوانیش موسڵمانان بەوە تاوانبار دەکەن توندڕەون، ئەو توندوتیژییانە چین بە ناوی ئایینەوە دەکرێنو هۆکارەکان کامەیە؟**

ـ یەکەم شت کە هۆکاری توندوتیژییە کێشەی فەلەستینە، ئەگەر کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت موسڵمانان ئاوا داخ لە دڵ نابن، ئێمە تا ئەم ساڵانەی دواییش لەگەڵ ئاوارە فەلەستینییەکاندا دەگریاین، ئینجا ئەو توندڕەوییە هی دین نییە، دەستی بێگانەی تێدایە، ئەو کارانەی بە ناوی دینەوە دەکرێن، وەك تەقاندنەوە لە شوێنە گشتییەکاندا هەرگیز دین پێی ڕازی نییەو بە ناوی دینەوە دەکرێن، دەستی دوژمنانی دینە، بۆ نموونە ئەگەر ئەو کەسە تەقینەوەیەك دەکات بۆ ئەوەی یەك کەس کە بە دوژمنی خۆی دەزانێت بکوژێت، بەڵام دووسەدی بێتاوان پێوە دەبن، دەی ئەوە کەی ڕاستە؟ کەی خوا ئەوەی قەبووڵە؟ من دەڵێم: ئەوە کاری موسڵمان نییە، ئەو کارەم بەلاوە زۆر هەڵەیە ئیتر بن لادن دەیکات، هەرکەسی تر دەیکات، هەمووی هەڵەیە، بەڵام شتێکیش هەیە ئەو هەموو دژایەتییو سووکایەتییەی بە ئیسلامو پیرۆزییەکانی دەکرێن

هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی توندڕەویی، ئەوانەی ئەو سووکایەتییانە دەکەن بەرپرسیشن لە سەرهەڵدانی توندوتیژییەکان، هەموویان هەڵەن.

**+ با دوا پرسیارمان بێیەنەوە سەر کێشەی کورد، کورد چ هەنگاوێك بگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی؟**

ـ یەکەم شت خوێندنو زانیاریی، دووەم: دەستگرتن بە دابو نەریتی کۆمەڵایەتیی خۆمانەوە، نابێت بیاندۆڕێنین، نابێت هەمووی لە ڕۆژئاوادا بتوێنینەوە، ئەی خۆمان چیمان هەیە؟ پاشان سوود وەرگرتن لە قوربانیی و مەینەتییەکان، ئێوە ئەو کۆڕەوە گەورەتان هەیە، کە لە ساڵی ١٩٩١ ڕوویدا، نابینم گرنگیی پێبدەن، نابینم لە تەلەفزیۆن خەڵك بەردەوام یادی بکاتەوە، بڵێ: لە فلانە شوێن ئاوامان بەسەر هات، لەو جێگەیە خەڵك فریامان کەوت، یان کارەساتی (هەڵەبجە)، ئەوە کارەساتێکی جەرگبڕە، نابێت لە بیر بکرێت، بەر لە شەڕی کەنداو لە (تاران) پێشانگایەکی نەقاشیو نیگارکێشی کرایەوە لەسەر کارەساتی (هەڵەبجە)، بەڕەحمەت بێت هەزار موکریانی ڕۆشتبوو بۆ لایان، وتبووی بە قوربانتان بم برا کوردەکان ئەو کارەساتی (هەڵەبجە) هەر گەورە بکەنەوە، گرنگی زۆر پێ بدە، بەڵکو کورد سوودی لێ ببینێت، جولەکە کارەساتی هۆڵۆکۆستیان گەورە کرد، کە واش نەبوو تا ئەو قازانجەیان لێ بینی، ئێوەش هەروا بکەن، بەڵام کورد نازانێت بەکاری بێنێت.

خاڵێکی تر سەرکردەکانی کورد دەبێت مێژووی کورد بخوێننەوە، بزانن هۆکاری شکستەکانی ڕابردووی ئەوان چییە؟ شێخ عوبەیدوڵڵا، هەمزە ئاغا، سمکۆ، قازیی و.. هتد، بۆچی سەرنەکەوتن، هەموویان فریویان خوارد، بە فێڵ کوژران، پێویستە کورد سوود لە ڕابردوو وەربگرێت.

**+ ئەگەر قسەیەکتان مابێت، ئێمە نەمانپرسیبێت؟**

ـ زۆر سوپاستان دەکەم، کورد دەڵێت: دار پیر دەبێت یەکجار بازی پێوە دەنیشێت، بە ڕاستیی من ئێوە بە باز دەشوبهێنم، لەو دوورەوە هاتوون، ڕێزم هەیە بۆتان، هەر سەرکەوتوو بن.[1]

[1] ئەم دیدارە لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥ لە ماڵی خۆیان لە بەشی خواروی شەقامی (وەلیعەسر) لە شاری (تاران) ئەنجام دراوە.

ـ لە ژمارە (٢٩٣)ی رۆژنامەی (کۆمەڵ) لە رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٦ بڵاو کراوەتەوە.

### ئایەتی محەمەدیی، نووسەر و سیاسەتمەدار:

# کورد خاوەنی ئەسڵیی ئێرانە



- سالّی ١٩٧١ی زاینی لە بنەماڵەیەکی گەورەی کەڵهوڕ لە ناوچەی ئەیوانی خۆرئاوای سەر بە پارێزگای لوڕستان (ئیلام) لە دایکبووە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی تەواو کردووەو زیاتر لە شەش کتێبی چاپکردووەو چەند کتێبێکی ئامادەی چاپن، لە بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ئیرشاد ئەندامە، هەروەها ئەندامی شورای رەهبەریی بەرەی یەکگرتووی کورد (جبهه متحد کرد)ە، لە شاری تاران دادەنیشێت.

کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەنی کۆمەڵێك دەنگ‌و قەڵەمی نوێن، ئەوان ئێمە باش دەناسن، ئاگاداری ڕەوشی کوردستانن، وەلێ ئێمە وەکو پێویست ئەوان ناناسین، یان تەنها چەند کەسێکیان دەناسین، ئەوان حزبێکی

**گەورەیان هەیە بە ناوی (جبهه متحد کرد) بەرەی یەکگرتووی کورد، سەرۆکەکەیان (بەهادین ئەدەب، یان موهەندیس ئەدەب) سیٚ ڕۆژ بەر لە سازدانی ئەم دیدارە مەرگ یەخەی گرتو لە کوردو بەرەی جیا کردەوە، ئەفسوس بڕیاربوو ئێمە دیداری بکەین، چەند ڕۆژێك چاوەڕوان بووین، لە ناکاو هەواڵی مەرگی هات، لەم دیدارەدا ئاغای (ئایەتی محەمەدیی) ئەندامی شورای ڕەهبەری ئەو بەرەیە، پەنجە دەخاتە سەر ڕەوشی کوردو کوردستانو بەرەی یەکگرتوو و ژیانی موهەندیس ئەدەبو کوردەکانی ئێران بە گشتیی.**

**+ لە بارەی کوردەکانی ئێران، جگە لە ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستانو بەشێکی ئازەربایجانی غەربی، کورد لە کوێی تری ئێران هەیە؟**

ـ لە کتێبەکەم بە ناوی (تأریخ سیاسیی کردها) بەشێکم داناوە بە ناوی کوردە پەڕاگەندەکان، من باوەڕم وایە تەواوی سەرزەمینی ئێران موڵكو ئاوایی کورد بووە، کورد خاوەنی ئەسڵیی ئێرانە، لە هەر شوێنێکی وڵاتی ئێراندا تەماشا دەکەیت کورد هەیە، تەماشا دەکەیت لە ناوچەی (کرمان) بارزانییەکان لەوێ بوونو دواتر کۆچیان کردووە بۆ باکووری کوردستانی عێراق، پارێزگای (خۆراسانی شمالی) کە دەکەوێتە سنووری ئەفغانستانەوە، لە سەدا هەشتای کوردن، (خوراسانی ڕەزەوی) واتە (مەشهەد) لە سەدا چلی کوردن، واتە تەنها لە زاگرۆس کورد نەبووە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە لە تەواوی ئێراندا پەخش بوون، لە کرمانو پارێزگای فارس کورد هەبوون، ئێستاش ئوستانی فارس کوردی زۆری لێیە، بەڵام ناتوانم ژمارەیان دیاریی بکەم، لە ئەهواز کوردی زۆری لێبووە، لە پارێزگای (سیستانو بلوجستان) کوردی زۆری لێیەو ئێستاش هەر بە کوردیی قسە دەکەن، لە شیرازو ئەسفەهان، لە خودی شاری تاران، بە گوێرەی ئامار، یەك ملیۆنو هەشت سەد هەزار کوردیی لێیە، بەڵام ڕاستییەکەی من دڵنیام زیاتر لە سیٚ ملیۆن کورد لە تاراندا هەیە، چونکە هەر لە کۆنەوە کوردی لێبووەو یەکێك لە شوێنە دێرینەکانی تاران کوردنشین بووە، دەماوەند شارێکی گەورەیە، قەزایەکە لە

پشتی تارانەوە، ئەو دەڤەرە بەشی هەرە زۆری کوردن، ئێستاش هەر کوردن، تەنانەت کە ئاهەنگی نەورۆز دەکەن ڕێك وەك خەڵکی شاری سلێمانیی ئاهەنگی بۆ دەکەنو سوارسوارێنو غارغارێن دەکەن، وەك چۆن جاران لە سلێمانیی دەیانکرد، هەروەها باکووری ئێران مازندەرانو گەیلانو گوڵستان، کوردێکی زۆری لێیە، لە سنووری ئەفغان، شاری قوچان هەیە، تەواوی ئەو شارە کوردن، شاری قوم کە لە ئێراندا پێگەیەکی دیاری هەیە لە سەدا چلی ئەو شارە کوردن، ئێستا بوونیان هەیەو بە کوردییش قسە دەکەن، من یەکەم کەسم لە کتێبەکەمدا ئاماژەم پێداوە، شاری (هەمەدان) نیوەی کوردن، من چەندجار ڕۆشتووم بە زمانی خۆمان بە شێوەزاری لوڕ قسەمان کردووەو زۆریش حەز دەکەن بە کوردیی قسە بکەن، بۆیە هەر کە دەچم دەڵێن بە کوردیی قسە دەکەین، نەك بە فارسیی.

**+ کورد چەند نوێنەری هەیە لە پەرلەمان و وەزارەتی ئێران؟**

ـ دیارە کورد لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران هەن، لە سەدا حەفتای کوردەکان شیعەن، بۆیە گرفتیان نییە لە حکومەتی ئێران، ئێستا وەزیرێکمان هەیە بە ناوی مەسجیدی کە مناڵی کرماشانە، لە هەموو شارە کوردییەکانیش نوێنەر بۆ پەرلەمان هەیە، تەقریبەن کرماشان نۆ نوێنەری هەیە، کوردستان حەوت ئەندامی هەیە، ئازەربایجان چوار نوێنەری هەیە، خۆراسانیش هەروەها چەند نوێنەرێکی کوردی هەیە، ئیتر بە وردی نازانم چەندن، بەڵام کورد نوێنەری خۆی هەیە.

**+ گەر بچینە بواری کاری سیاسییەوە، جەبهەی موتتەحیدی کورد ساڵی چەند دامەزراوەو کارو چالاکیی لە کوێیە؟**

ـ بەر لە دوو ساڵ، ساڵی ١٣٨٤ دامەزرا، لە ئێران ڕەسمیەتی هەیەو لە تەواوی کوردستاندا کارو چالاکیی هەیە، لە هەر ئوستان (پارێزگا)یەك چەند کەسێکی لە ئاستی شورادا هەیە، کرماشان (١٥) کەسی هەیە، کوردستان (سنە) (١٥) کەس، ئازەربایجان (١٥) کەس، ئیلام (١٥) کەس، شاری تارانیش (١٥) کەس، کوردەکانی خۆراسانیش

داوایان کردووە (١٥) کەسیان هەبێت، هەر ئوستانێك لە (١٥) کەس، پێنج کەس هەڵدەبژێرن بۆ شورای مەرکەزی، لەو پێنج کەسەش یەك کەس بۆ شورای ڕەهبەریی دیاریی دەکرێت، من ئەو یەك کەسەی پارێزگای ئیلامم. شورای ڕەهبەری پێنج کەسن‌و خوالێخۆشبوو (موهەندیس ئەدەب) کە پێرێ کۆچی دوایی کرد سەرۆکی ئەو شورایە بوو.

**+ جەبهەی موتتەحید لە شارەکاندا بارەگای هەیە؟**

ـ لە هەر پارێزگایەکی کوردنشین دەفتەرمان هەیە، لە ئازەربایجان دوو دانەمان هەیە، دانەیەك لە ورمێ، دانەیەکیش لە مەهاباد، لە سنە (کوردستان)، کرماشان، ئیلام‌و تارانیش هەمانە، ڕۆژی هەشتی مورداد (٧/٣٠) شواری مەرکەزی لەگەڵ ئاغای ڕەفسەنجانیی کۆبوونەمان هەبوو، ئەوان هەڵوێستیان زۆر ئیجابی بوو.

**+ جەبهەی موتتەحیدی کورد، سوننییەکان یان شیعە لە خۆ دەگرێت، یان هەردووکیان؟**

ـ هەردووکی تێدایە، سوننەو شیعە بەشدارن، لای ئێمە باسی مەزهەبیی لە ئارادا نییە، تەنها کوردێتییمان مەبەستە، ئیتر شیعە بێت یان سوونی، مەسەلەیەك نییە.

**+ ئاغای موهەندیس ئەدەب چەند ساڵ سەرۆکی بەرەی یەکگرتووی کورد بوو؟**

ـ لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە سەرۆك بوو تا وەفاتی کرد.

**+ کەس لە شوێنی ئەو دانراوە بۆ سەرۆکی بەرە؟**

ـ نەخێر تا ئێستا دانەنراوە، ماوەیەکی تر شورای مەرکەزیی کۆ دەبێتەوەو بڕیاری لەسەر دەدات.

**+ وەك بیستومانە موهەندیس ئەدەب بە پارەی خۆی جەبهەی موتتەحیدی کوردی دەژیاند، دوای ئەو چی دەکەن، کارەکانتان پەکی ناکەوێت؟**

ـ جەبهەی موتتەحید لەسەر شانی ئەو نەدەژیا، بەڵکو ئەو هاوکاریی باشی دەکرد، بەڵام سەرچاوەی تری خۆی هەیە.

**+ موهەندیس ئەدەب هیچ کتێبو دانراوێکی هەیە؟**

ـ بەڵێ، چەند کتێبی هەیە، یەکێك بە ناوی (فریادی گویتلە) کە کتێبێکی زۆر باشە.

**+ کەسایەتی ئاغای ئەدەب تا چەند کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەو بەرەیە؟**

ـ کەسایەتییەکی گەورەی هەبوو، لە هەموو ئێراندا ناسراو بوو، لە بواری سیاسییو کۆمەلایەتییو بوارەکانی تریش ناسراوبوو، ڕۆژی هەینیی سەداو سیما هەواڵی مەرگی ئەوی ڕاگەیاند، تەنانەت وتی: (أدب أز تهران رفت) ڕۆژی وەفاتەکەی خۆتان هاتن بۆ ماڵی ئەو، ئەوەبوو دیتان چۆن کوردان ماتو خەمبار بوون، لە شاری سنەش پرسەیەکی گەورەی بۆ سازکرا، هەزاران کەس لە پێشوازیی تەرمەکەیدا بوون.

**+ چەند دەورە نمایندە (نوێنەر) بوو لە پەرلەمان؟**

ـ دوو دەورە، لە دەورەی پێنجەمو شەشەم ئەندام بوو، نمایندەی خەڵکی کوردستان (سنە) بوو.

**+ لە کۆتایی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی پەرلەمان ساز دەکرێت، ئەندامانی ئێوە بە نیازن خۆیان کاندید بکەن؟**

ـ بەڵێ بە نیازین، من وەکو خۆم بەنیازم خۆم بپاڵێوم.

**+ ئەم دیدارە بۆ گۆڤاری (شارەزوور)ە، بەڕێزت کەڵهوڕییت، لای ئێمەش لە شارەزوور کەڵهوڕی لێیە ئاگاداریت؟**

ـ ئەوکاتەی بۆ فێستیڤاڵی شێخ مەحمود هاتمە سلێمانی، زۆرێك لە کەڵهوڕەکانم دی، لە ناوچەی کەلارو گەرمیان زۆری لێیە، بە تایبەت کاك ئەحمەد کەلاریی کەسێکی دیارو چالاکە لە ناو کەڵهوڕەکاندا.

**+ لە شاری سەیدسادق دێیەك هەیە بە ناوی کەڵوڕان، عەشیرەتێکیش هەیە بە ناوی کەڵهوڕ، کەسیان دەناسیت؟**

ـ ئاگادارم، حەزیش دەکەم بیانناسم، کتێبێکم هەیە بە ناوی (جغرافیا تاریخ ایوان کلهور) باسی کەڵهوڕەکانی گەرمیان، شارەزوور، هەڵەبجە، سلێمانی و هەولێرم کردووە.

**+ ئەو کتێبانەی نووسیوتن، یان ئامادەت کردوون ناویان چییە؟**

ـ چەند دانەیەکم نووسیوە شەشیان چاپکراون، ئەمە ناوەکانیانە: (جغرافیا تاریخ ایوان کلهور)، ڕۆمانی (چاوان)، (تاریخ سیاسی کرد و کردها قم) باسی مێژووی سیاسیی کوردو کوردەکانی قوم دەکات، (بازیها محلی ایلام) باسی یارییە کۆنەکانی ئیلام دەکات، (ایلام به روایتی اسناد)، (مبارزات شێخ محمود برزنجی به ریوایتی اسناد)، (شیخ أحمد بارزانی به ریوایتی اسناد) و کتێبێکم هەیە بە ناوی (ابادیهای ایلام).

دوو کتێبم بە دەستەوەیە بیاننوسم بە ناوەکانی (باستابه مقالات سیاسی، اجتماعی کوردستان ترکیه، عیراق در مطبوعات ایران) و (مقالات و گزارشات درباره ایلام، کرماشان، کردستان، لرستان، أزربایجان غربی در مطبوعات کشور).[1]

## تێبینی:

١ـ ئەم وتووێژە بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی (مەجلیسی شورای ئیسلامی) ساز دراوە، بەڵام کاتی هەڵبژاردنەکان کاتێك کاك (ئایەت محەمەدیی) خۆی (نامزد) کاندید کرد، لەبەر ئەوەی سەر بە باڵی ئیسلاحییەکانبوو رێگەی پێنەدراو رەد کرایەوە.

٢ـ کاك ئەحمەد کەلاریی، یەکێك بوو لە پەرپرسە باڵاکانی (ی.ن.ك) لە شاری کەلار، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم دیمانەیە پەیوەندیی پێوە کردین، بۆ (١٠٠) دانە لە گۆڤاری (شارەزوور) و بڕیاربوو لە ئایندەدا یەك ببینین، بەڵام مەرگ بواری نەداو کاتێکمانزانی هەواڵی کۆچی دوایی ئەومان بیست. ناوبراو دۆستی کاك ئایەت بوو.

٣ـ پاش ماوەیەك لە بڵاو بوونەوەی دیمانەکەمان، بەرەی یەکگرتوو (جبهه متحد کرد) کۆبوونەوەی شورای سازدا، دوکتۆر بایەزید مەردۆخیی بە وتەبێژی بەرە دەستنیشان کرا.

---

[1] ئەم دیمانەیە لە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٩ لە شەقامی (چهار راه گرگان) لە شاری (تاران) ئەنجام دراوە.
ـ لە ژمارە (٢١)ی گۆڤاری (شارەزوور) لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ بڵاو کراوەتەوە.

زانیار کەمانگەر، بێژەر و دوبلۆر:

# هەرکاتێك بە دڵسۆزیی‌و خۆشەویستیی‌و عەشقەوە کار بکەیت، بەرهەمیشت جوان دەبێت



کاتێك تەماشای شاشەی کەناڵە کوردییەکانی خۆمان دەکەیت، یان بە دیار زنجیرە فیلمێکەوە دادەنیشیت، هەست دەکەیت ئەو تام‌و چێژەیان نییە، بەڵام ئەو ساتەی گوێ لە بێژەرێکی کەناڵی سەحەر دەگریت، دلگوشاد دەبیت، یان کە سەیری زنجیرە فیلمە دۆبلاژکراوەکانیان دەکەیت، ئیتر بە دەست خۆت نییەو بە دیاریەوە دەمێنیتەوە تا کۆتایی دێت، زۆر جارانیش لەبەرخۆتەوە دیالۆگەکانیان دەڵێیتەوە.

**زمانێکی شیرین‌و پاراو لە ڕستەو دەستەواژەی کوردیی، ڕوویەکی جوان‌و سیمایەکی کراوەو دەم بە خەندە، زیاتر لەوانەش دوو کەس، ئاغایان (عەبدوڵڵای عابیدی، زانیاری کەمانگەر)، دیارترن.**

**زانیار کەمانگەر توانیویەتی ئەو شاشەیە بڕازێنێتەوە، ئاغای کەمانگەر لە دیدارێکی تایبەتدا بە زمانە شیرین‌و پاراوەکەی، هێدیی هێدیی لە بارەی کاری بێژەریی‌و پڕۆژەی دۆبلاژەکەیانەوە دوا و نهێنی ئەو سەرکەوتنەی کارەکانیانی خستە روو.**

**زانیاری کەمانگەر کوڕی ڕۆژنامەنووس‌و بێژەری بەناوبانگ محەمەدی کەمانگەرە، ساڵی ١٩٧٧ لە شاری کرماشان لەدایکبووە، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا (١٩٨٦)، ماڵیان دەچێت بۆ شاری تاران، بە هۆی ئەوەی باوکی کاری بێژەرییەکەی گوازرابووەوە بۆ ڕادیۆی تاران، لە ساڵی (١٣٧٥) واتە (١٩٩٩) لە کەناڵی ئاسمانیی سەحەر دەستی بەکار کردووە.**

**+ لە کەیەوە کاری بێژەری دەکەیت؟**

ـ لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دەستم بە کاری بێژەریی کردووە، بەڵام تا یەکساڵ تۆمارکراو بوون دواتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێشکەشم کردووەو هەروەها بەرنامەی (گۆڤاری ڕامیاریی حەوتە)و هەندێك بەرنامەی تری ڕاستەوخۆم پێشکەش کرد.

**+ چۆن کاری بێژەرییت هەڵبژارد، قەزاوقەدەر بوو، یان حەزو خولیای خۆتبوو؟**

ـ وەك وتم: باوکم خۆی بێژەر بوو، واتە هەر لە منداڵییەوە بەو کارە ئاشنا بووم، بە هۆی باوکمەوە لە کاری بێژەریی‌و دۆبلاژ نزیك بووم‌و لە قۆناغی ئامادەیی خولێکم بینیی، ئیتر وردە وردە بەرەو کاری بێژەریی ڕۆشتم.

**+ بێژەرانی سەحەر لای کوردان خۆشەویستن، هۆکاری ئەوە چییە کە توانیوتانە لە دڵی بینەراندا جێی خۆتان بکەنەوە؟**

ـ یەکەم شت خۆشەویستییو مەحەبەتی خۆیانە بۆ ئێمە، بۆیە سەرەتا زۆر سوپاسیان دەکەین، ئەوان بەردەوام بینەری کەناڵەکەمانن‌و ڕەخنەو سەرنجەکانیانمان بۆ دەنێرن، ئێمەش لەسەر چاومانیان دائەنێین، پاشان ئەو گرووپەی لە سەحەر کار دەکەن، کارەکانیان زۆر خۆشدەوێت، بۆ کارەکان زۆر دڵسۆزن، گەورەترین هۆ هەر ئەوەیە، مناڵەکانی سەحەر بە دڵسۆزییو خۆشەویستییەوە کار دەکەن، جا هەرکات بە عەشقەوە کار بکەیت، کارەکانت جوان دەبێت.

**+ وەك ئاگادارین ئێستا تۆ بەڕێوەبەری بەشی دۆبلاژی کەناڵی ئاسمانیی سەحەریت، سەرەتای کاری دۆبلاژی کوردیی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

ـ پاش سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامیی لە ئێران، خوالێخۆشبوو (ئەردەڵانیی) فیلمی (محمد رسول الله)و چەند فیلمێکی تری دۆبلاژ کرد بۆ کوردیی.

**+ ئەی خۆت لە کەیەوە کاری دۆبلاژ دەکەیت؟**

ـ وەك وتم ساڵی ١٩٩٦ کارەکانم دەستپێکرد، ساڵی ١٩٩٧ بەشی دۆبلاژ کرایەوە، لەوکاتەوە بەشدارم لە کاری دۆبلاژ.

**+ ئێوە پێوەرو بنەمایەکتان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەو سریاڵو زنجیرەفیلمانەی دۆبلاژیان دەکەن بۆ کوردیی؟**

ـ بەڵێ سەد دەرسەد هەمانە، دوو بنەمامان هەیە، یەکەم: داواکاریی بینەران، زۆرجار بینەران لە کوردستانی باشوور، بە ئیمەیل‌و تەلەفۆن داوای دۆبلاژی زنجیرەیەك دەکەن، کە بە دڵیانەو لەگەڵ واقعی ئەوان دەگونجێت، دووەم: خۆمان موتابەعەی سریاڵە فارسییەکان دەکەین، بزانین کامەیان بە کەڵك دێت، بۆ کوردستان باشترە، دەستنیشانی دەکەین، دواتر داوا لە بەڕێوەبەرایەتی (صداو سیما) دەنگو ڕەنگی ئێران دەکەین، ئەوانیش زنجیرەکەمان بۆ دێنن، ئێمەش کۆپیی دەکەین‌و دەست دەکەین بە دۆبلاژکردنی.

**+ ئێوە خۆتان سەرپشکن لە دیاریکردنی زنجیرەفیلمێك بۆ دۆبلاژی کوردیی، یان بەڕێوەبەرایەتی دەنگو رەنگ (صداو سیما) دیاریی دەکات؟**

ـ نەخێر، خۆمان سەرپشکین، وەك باسمکرد ئەو دوو هۆکارە، یەکەم: داواکاریی بینەران، کە کاك داود ڕێواس و بەڕێوەبەرایەتی سەحەر گرنگیی تەواوی پێدەدەن، دووەم: خۆمان دەستنیشانی دەکەین.

**+ لە کاتی دۆبلاژدا هەریەکێ لە ئێوە هەموو دیالۆگەکان بە یەکجار دەڵێت‌و دواتر مونتاژ دەکرێت، یان لەگەڵ گرتەی هونەرمەندە فارسەکەدا، دیالۆگەکانی خۆتان دەڵێن؟ بە گشتیی چۆن دەیکەن؟**

ـ سەرەتا فیلمە فارسییەکە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردیی، بەڕێوەبەری دۆبلاژ دێت، ئێمە پێی دەڵێین: (سین کردن)، بەشی دەکەین، سکانس بە سکانس، پلان بە پلان، جیای دەکەینەوە، ڕستە کوردیی‌و فارسییەکە ئەندازە دەکەین، یەکسانی دەکەین بەقەد یەك، پاشان فیلمەکە لێئەدرێت، چەندجار ڕاهێنانی لەسەر دەکەین، گوێ لە ئەکتەرە فارسەکە دەگرین، بزانین چۆن ڕۆڵی بینیوە، وەریدەگرین، پاشان دەڕۆین بۆ قۆناغی تۆمارکردن، دۆبلاژ دوو جۆری هەیە، خراپ نییە باسی بکەین، یەکەم: ئەوەیە هەموو دۆبلۆرەکان بەیەکەوە دەڕۆنە ناو ستۆدیۆ، لە سکانسی یەکەمەوە دەستی پێدەکەن تا دواین سکانس، کە فیلمەکە تەواو دەبێت.

جۆری دووەم: ئەوەیە کە چەند ساڵێکە بووەتە باو، پێی دەڵێن ئینکاسترۆ، ئەمەیان بریتییە لەوەی هەر دۆبلۆرێك دێت، کەسایەتییەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دیالۆگەکانی خۆی دەڵێت، بەڵام بە زۆریی (٩٠٪)، هەر بەو جۆرەیە کە هەموو دۆبلۆرەکان پێکەوە دادەنیشین، گوێ لە یەکتر دەگرین، هەستی خۆمان بۆ یەکتر دەگۆڕینەوە، کاتێك من قسە دەکەم هەستی خۆم بۆ ئەو دەگوێزمەوە، کاتێکیش ئەوی بەرانبەرم قسە دەکات هەستی خۆی بۆ من دەگوازێتەوە، من وەکو خۆم ئەو کارەم بە دڵە، ئەو کارە هونەرییترە، جوانترە، چونکە هەموومان کۆمەك بە یەکتر دەکەین، سوود لە یەکتر وەردەگرین.

**+ زۆرجار ئاگادارین لە بەرنامەی سەحەرو بینەران، خەڵکێکی زۆر داوای دۆبلاژی فیلمێك دەکەن، ئێوە تا چەند بە دڵیان دەکەن؟**

ـ زۆرجار تا ئەو جێگەی پێمان کرابێت بە دڵی ئەوانمان کردووە، بەڵام جاری وا هەیە بینەرانی خۆشەویستمان لە کوردستانی عێراق داوای دۆبلاژی فیلمێك دەکەن، بەڵام ئەو فیلمە موڵکی صەداو سیما نییە، چونکە زۆرجار زنجیرە فیلمێك ئەهلییە، خاوەنەکەی تەنها بە مەرجی یەکجار دابەزاندن دەیفرۆشێت، ئێمە ناتوانین دۆبلاژی بکەین، دەنا ئەوەندەی پێمان کرابێت بە تایبەت کوردەکانی عێراق (کە ئێمە زۆرترین بینەرمان لەوێیە)، داواکارییەکانیان لەسەر چاومان دادەنێین.

**+ لە کاتی دۆبلاژکردنی فیلمەکاندا وشەگەلێك بەکار دێنن، کە تەنها تایبەتن بە کوردستانی باشوور، وەك کارەبا، سەیارە، سەلاجە.. هتد، ئەوە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە ئێوە فیلم بۆ کوردستانی باشوور دۆبلاژ دەکەن؟**

ـ ئێمە زۆرترین بینەرمان لە کوردستانی عێراقە، بۆیە کاتێك دۆبلاژ دەکەین، ئەوە لەبەرچاو دەگرین ئەو شتانە بەکار بهێنین کە لای ئەوان بەکار دێن، بۆ ئەوەی ئاسانتر لێی تێبگەن، دەنا ڕاستە لای خۆمان سەیارە بەکار ناهێنین، خۆمان دەڵێین ماشێن، بەرق، یەخچاڵ.

**+ زۆرجار هونەرمەندێکی فارس (ئێوە بازیگەری پێدەڵێن) لە چەند سریاڵێکدا ڕۆڵ دەبینێت، ئێوەش دۆبلاژیان دەکەن، بەڵام هەر جارەو دەنگی کەسێکتانی لەسەرە، ناکرێت یان باشتر نییە یەك کەس دەنگی ئەو هونەرمەندە لە هەموو زنجیرە فیلمەکاندا هەڵبگرێت؟**

ـ زۆر سوپاس بۆ ئەوەی ئاماژەت پێکرد، ئەوە شتێکی سەرەکییە، تەنانەت لەناو فارس‌و زنجیرە جیهانییەکانیشدا هەیە، ئەو قسەیەی تۆ جوانە، بەڕای من شتێکی باشە کە هونەرمەندێك یەك کەسی ئێمە دەورەکەی وەربگرێت، چونکە خوو بەو دەنگەوە دەگرێت، کاتێك لە فیلمێکی تردا دەگۆڕێت، ئەویش سەری لێدەشێوێت، وەك من دەنگی

هونەرمەند (کامبیزی دیرباز)م هەڵگرت، بە ناوی (پەیمان) لە فیلمەکانی تریشدا هەر دەنگی ئەو هەڵبگرم باشترە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت جاری وا هەیە هونەرمەندێك ڕۆڵێك دەبینێت، هەرهەمان هونەرمەند لە فیلمێکی تر ڕۆڵ دەگێڕێت، بەڵام تەواو پێچەوانەی ئەوی پێشوو، بۆ نموونە لەوی پێشوو ڕۆڵی پیاوێکی هێمنو لەسەرخۆی دیوە، جاری دوایی ڕۆڵی کەسێکی توڕەو کەللەشەق دەنوێنێت، من کە بەڕێوەبەری دۆبلۆرم کەسێك دیاری دەکەم دەنگی ئەو بازیگەرە لەو فیلمەدا هەڵبگرێت، خۆتان دەزانن نواندن، قسەو لەشو لار و هەڵسوکەوتو دەنگە، ئەمەش بەڕێوەبەری دۆبلاژ کەسێك بە شیاو دەزانێت بۆ ئەو فیلمە، چونکە دەنگی لەگەڵ ڕۆڵی ئەکتەرە ئەسڵییەکەدا دەگونجێت، بەڵام بۆ سریالێکی تر بەڕێوەبەری دۆبلاژ وای بە صەلاح دەزانێت کەسەکە بگۆڕێت، چونکە پێی وایە دۆبلۆرە کوردەکە ئیتر دەنگی لەگەڵ ئەکتەرە فارسەکەدا ناگونجێت.

**+ ئەو دەنگەی بۆ سەر دەنگی ئەکتەرە فارسەکان دایدەنێت ڕەچاوی هیچ مەرجێك دەکەن بۆ گونجاندنو یەکسانیی نێوانیان؟**

ـ بەڵێ بەڕێوەبەری دۆبلاژ سەیر دەکات دەبێت دەنگی دۆبلۆرە کوردەکە لەگەڵ قەلافەتی ئەکتەرە ئەسڵییەکەدا بگونجێت، جگە لەوە ئێمە زۆر گرنگیی بە دانو لێو ئەدەین، چونکە لێوو دەمودان دەوری سەرەکییان هەیە لە پاراستنی دەنگو ڕێکوپێکیشیدا، هەیە دەنگی لە کەسێکی پیر دەچێت، بۆیە هەمیشە بۆ ئەکتەرە بەتەمەنەکانی دادەنێین، هەروەها بەڕێوەبەری دۆبلاژ دەڵێت: ئەو ئەکتەرە ڕۆڵی کەسێکی وا دەبینێت مەرجمان هەیە بۆ گونجاندنی دەنگی کەسە کوردەکە لەگەڵ تەمەنو بالای کەسە فارسەکە.

**+ ئەو کەسانەی لە کەناڵی سەحەر کاری دۆبلاژ دەکەن، وەك خۆتان دەڵێن (دۆبلۆر)ن، خەڵکانێکی ئەکادیمین، یان حەزو خولیاو ئەزموونیان هەیە؟**

ـ هەردوو جۆرەکەمان لایە، هەمانە خوێندکاری زانکۆیەو هەشمانە زانکۆی تەواو کردووە، بە تایبەت ڕشتەکانی هونەرمان زۆر تێدایە، بەڵام خەڵکیشمان هەیە ئەکادیمی نییەو بەشە هونەرییەکانی زانکۆکانی نەخوێندووە، بەڵام کارەکانی زۆر جوانو سەرکەوتووە، دیارە ئەکادیمبوون زۆر باشە، بەڵام بە ڕای خۆم دەبێت بەر لە هەموو شتێ هونەری تێدا بێت، دەنا سەرکەوتوو نابێت، لە بێژەری، لە دۆبلاژ، لە هەرکارێکی تر دەبێت ئەو هونەرەی تێدا بێت، ئەگەرنا دوکتۆراش لە هونەر وەربگرێت سەرکەوتوو نابێت، ئەوەش بزانە ئەو بەهرەیە خوداییە لە مرۆڤدا، لە دوایین کارمدا کەسێکیان پێناساندم بە تەلەفۆن گوێم لە دەنگی گرت، زانییم دەنگی گونجاوە، بانگمان کرد، هەرگیز کاری دۆبلاژیشی نەدیبوو، بەڵام کوردییەکەی پاکو ڕەوان بوو، ناردمانە ژووری ستۆدیۆ، یەکەمجاری بوو، بڕوام پێبکەن ئەتوت پێنج ساڵە کاری دوبلە دەکات.

**+ لە فیلمە فارسییەکاندا دەستەواژەی تایبەت بە خۆیان تێدایە، ئێوە لە کاتی دۆبلاژدا دەستەواژەکانی ئەوان ئەکوردێنن، یانی دەیگۆڕن بۆ دەستەواژەی کوردیی؟**

ـ بێگومان، جاری وا هەیە لە فارسییەکەدا ڕستەی تێدایە پێکەنیناوییە، ئەگەر بیکەین بە کوردیی زۆر بێمانا دەبێت، بۆیە دەیگۆڕین بە شتێکی کوردیی، جاری واش هەیە دەستەواژەکەی ئەوان هەر بەو مانایە هی کوردیمان هەیە، بەڵام جۆرێکی تر بۆیە دەیکەین بە کوردیی، بۆ ئەوەی بینەرانمان باشتر سوودی لێ ببینن.

**+ ئەکتەرە فارسەکان تا ئێستا هیچ دەستخۆشی، یان گلەییان لێکردوون لەسەر دۆبلاژی فیلمەکانیان؟**

ـ لەوەتەی بەرنامەی (سەحەرو بینەران) ئەو بڕگەیەی داناوە کە میوانداریی ئەکتەرە فارسەکان دەکات، کارێکی زۆر باشە، چونکە هەندێك لەو ئەکتەرانە تا ئێستا هەر ئاگاداریش نەبوون کە فیلمەکانیان دۆبلاژ کراوە بۆ کوردیی، بەڵام هەندێکیان ئاگادار بوون وەلێ بەو جۆرە نا، لەوەتەی ئەو بەرنامەیە ئەکتەرەکان داوەت دەکات، کە ئێمە بە دەنگی خۆمان، لە بری ئەوان لە فیلمەکان ڕۆڵمان بینیوە، ئەوانە هەموو دەستخۆشییان

هەبووەو کەس گلەیی نەکردووە، هونەرمەند (کامبیزی دیرباز) کە من لە بری ئەو لە ڕۆڵی (پەیمان)دا قسەم کردووە، سوپاسی دەکەم کە سوپاسی منی کردبوو، بە ڕاستیی کارەکەی ئەو زۆر قورسبوو، چونکە ئەو زۆر پڕۆفیشناڵانە ڕۆڵەکەی دیبوو، بۆیە زۆر ماندووی کردم، بەڵام من زۆر حەزم پێی بوو، چونکە کارێکی ئەکادیمیو بەرز بوو بەدڵم بوو شوکر بۆ خوا سەرکەوتوو بووم تێیداو ئەویش بەدڵی بووە.

**+ دوێنێ لە فیلمێکی فارسییدا گوێمان لە دەنگی تۆ بوو، دیارە دۆبلاژی فارسییش دەکەیت.**

ـ بەڵێ لە دۆبلاژی فارسییشدا کاردەکەم.

**+ بۆ کام کەناڵ کار دەکەیت؟**

ـ کاتی خۆی تاقیکردنەوەیەکم ئەنجامداو شوکر بۆ خوا سەرکەوتوو بووم، لەو کاتەوە هاوشانی کوردییەکە، دۆبلاژی فارسییش دەکەم، بەڵام ئێمە لێرە سەندیکامان هەیە (انجومن گویندگان) سەندیکای بێژەران، ئەو ئەنجومەنە لەگەڵ دوو لایەن هاوکاریی دەکات، یەکەم وەزارەتی ئیرشاد، فیلمە خصوصییەکان ئەوەی بۆ سی دیو دیڤیدیو ماڵانە دۆبلاژی دەکات، دووەم: لەگەڵ تەواوی شەبەکەکانی صەداو سیمای کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوە سریالەکان دۆبلاژ دەکەن، تایبەت نین بە یەك کەناڵ، کار بۆ گشتیان دەکەین.

**+ بە گشتیی کەناڵی سەحەر چەند فیلمی دۆبلاژ کردووە؟**

ـ کارمان زۆر کردووە، ناتوانم بە ژمارە دیاریی بکەم، بەڵام کاری زۆرمان کردووە.

**+ لە چەند دانەیاندا بەشداریت کردووە؟**

ـ لە زۆربەیاندا بووم، بە تایبەتی ئەوانەی ئەم دواییە وەك: میوانی دوور وڵات، فریشتە، میرات، سەودای خاو، ئێستاش لە زنجیرەیەکدا بەنێوی (مردوو) کار دەکەم.

**+ ئێوە زۆرجار لە کاتی دۆبلاژدا بۆ کوردیی ناوی زنجیرەکان دەگۆڕن، ناوە کوردییەکەش مانایەکی تەواو لەگەڵ فیلمەکە نادات، وەك (خوابو بیدار)تان کردە**

**(تاپۆ) هیچ مانایەکی نییە، تاپۆ بە سەنەدی مولّکێك دەوترێت لای ئێمە، یان (مسافر از هند)تان کردە (میوانی دوور ولاّت) هەرچەند ئەمەیان مانا دەدات، بۆچی ئەو ناوانە وا دەگۆڕن؟**

ـ عەرزکەم هەندێ فیلم ناوەکەی بە کوردیی مانا نادات، بۆیە دەیگۆڕن، وەك (خواب‌و بیدار) ناوێکە بە کوردیی ناشێت، ناچار کرا بە (تاپۆ) بەشێکی زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقەی بەڕێوەبەری دۆبلاژ، چوون هەر زنجیرەیەك بەڕێوەبەرێکی هەیە، بە نیسبەت (تاپۆ)وە ئێمەش هەر بە سەندی زەوی‌و زار دەڵێین (تاپۆ) ئەو کاتەی ناویاننا، من بەڕێوەبەری بەرهەمەکە نەبووم، ئەوە پەیوەندیی بەو کەسەوە هەیە، دەنا منیش بەدڵم نییە.

**+ خۆتان ناتوانن فیلمی کوردیی بەرهەم بهێنن، وا هەر کاری دۆبلاژ دەکەن؟**

ـ ئەوکارە کرا، دوو کاریشمان کرد، بەڵام ئەوکارە کاتێکی زۆرتر دەبات، دووەم ئەکتەری کوردستانیش کەمە، بەڵام فارسەکان بەهێزن، ئەکتەری زۆریان هەیە، ئەگەر کوردیی بەرهەم بهێنین ئەو هێزەی نابێت کە ئەوان هەیانە، هەرچەند ئەکتەریشیان هەیە کوردە، بەڵام بە فارسیی‌و لەگەڵ فارسەکان کار دەکات، وەك: سەعیدی ئاغا خانی، ئەمە کوردەو خەڵکی شاری (بیجار)ە کەچی بە فارسی ڕۆڵ دەبینێت، زۆری ترمان هەیە کوردی کرماشان‌و سنەو شوێنەکانی ترن، ئێوە دەیانبینن وا دەزانن فارسن، کەچی کوردن، ئەگەر بمانەوێت سوود لەوانە وەربگرین، یا ئەوەیە کوردیی نازانن، یان شێوەزاری سۆرانیی نازانن.

**+ دوا کاری دۆبلاژتان چییە؟**

ـ کارێك کە من بەڕێوەبەری بووم زنجیرەی فیلمی (وەفا) بوو کارەکەمان تەواو کردووەو لایەنی هونەریی ماوە، کارێکی ترمان پێشتریش عەرز کردن (مردوو) بوو لەوانەیە ناوەکەی بگۆڕین، چونکە فارسییەکەی (مرد متحرك) بوو، بەڕێوەبەری دۆبلاژەکەی (ئاغای مەشعوف) بوو، من ڕۆڵی سەرەکییم بینی ڕۆلی (جەلال)، فیلمێکی

تریش هەبوو بە نێوی (خانە بدووش) لەوانەیە بیکەین بە عەودالْ، زنجیرەیەکی ترمان بەدەستەوەیە بە نێوی (گریە نکن سرزمین من) مەگری وڵاتەکەم، داومە بە بەشی وەرگێڕانو خۆیشم بەڕێوەبەری دۆبلاژەکەییم، ئینشائەڵڵا تا مانگی داهاتوو کاری دۆبلاژەکەی تەواو دەبێت.

**+ ئێمە باسی ناوگۆڕینەکانمان کرد ئێستا (خانە بە دوش) بە کوردیی یانی (ماڵ بە کۆڵ) ئیتر بۆ دەیکەن بە عەودالْ؟**

ـ لە ڕاستییدا نەمانزانیوە دەقاو دەق کوردییەکەی چییە، سوپاس بۆ ئەو وشە کوردییە جوانو مانادارەی وتت، عەودالْەکەمان لە هەنبانە بۆرینەکەی مامۆستا هەژار وەرگرتووە، ئەگەر تەواو نەبوو بوو هەوڵ دەدەم ئەوەی ئێوە وتتان دای بنێم، چونکە کوردییەکەی پەتیو جوانو ڕەسەنە، سوپاس[1].

**+ ڕووداوی خۆشو ناخۆش لە کاری بێژەرییو دوبلەدا بەسەرت هاتبێت؟**

ـ شەوێك هەواڵەکانم دەخوێندەوە، بە شێوەی زیندوو (ڕاستەوخۆ)، لە پڕ گڵۆپێکی گەورەی بلاجیکتۆر بەسەرمەوە تەقی، دەنگێکی زۆر گەورەی هەبوو، ژوورەکەیشی تاریك کرد، شتێکی لەناکاو بوو، من دەستم بە حاڵ جوڵا، بەڵام ئیتر خۆم تێکنەداو لە خوێندنەوەی هەواڵەکان بەردەوامبووم، چاویشم لێبوو بێژەرێکی ترمان هاتە ناو ژووری ستۆدیۆ، دوایی برادەران وتیان زۆر سەرکەوتوو بوویت، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد، پێمان وابوو ناتوانیت درێژە بە هەواڵەکان بدەیت، بۆیە بێژەرێکی ترمان ناردە ژوورەوە، ئەمە لە کاری بێژەرییدا، لە کاری دۆبلاژیشدا زۆر جار خەڵك پێم دەڵێن: تۆ کەی ئەوەندە دڵڕەق بوویت، یان کەی ئەوەندە تووڕە بوویت، ڕۆژێك دایکم وتی: ئەرێ ڕۆڵەگیان ئەوە بۆچی خۆت وا توڕە کردبوو، تۆ کەی ئاوا تووڕە بوویت؟ وتم: دایکە گیان ئەوە من نیم، من ڕۆڵی کەسێکی تر دەبینم.

---

1 پاش تەواو بوونی ئەو فیلمە، کەناڵی سەحەر ئەو پێشنیازەی ئێمەیان قبوڵ کردبوو، کردبوویان بە (ماڵ بە کۆڵ) و بڵاو بوویەوە، سەدایەکی باشی لەنێو جەماوەردا دایەوە.

**+ ئەگەر شتێکتان لەیاد بێتو تۆ حەزت کردبێت بیڵێی و بیکەیتە کۆتایی گفتوگۆکە؟**

ـ بەخوا هیچ، هەمووتان وت، بەڵام ڕێزو سڵاوو خۆشەویستییمان بۆ بینەرانی ئازیزمان کە هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی کارەکانی ئێمە بوون، بەردەوام بە ناردنی سەرنجو پێشنیارەکانیان دەوڵەمەندیان کردووین، ئێمەش لە سەر سەرو سەرچاومان داناوە، بەڕاستیی ئەوەندە هەست بە خۆشەویستیی ئەوان دەکەین، کە تەواوی مناڵەکانی سەحەر دەڵێین: دەبێت کارەکانمان دوو هێندە بەهێز بکەین.[1]

[1] ئەم گفتوگۆیە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٤ لە نزیك پردی (شهید ناموجیی) لە شاری (تاران) ئەنجام دراوە.
ـ لە ژمارە (٢١)ی گۆڤاری (شارەزوور) لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە.

ئارام شەکیبایی، نووسەر لە بواری زمانناسییدا:

# مەترسیی زمانی ئینگلیزیی بۆ سەر زمانی کوردیی لە عەرەبی و فارسیی ترسناکترە



- ساڵی (١٩٨٥) لە شاری (پاوە)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایکبووە.
- دەرچووی زانکۆی (شیراز) بەشی ئامارە.
- چەندین باس و لیکۆڵینەوەی زمانەوانی بڵاوکردۆتەوە، کتێبێکی ئامادەی چاپە بەنێوی "مێژووی ڕێزمانی زمانی کوردیی"، ئێستا کار لە وەرگێڕانی قاموسی پەهلەوی دەکات بۆ زمانی فارسیی نوێ، ماڵپەڕێکی سەربەخۆی بە ناوی (هەورامان) هەیە.

**+ سەرەتا با لە بارەی گرنگیی زمانەوە دەست پێبکەین.**

ـ زمان یەکێك لە بنچینە گرنگەکانی کۆمەڵگایە، بێ زمان مرۆڤ ناتوانێت هەستی خۆی دەربڕێت و لەگەڵ دونیاو دەوروپشت پەیوەندیی بەرقەرار بکات، لە ڕاستییدا هونەریش بێ زمان مانای نیە، بۆ نموونە: ئەگەر زمان نەبێت وێژە شتێکی بێ مانا دەبێت. زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشدارە و ئاسەواری هەیە، تەنانەت لە بیرکردنەوەیش، بێ زمان مرۆڤ ناتوانێت بیر بکاتەوە، بە پێی دەستکەوتەکانی دەروونزانان کاتێك مرۆڤ بیر دەکاتەوە تاڵە دەنگییەکانی قوڕگی دەلەرزن، کەواتە بیرکردنەوە شێوازێك لە زمان و قسە کردنە. پێویستە بزانین کە زمان تەنها قسە کردن لە خۆ ناگرێت و زمانی بیستراو، تەنها یەکێکە لە شێوازەکانی زمان، نووسراوو هەر هێمایەك کە دەبێتە هۆی گەیاندنی پەیامێك بە زمان ئەژمار دەکرێت. کەواتە کاتێك لە خوڕەی ئاو بە بوونی ئاو لە شوێنێك بەئاگا دەبیت ئەوا ئەو خوڕە "بوونی ئاو" دەگەیەنێت و بە زمان ئەژمار دەکرێت.

**+ کورد خاوەنی زمانێکە کە ڕەگ و ڕیشاڵی تا ڕاددەیەك دێرینی هەیە، ئەو زمانەی خۆمان بە درێژایی مێژووی نەهامەتییمان چەند جار گۆڕانی بە سەردا هاتووە؟ ئەگەر لەو بارەیەوە بدوێیت.**

ـ لە ڕاستییدا زمانی کوردیی یەکێك لە زمانە ئارییاییەکانە، کە زمانە ئارییاییەکان بەشێکن لە زمانە هیندوئەورووپییەکان کە لە وڵاتی ئاریا پەرەیان سەندووە، زمانناسان بۆ ئەم زمانانە سێ سەردەمی مێژوویيان داناوە: ـ کەون، ـ نێوەڕاست، ـ نوێ. کە ئێستا ئێمە لە سەردەمی زمانە نوێکاندا دەژین و زمانەکەمان یەکێکە لە زمانە نوێکانی باکووری ڕۆژئاوای ئاریا، زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوا بەو زمانانە دەوترێت کە پاشماوەی زمانی پەهلەوانیك (پەهلەوی پارتی)ن، لەوانە: کوردیی، بەلووچیی، تاتی، تالێشی، گیلەکی و مازنی.

کاتێك زمان تووشی گۆڕانکارییەکی بەرفراوانی ڕێزمانی و ڕاوێژیی ببێت، ئەوا دەڵێن: ئەو زمانە لە سەردەمێکی زمانناسی تێپەڕیوەو زمانی کوردییش لە سەرەتای هاتنی ئارییاییەکان بۆ ئەم نیشتیمانە سێ سەردەمی جیاوازی زمانی تێپەڕاندووە. شتێکیتر ئەوەیە کە زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە،لەبەر ئەوە کە زمان پەیوەندی بە کومەڵگاوە هەیە و هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵگا زمانیش رووبەڕووی گۆڕانکاری دەکاتەوە، بۆیە جیا لەو سێ سەردەمە، کە زمانناسەکان بۆ زمانە ئارییاییەکان دایانناوە زمانی ئێمە هەموو کاتێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

**+ لە نێو زمانی کوردییدا کۆمەڵێك دیالێکت هەیە، هەر زەمەنێك یەکیان باڵاتر بووە، وەك گۆرانیی (هەورامیی) یان سۆرانیی، راستر بڵێین کرمانجی خواروو، دەتوانیت بڵێیت ئەو هۆکارانە چیبوون، کە هەر جارەو شێوەزارێك بووەتە زمانی رەسمیی نووسین؟**

ـ لە کۆمەڵگای کوردییدا چەندزمانیی شتێکی بەربڵاوەو لەم جۆرە کومەڵگانەدا ململانێی زارەکان بۆ بەفەرمیبوون بەردەوام و شتێکی ئاساییە. لەم ململانێدا زۆر شت ئاسەواریان هەیە: دەسەڵات و هێزی سیاسیی، وێژە، ئایین، ژمارەی ئاخاوێنەران و تەنانەت کێشە ئابووریی و فەرهەنگییەکانیش. بۆ نموونە: ئایین و وێژەی یارسانییەکان لە بەفەرمیکردنی زاری گۆرانیی لە ناوچە باشوورییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی بووە، یان بارودۆخی کوردستانی باشوور لە سەدەی ڕابردوو کە بایەخێکی پتر بە زمانی کوردیی دراوە، یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی زاری سۆرانیی بووە. هەروەها ئەگەر لە باکووردا کوردەکان دەرفەت و دەسەڵاتێکیان بوایە ئێستا کرمانجیی لە بارودۆخێکی

> **داوا دەکەم ڕۆشنبیران و زمانناسە کوردەکان واز لەم بیرۆکە هەڵە و ئاناتورکیانەیە بێنن و چیتر گەیشتن بە ڕێنووسی یەکگرتوو و زمانی فەرمی یەکپارچە دژوارتر نەکەن**

باشتردا دەبوو. ئێستاش فراوان بوونی ژمارەی ئاخاوێنەرانی بووە هۆی بەردەوام بوونی ململانێی سۆرانیی و کرمانجیی، هەرچەند کە دی زارەکانیش لەم ململانێ بە گشتی خۆیان نەکشاوەتەوە.

**+ کورد بۆ تا ئێستاش زمانێکی یەکگرتووی نییە، ئەگەر هەر ناوچەیەك بە دیالێکتی خۆی بنووسێت و بخوێنێتەوە، لێکترازانی لێ چاوەڕوان ناکرێت؟**

- بە ڕای من، ئێمە لە ڕابردوودا پێویستمان بە زمانی یەکگرتوو نەبووە. لە سەردەمی ساسانییەکان و پێش لە هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکەمان زمانی فەرمیی پارسیك (پەهلەوی باشووری) بووە و زمانی پەهلەوانیك (پەهلەوی پارتی یان باکووری) کە کوردیی لەو زمانە وەرگیراوە هەرچەند لەسەر ئەم باوەڕە هێشتا بۆچوونی جیاجیا هەیە، تەنها زمانی سەر زاری خەڵك بووە و زمانی نووسراو نەبووە و زمانێك کە کەمتر پێی بنووسرێت زۆرتر تووشی گۆڕانکاریی دەبێت و زار و زارۆچکەی زۆری لێ دەبێتەوە، هەروەها بە دوای هاتنی ئیسلام زمانی عەرەبیی ئاسەواری بوو لە سەر زمانەکان، لەبەر ئەوە کە هاتنی عەرەبەکان هاوکات بوو لەگەڵ پەڕینەوەی زمانەکان لە سەردەمێکی زمانی بۆ سەردەمێکیتر، لەو کاتەدا کە زمان سەرقاڵی پەڕینەوەیە و ڕێزمان و ڕاوێژی لە گۆڕاندایە زمانێکیتر بە ئاسانی دەتوانێت ئاسەواری ببێت لەو گۆڕانکارییەدا، بۆیە عەرەبی و پارسیك ئاسەواریان بووە لە سەر زمانەکان و ئاسەواری عەرەبیی لە زمانی کوردییدا لە ڕاوێژ ڕوون و ئاشکرایە. هەروەها فراوان بوونی ژمارەی زار و زارۆچکەکان لە باکووری ڕۆژئاوای ئاریا ئاسەواری بووە لە فراوانبوونی ژمارەی زمانە باکووری ڕۆژئاواییەکان لەم سەردەمە نوێییەدا. هەروەها زمانی تورکی لە سەر زمانە باکووری ڕۆژئاواییەکان ئاسەواری بووە، بۆ نموونە ئێستا ئازەرییەکان زمانیان بەگشتیی بنەما ئارياییەکەی خۆی لە دەست داوە و ئێستا بە یەکێك لە زارەکانی تورکیی قسە دەکەن. شتێکیتر کە ئاسەواری لە فراوانبوونی ژمارەی زار و زارۆچکەکان بووە دەگەڕێتەوە بۆ هێز و دەسەڵاتی سیاسیی، بە دوای هاتنی ئیسلام ئێمە دەسەڵاتێکی سیاسیی و

یەکپارچەمان نەبووە، ئەگەر کورد دەسەڵاتێکی بووە تەنها ناوچەیەکی بچووکی لە خۆ گرتووە و هەر میرنشینێك کۆششی کردووە کە زار و زاراوەی خۆی بکاتە فەرمی و نە تەنها خزمەتیان بە یەکگرتنی زارەکان نەکردووە، بەڵکو بوونەتە هۆی جیابوونەوەی پتریان. ئێستا کە بە گشتیی لە بارەی مێژوو باسمان کرد با لە چاوی کۆمەڵناسیی زمانەوە لەم باسە بڕوانین، ئەمە کە چەندزاریی ببێت و هەر ناوچەیەك بە زاری خۆی بنووسێت دەتوانێت ببێتە هۆی لێکترازان، بەڵام لە چاوی کۆمەڵناسی زمانەوە، زمان تەنها یەکێك لەو شتانەیە کە ئاسەواریان هەیە لە هەستی نەتەوایەتی و لە زۆر شوێن هەن، ئاخاوێنەرانی چەند زمان کە هەست بە هاونەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەریی دەکەن، بۆ نموونە لە وڵاتی سویسرا و ئافریقای باشوور کە ئاخاوێنەرانی چەند زمان هەن و هیچ لێکترازانێکیان نەبووە لە بەرانبەر دەبینین دوو وڵات کە بە یەك زمان قسە دەکەن، بەڵام چەندین جار شەڕ و پێکادانیان بووە و دوژمنایەتییان هەیە، وەك وڵاتە عەرەبییەکان یان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور. ئەمە کە چەندزمانیی دەبێتە هۆی یەکنەگرتنی کورد، شتێکی هەڵەیە هەستی نەتەوایەتی ئێمەی کورد تەنها لە سەر ئاستی زمان نییە، زۆر شتی فەرهەنگیی، کولتووریی، سیاسیی، ئابووری و یەکسانیی چارەنووس و شوێنی نیشتەجێ بوون ئاسەواریان هەیە. ئەگەر کورد زمانی یەکگرتووی بوایا باشتر بوو، بەڵام ئێستا کە نییە، نابێت هەنگاوی هەڵە بنرێت، بۆ نموونە دامەزراندنی بیجینێك وەك سورمانجی شتێکی هەڵەیە، جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بیجین بەو زمانە دەوترێت کە بنچینە ڕێزمانی و ڕاوێژییەکانی لە دوو یان چەند زمانیتر گیراون و سادەکراوی زمانێکە کە چەندین وشە و تایبەتمەندی زمانێکیتری تێدایە. بە دڵنیاییەوە کەسانێك هەن لە ئاخاوێنەرانی دی زارەکان تەنانەت کرمانجیی و سۆرانییش کە دژایەتی لەگەڵ ئەو زارە نوێیە بکەن و ئەو زارە تەنها زارێك بە زارەکانی کوردیی زیاد دەکات و گەییشتن بە ئامانجی زمانی یەکگرتوو گرانتر دەکات. شتێکیتر کە هەیە دەبێت بزانین بە سازدانی ئەو زارە کورد هیچی بۆ نامێنێت نە وێژە و نە مێژوو هەروەها پەرەپێدانی ئەو

زاره پاره و کاتێکی زۆری دەوێت و ئایا دەکرێت نووسەرە کوردەکان چەند ساڵ بە کوردیی هیچ نەنووسن هەتا ئەو زارە و ڕێزمانی پەسەند بکرێت؟

بەڕای من باشتر وایە کە یەکێك لە زارەکان بکرێتە زاری ناوجی و ببێتە زاری فەرمی و هاوکات بە دی زارەکانیش بایەخ بدرێت.

**+ لە حاڵەتێکی ئاوادا، ئایندەی زمانی کوردیی چۆن دەبینیت؟**

ـ سەبارەت بە ئاییندەی زمانی کوردیی من ئاییندەی ئەم زمانە و زارەکانی تەنها لە سیاسەت دەبینم و ئەوە کە لە داهاتوودا چۆن لەگەڵ کورد مامەڵە دەکرێت.

**+ میدیاکان بە هەموو بوارەکانەوە بە تایبەت ڕۆژنامەکان (کاغەزیی و ئەلیکترۆنی) ڕۆشتوونەتە نێو پانتایی دڵ و هۆشی هەر تاکێکی کۆمەڵگا، دەکرێت بڵێین بە دیوی پۆزەتیف یان نێگەتیف کاریگەرن لە سەر زمان، یاخود چۆن لێیان بڕوانین؟**

ـ لەم سەردەمەدا میدیاکان لە هەموو بەشەکانی ژیان و کۆمەڵگا جێدەستیان هەیە و کاریگەریی میدیاکان لە سەر زمان شتێکی ئاساییە، لە ڕاستییدا بوونی میدیاکان بەستراوە بە بوونی زمان، زمانی ڕۆژنامەکان وەك میدیا پتر زمانی نووسراوە، هەروەها کە دەزانین لە زۆربەی شوێنەکان زمانی نووسراوی هەر ئەو زمانە فەرمی و ڕەسمییە. ئێستا ڕۆژنامەکان لەبەر بەربڵاو بوون و زۆربوونی لایەنگرانیان لە کۆمەڵگا دەتوانن لە پەرەپێدانی زمانی فەرمیی و یەکسان کردنی زمان بە دیوی پۆزەتیف کاریگەرییان ببێت و زمانی بیسراوی و نووسراوی نزیکتر بکەنەوە و لە جیابوونەوەیان بەرگری بکەن، هەروەها لە بواری ڕێنووسدا دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ یەکسان کردنی ڕێنووس بە دیوی نێگەتیف، کاتێك زمانێك زمانی کەمینەیەکە میدیاکان دەتوانن بۆ ئەو زمانە مەترسیدار بن و ئاسانکاری بکەن بۆ زمانی ڕەسمیی کۆمەڵگا لە پێناو لەنێوبردنی زمانە کەمبێژەرەکان، یان نزیك کردنەوەیان بە زمانی ڕەسمیی. ئەمە کە وترا پتر لە سەر ڕۆژنامەی کاغەزی بوو. ڕۆژنامە کاغەزییەکان پتر پەیڕەوی لە ڕێنووس و زمانی ڕەسمیی دەکەن، بەڵام لەبارەی ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی دەبێت بڵێم کە پتر کاریگەریی نیگەتیفیان

هەیە لە سەر زمانەکان. بە ڕاستی ئەمڕۆ ئینتەرنێت لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزیی کاریگەرییەکی باشی بووە، زۆربەی وێبگەکان هەستاون بە کردنەوەی بەشی ئینگلیزیی و ئەمەش لە ناوجی بوونی زمانی ئینگلیزیی دێت، لە لایەکیتر ڕۆژنامە ئینتەرنێتییەکان کەمتەرخەمن لە بەکاربردنی ڕێنووس و زمانی رەسمیی، هەروەها ئێستا ئێمە لە جیهانی ئینتەرنێتدا ڕووبەڕووی شتێك دەبینەوە بە ناوی ڕێنووسی ئینتەرنێت و زمانی ئینتەرنێت، بۆ نموونە: ئێستا زۆربەی کوردەکان کە لە ئینتەرنێت شتێك دەنووسن زۆربەیان تەختەکلیلی کوردییان نییە و نووسراوەکەیان بە ڕێنووسێك دەنووسن کە پیتە کوردییەکانی تێدا نییە، ئەمە بۆ ڕێنووسی کوردیی مەترسیدارە. لە لایەکیتر بەکاربردنی (u) لە شوێنی (ئێوە) و چەندین نموونەیتر کاریگەرن لە سەر ڕێنووس بە دیوی نێگەتیف. شتێکیتر هەیە ئێستا ڕۆژنامە ئینتەرنێتییەکان سەرنجی ئاخاوێنەرانی زمانێك لە دوورترین شوێنی جیهان ڕادەکێشن و ئەمە دەرفەتێکە بۆ زمانە کەمبێژەرەکان یان ئەو زمانانە کە ئاخاوێنەرانیان لە شوێنە جیاجیاکاندان و بە پرژ و بڵاوی دەژین، بۆ نموونە: کوردێك لە هەندەران بە ئاسانی دەتوانێت ڕۆژنامەیەکی کوردیی ئینتەرنێتی بخوێنێتەوە کە ئەمە بە خاڵێکی گرنگ و پۆزەتیفی ڕۆژنامە ئینتەرنێتییەکان ئەژمار دەکرێت.

**+ شەڕی زمانەکان گەلێك مەترسیدارە، بۆ نموونە: ئێمە لە باشووری کوردستان تێکۆشانێکی زۆرمان کرد بۆ ئەوەی کوردیی بکرێتە زمانی رەسمیی وەك "عەرەبیی" زۆرجار شەڕی وڵاتان هۆکاری زمانیشی تێدایە، تۆ لە بارەی شەڕی زمانەوە چی دەڵێیت؟**

ـ لە زۆربەی وڵاتە چەند زمانییەکان، کەمینەکان مافی خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان نییە و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە کەمینەکان لە ئاستی زمانی فەرمیی دوژمنیی بنوێنن، یان کاتێك وڵاتێك داگیر دەکرێت و زمانی داگیرکەر پەرە دەسێنێت و بایەخی پێ دەدرێت ئەوا دەبێتە هۆی ئەوە کە لە لایەن خەڵکەوە دژایەتی بکرێت لە بەرانبەر زمانی

داگیرکەران، وەك ئێستا لە کوردستان یان وڵاتە تازە سەربەخۆکانی جیهان بە تایبەت وڵاتە ئەفریقییەکان هەیە. یەکێك لە هۆکانی شەڕی جیهانی دووەم دەگەڕێتە بۆ زمان و دژایەتی کردنی نەتەوە تازە سەربەخۆکان وەك پۆڵەندا، ڕۆمانیا، یوگسلاڤیا لەگەڵ زمانی ئاڵمانی و مەجاری بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی.

**+ پێت وایە زمان لەسەر توندوتیژی یان نەرم و نیانی کاریگەریی هەیە؟ واتە کار دەکاتە سەر دەروونی تاك و کۆمەڵ؟**

ـ لە ڕاستییدا وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕوانگەی دەروونزانی زمانەوە دەدرێتەوە و منیش پتر لە سەر کۆمەڵناسیی زمان و مێژووی زمانە ئارياييەکان کارم کردووە.

**+ خاڵێکی گرنگ نۆژەن کردنەوەی زمانە، هەر زمانێك لەگەڵ بزاوتی سەردەم بەردەوام خۆی نۆژەن نەکاتەوە پڕ دەبێت لە وشەگەلی بیانی و مەترسیی نەمان ڕووی لێ دەکات، لەو بارەدا کورد هیچی کردووە؟ یان ئەگەر نەیکردووە چی بکات باشترە؟**

ـ هەر لە سەردەمانی ڕابردوو کە ئاخاوێنەرانی دوو زمانی جیاواز لەگەڵ یەك پەیوەندییان بەرقەرار کردووە چەندین وشە لە نێوان زمانی گروپێك هاتوونە نێو زمانی گروپی دیکە، لە هەندێ کات وشەکان تووشی گۆڕانکاریی بوون و لە هەندێ کاتیش هەر بەو شێوازە و بێ هیچ گۆڕانێك هاتوونە نێو قاموسی زمانەکەوە، ئەمە شتێکی سرووشتیی بووە و هیچ مەترسییەکی نەبووە بۆ زمانەکان. لە ڕاستییدا لەم سەردەمە ئەم وشەدان و وشەگرتنەی زمانەکان شتێکی مەترسیدارە. دووسەد ساڵ لەمەوپێش زمانی کوردیی تەنها لە عەرەبیی و فارسیی و تورکیی و ئاشووریی و تورکەمەنیی وشەی دەگرت و چەندین وشەیش لە کوردیی چوونە نێو قاموسی ئەو زمانانە و ژمارەی ئەو وشانە کە دراون یا وەرگیراون زۆر کەم بووە، بەڵام ئێستا چی؟ ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی پێشکەوتنی زانست و پێشکەوتوو و بوونی هەندێ وڵات وەك ئەمەریکا، فەرەنسە و ژاپۆن و چین، هەروەها ژیان لە گوندی جیهانی و دونیای ئینتەرنێت وەهای کردووە کە هەموو سنوورەکان لە سەر ڕێزمانەکان سڕاونەتەوە و زمانی ئینگلیزیی لە دوورترین

شوێنی جیهان پەرەی سەندووە، بەم هۆیەوە ڕۆژانە چەندین وشە و زاراوەی نوێ دێنە نێو زمانەکان. ئێستا زمانی کوردیی نە تەنها لە فارسیی و عەرەبیی و تورکیی، بەڵکو لە ئینگلیزیی و فەرەنسیی و دی زمانەکان وشەی نوێ دەگرێت. ئەو مانا، واتا، ئامراز و زاراوە نوێیانە لە زمان پێویستیان بە وشە هەیە بۆ دەربڕین و ناساندنیان، ئێستا زمان دوو ڕێگاچارەی هەیە، یەکەم: دانانی وشەی نوێ، دووەم: وشەگرتن لە دی زمانەکان. کە ڕێگای دووەم لەم سەردەمەدا زۆر مەترسیدارە و زمان بەرەو نەمان دەبات، بۆیە پسپۆڕان و زمانناسان دانانی زاراوە و وشەسازیی بە باشترین ڕێگەچارە دەزانن و ئەمەش بەشێکە لە بەرنامەی زمانی، کە دەبێت لە لایەن حکوومەت، یان ڕێکخراوەیەکی حکوومەتی جێبەجێ بکرێت و پارە و زەمەنێکی زۆر دەبات.

لە هەندێ شوێن وا بارودوخێك هەیە کە لە هاتنی وشەی نوێ بۆ نێو قامووسی زمان لە کاتی پێویست بەرگریی نەکراوە و ئێستا ئاخاوێنەرانی زمان هەستیان بە مەترسیی و کێشەکان کردووە و دەیانەوێت ئەو وشە بیانییانە لە زمان فڕێدەن و هەڵدەستن بە نۆژەن کردنەوە و پاڵاوتنی زمان، ئەم نۆژەنکردنەوە و پاڵاوتنە دوو قۆناغی سەرەکیی هەیە، یەکەم: دانانی وشەی نوێ و وشەسازیی، دووەم: بڵاوکردنەوەی ئەو وشانە و بەرگریکردن لە وشە بیانییەکان.

ئێمەی کورد بە هۆی ڕابردوو و بارودۆخی نەتەوەکەمانەوە وشەی بیانی زۆر هاتوونە نێو زمانەکەمان، بەڵام ڕۆشنبیران و پسپۆڕانی کورد بێ پشتگیریی هیچ حکومەتێك هەستاون و ئەم قۆناغە لە بەرنامەی زمانیان بە باشی جێبەجێ کردووە، ئەمە جێی شانازییە ئێستا ڕێژەی وشە عەرەبییەکانی زمانی کوردیی لە وشە عەرەبییەکانی نێو زمانی فارسیی زۆر کەمترە و ئەمە جێ سەرنجە. لە ئێران و دەرەوەی ئێران، چەندین ڕێکخراوە دامەزراون لە پێناو پاڵاوتن و نۆژەنکردنەوەی زمانی فارسیی، بەڵام هیچ دەسکەوتێك شایانی باسیان نەبووە. کورد هەتا ئەم قۆناغە باش هاتووە و دەبێت لەمەودواش هۆشیار بێت، دەبێت ڕێکخراوەیەك دابمەزرێت تایبەت بە داڕشتنی وشەی

نویٚ و یەکسانسازیی ڕێنووس و ڕێزمان، پێکهاتبێت لە زماناس و پسپۆڕی زانستەکان و دەسەڵاتێکی باشی پێبدرێت و میدیاکان ناچار بکرێن کە لە وشە و یاسا پەسەندکراوەکانی پەیڕەوی بکەن و بەکاریان ببەن.

بەداخەوە ئێستا لە کوردستان پاڵاوتن و نۆژەن کردنەوەی زمان خەریکە لە ڕیٚ دەردەچێت. بەو شێوازە کە دژایەتی دەکرێت لەگەڵ وشەی فارسیی و عەرەبیی و تورکیی، دژایەتی لەگەڵ وشە ئینگلیزییەکان ناکرێت و لە میدیاکان و نووسراوەکاندا وشەی ئینگلیزیی زۆر دەبینرێت و هۆی ئەمەش تەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتە کە لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد، ئازاد بوونی نەتەوە بندەستەکان و دژایەتی تەواو لەگەڵ زمانی داگیرکەران و ئێستاش لە کوردستانی باشوور دژایەتی لەگەڵ عەرەبیی و تورکیی زۆر بەربڵاوە و هەتا گۆڕینی ڕێنووسیش پێش چووە، کە ئەمە شتێکی مەترسیدارە. ئێمە دەبێت لە هەموو لایەنێك زمانەکەمان بپارێزین، نە تەنها لە بەرانبەر وشەی تورکیی و عەرەبیی بوەستین. ئێستا گەورەترین مەترسی بۆ زمانەکانی جیهان فراوانبوونی وشە ئینگلیزییەکانی نێو زمانەکانە، ئێستا وەك جاران زمانی عەرەبیی و تورکیی توانای ناردنی وشەیان بۆ زمانی کوردیی نییە، بەڵام ئینگلیزیی ئەو توانایەی هەیە و ئێمە دەبێت تەنها ئاگامان لە تورکیی و فارسیی و عەرەبیی نەبێت.

شتێکیتر کە دەمەوێت ئاماژەی پیٚ بکەم باس لە ڕێنووسی کوردییە، نازانم ئەو ئازیزانە کە لایەنگری ڕێنووسی لاتینی بۆ کوردیین چۆن بیردەکەنەوە، بەڵام من ئەمە تەنها بە شتێکی هەستوکی دەزانم و تەنها لەبەر ئەوە ڕێنووسە پێشینییەکەمان ڕێنووسی زمانی عەرەبیی بووە دەیانەوێت ڕێنووس بگۆڕن، بە دڵنیاییەوە گۆڕینی ڕێنووس خزمەتی بە کوردیی نەکردووە و ئێمەی تووشی دوو ڕێنووسی کردووە و ئەمە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وێبگە ئینتەرنێتییەکان شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، ئایا ئەو دوو ڕێنووسییە شتێکی باشە؟ هەتا کەی دوو ڕێنووسیی؟. من لە زۆر جێدا ئاماژەم بەمە کردووە کە زۆر لە زمانەکان تەنها زمانێکیان بە پێنج، شەش هەزار زمانەکەی جیهان

زیاد کردووە و گەییشتن بە زمانێکی جیهانیی یان نێونەتەوییان گرانتر کردووە و ئێستاش دەڵێم: ڕێنووسی لاتین تەنها گرانکردنی گەییشتن بە ڕێنووسی یەکگرتووی بە دوا بووە، داوا دەکەم ڕۆشنبیران و زماناسە کوردەکان واز لەم بیرۆکە هەڵە و ئاتاتورکییانەیە بێنن و چیتر گەییشتن بە ڕێنووسی یەکگرتوو و زمانی فەرمی یەکپارچە دژوارتر نەکەن، پێم سەیرە کە نووسراوێك دەبینم لە کۆتاییدا نووسراوە: لە لایەن فلان کەسەوە ڕێنووسی لە عەرەبیەوە بۆ لاتین گۆڕاوە یان لە لاتینەوە بۆ عەرەبیی.. ئەمە هەتا کەی؟

هەروەها لەم قۆناغەدا زاراوەی کوردیی کەڵهوڕیی زۆر پێویستی بە نۆژەن کردنەوە و پالاوتن هەیە، تکایە بچن بە هانای ئەو زاراوەوە، ئەگەر نا ئەو زاراوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە فارسیی نزیکتر دەبێتەوە، ئێستا نۆژەن کردنەوە و پەخش کردنی پرۆگرام لە میدیاکان بەم زاراوە بۆ کورد لە نانی شەوێ پێویستترە.

**+ تێڕوانینی ئێوە بۆ کۆمەڵناسیی زمان چۆنە؟ کاریگەرییەکانی چۆن دەبینیت؟**

ـ کۆمەڵناسیی زمان زانستێکی نوێیە، ئێستا پێویستە هەموو ئەو کەسانە کە لەبارەی زمانی کوردیی کار دەکەن تەنانەت نووسەرانی ڕێزمان و قامووسەکانیش لە بواری کومەڵناسیی زمان شارەزاییان هەبێت، کۆمەڵناسیی زمان و زانینی بەسەرهاتی مێژووی هاوچەرخی زمانی دی نەتەوەکان وەك ئەوە کە لە تورکیا کرا، یان ئەوە کە لە هیندوستان دەکرێت و چەندین ڕووداوی هاوچەرخی تر و ڕێگاچارەکانی دی، نەتەوەکان لە گەییشتن بە ڕێنووس و زمانی فەرمی، لەم قۆناغە گرنگەدا دەتوانێت زۆر کۆمەکی کورد بکات.[1]

[1] ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی (ئیمەیل)ەوە لە شاری (پاوە) ساز کراوە.

ـ لە ژمارە (٣١٦)ی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٩ بلاو کراوەتەوە.

### بەڕێوەبەری دەزگای نەشرئیحسان لە شاری تاران:

# لەناو نۆ هەزار ناشری ئێراندا، پلەی پەنجایەمینمان هەیە



یەکێك لە دەزگا چاپو بڵاوکردنەوەکانی ئێران ناوی (نشر إحسان)ە، ناوبانگێکی باشو کارێکی زۆری هەیە، زۆر لە کتێبە ئایینیەکانی کوردستانی باشووریش ئەو بە چاپی گەیاندوون، دیارە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیو ڕۆشنبیری کارێکی پێویستو ئەرکێکی مرۆییە، بەتایبەت لە نێوان دوو لایەن کە یەك ئایینو یەك زمانو یەك نەتەوە بن زیاتر پێویستە.

بۆ ئەو مەبەستە سەردانی نووسینگەی (نەشر ئیحسان)مان کردو لەگەڵ کاك یوسف یەعقوبی بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە دیدارێکمان سازدا، تا ئێمەش و ئێوەش باشتر کارو پرۆژەکانیان بناسین.

**+ساڵی چەند (نەشر ئیحسان)تان دانا؟**

ـ ساڵی ١٩٨٦، واتە بەر لە (٢١) ساڵ دەستمان کرد بە چاپو نەشر بە ناوی نەشر ئیحسان، پێشتر لە شاری (پاوە) کتێبفرۆشی (کتێبیخانە)مان هەبوو، بە ناوی کتێبفرۆشی (بەیان)، دواتر هاتینە شاری تاران.

**+ئێوە تەنها کتێبی ئایینی چاپ دەکەن، یان هەموو جۆرێك؟**

ـ فرەتر کتێبی ئایینی چاپ دەکەین.

**+ لە نێو ئایینەکاندا هی ئەهلی سوننەت چاپ دەکەن، یان هەردوو مەزهەبی تەسەننونو تەشەییوع؟**

ـ تەنها هی ئەهلی سوننەتو جەماعەت چاپ دەکەین.

**+ بە کوردیی، یان فارسیی چاپیان دەکەن؟**

ـ بە کوردیی، فارسیی، عەرەبییو ئینگلیزیی چاپیان دەکەین.

**+ کتێبەکان خۆتان ئامادەیان دەکەن، یان نووسەرەکانیان ئامادەیان دەکەنو ئێوەش چاپیان دەکەن؟**

ـ نووسەرەکان، یان وەرگێڕەکان ئامادەیان دەکەن، ئێمەش لیژنەمان هەیە تەماشای دەکات، ئەگەر لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کە ئێمە بۆ خۆمان داناوە گونجاو بوو، ئەوا چاپی دەکەین، زۆربەی وەرگێڕانەکانیش لە عەرەبییەوە بۆ فارسیین، هەندێکجار خۆشمان کتێبێك دەستنیشان دەکەین، ئەوان وەری دەگێڕن، واتە هەماهەنگی لە نێوانماندا هەیە.

**+ تا ئێستا چەند کتێبتان لە کوردستانی باشوورەوە بۆ هاتووە، کە چاپتان کردبێت؟**

ـ نزیکەی چل تا پەنجا کتێبمان بۆ هاتووەو چاپمان کردووە، پێشمان خۆشە ئەم پەیوەندییەمان بەردەوام بێت.

**+ زۆرترین تیراژی چاپکراوەکانتان تا چەند ڕۆشتووە؟**

ـ لە هەزارەوە هەمانە تا پانزە هەزارو بیست هەزار.

**+ کتێبتان هەیە چەندجارێك بە تیراژێکی زۆرەوە چاپکرابێتەوە؟**

ـ بەڵێ، هەمانە دە تا پازدە جار چاپکراوەتەوە، بە تیراژی دە هەزارو زیاتر، یان کەمتر، واتە بە گشتیی گەشتووەتە سەد هەزار، تا سەدو بیست هەزار دانە.

**+ لەگەڵ سوننیەکانی تری ئێران پەیوەندیتان چۆنە؟**

ـ لەگەڵ ئەهلی سوننەتی ئێران، چ فارسەکان، چ بەلوجەکان، پەیوەندیمان هەیە، نەك هەر ئەوان، بەڵکو لە دەرەوەی ئێرانیش وەك ئەفغانستانو تاجیکستانو پاکستان، بەتایبەت ئەفغانستان، تاجیکستان، کە زمانی ڕەسمییان فارسییە زۆرتر ئەوان کتێبەکانمان سەرف دەکەن، تا ناوەوەی ئێران، هەم کتێبیان بۆ چاپ دەکەین، هەم سەرفیشی دەکەن.

**+ بەنیاز نین لە کوردستانی باشوور لقێك بکەنەوە؟**

ـ بە خوا زۆرمان پێخۆشە، حەزیش دەکەین، ئەگەر زەمینە ساز بێت.

**+ لە شاری تاران چەند نووسینگەو بنکەتان هەیەو لەکوێن؟**

ـ ئەمەیان کە ئێوەی لێن، ئەمە دەفتەرەکەمانەو دیارە لەسەر شەقامی ئینقیلابە، هەروەها دوو لقیشمان بۆ فرۆشی کتێب هەیە، دانەیەکیان لە شەقامی (ناسرخوسرەو)ەو ئەوتریشیان لە شەقامی ئینقیلاب، بەرانبەر دانیشگای تاران.

**+ لە شارەکانی تری ئێران لقتان هەیە؟**

ـ وەك لق نەخێر، بەڵام وەك نوێنەری کتێبفرۆش لە هەموو شارەکانی ئەهلی سوننی ناو ئێران هەمانە.

**+ چەند دانەتان هەیە؟**

ـ لەوانەیە سنووری سەدو پەنجا دانە زیاتر بێت.

**+ پەرۆشیی خەڵك بۆ کتێبو فرۆشیان چۆنە؟**

ـ زۆرباشە، سەرفیاتی هەیەو خوێنەری زۆرە.

**+ ساڵانە لە پێشانگای کتێب بەشداریی دەکەن؟**

ـ ئێمە دوو جۆر پێشانگامان هەیە، دانەیەکیان نێودەوڵەتییە، ئەوە بە سەنگو قورساییەکی زۆرەوە بەشداریی تێدا دەکەین، ئەوی تریش (ئوستانیی) پێدەڵێن، واتە تایبەتە بە ئاستی پارێزگاکانی ئێرانەوە، لەو پارێزگایانەی کە ئەهلی سوننەتی لێیە بەشداریی دەکەین، دیارە لە نزیکەی پازدە ئوستان (پارێزگا) سوننی لێیە، هەرمانگێكو لە شارێکیان ساز دەکرێت، لەوانەش بەشداریی دەکەین، تا ئێستا هەرچی نمایشگاه (پێشانگا) کراوەتەوە بەشداریی چالاکانەمان کردووە.

**+ لە وڵاتی ئێران بە گشتیی چەند ناشر (دەزگای چاپو پەخش) هەیە؟**

ـ سنووری هەشت هەزارو پێنج سەد، تا نۆ هەزار دانەیەك هەیە.

**+ ئێوە پلەی چەندەهەمتان هەیە لەناو ئەوانەدا؟**

ـ پلەی پەنجایەم، ئەوەش نیشانەی چالاکییو پڕکارییمانە.

**+ تا ئێستا چەند کتێبتان چاپ کردووە؟**

ـ نزیکەی هەزار ناونیشانمان چاپکردووە، زۆریشیان چەندینجار چاپمان کردووەتەوە، بۆ نموونە کتێبمان هەیە شەش بەرگە، یازدە جار چاپکراوەتەوەو هەر جارەی تیراژیشی سێ هەزار دانە بووە.

**+ خۆتان هیچ بڵاوکراوەیەکی خولییتان هەیە کە باس لە کارو چالاکییەکانتان بکات؟**

ـ پێشتر نەمانبووە، بەڵام لەم مانگەوە بڵاوکراوەیەکمان بە ناوی (خبرنامە) دەرکردووەو ئەم هەفتەیە ژمارەی یەکەمی لێدەرچووە، ئەمە باس لە کارو پرۆژەکانی خۆمان دەکاتو هەم گرنگییش بە بواری فەرهەنگی دەدات.[1]

[1] ئەم دیدارە رۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥ لە نووسینگەی سەرەکییان لە شەقامی (إنقلاب) لە شاری (تاران) ساز دراوە.

ـ لە ژمارە (٢٩٩)ی رۆژنامەی (کۆمەڵ) لە رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٤ بڵاو کراوەتەوە.

مامۆستا عەبدوڕڕەحمان یەعقوبی:

# ئێمە تاقە دەفتەری مارەبڕینی سوننیین لە شاری تاران



شاری تاران یەکێکە لە شارە گەورەکانی دونیا، ئەم شارە لەگەڵ ئەوەی پایتەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، شارێکی شیعەنشینە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆریش سوننیی تێدایە، بە هەموو نەتەوەکانی: کورد، بەلوج، فارس‌و عەرەب‌و.. هتد. کوردەکانی شاری تاران، ئەوانەی لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەتن، پێداویستییان بە نووسنگەیەك هەیە بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستی هاوسەرێتیی (عەقدی نیکاح)، ئەوان پێی دەڵێن: (دەفتەری ئیزدیواج). مامۆستا عەبدوڕڕەحمانی یەعقوبی کوردێکی ناوچەی هەورامانەو لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەگەڵ کاك یوسفی برایدا نووسینگەی

**(نەشر ئیحسان)یان داناوە، ماوەی چەند ساڵێکە دەفتەرێکی مارەبڕین (ئیزدیواج)ی داناوە، لە شاری تاران ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.**

**+ ئێوە لە کەیەوە دەفتەری ئیزدیواجتان داناوە؟**

ـ لە ساڵی ٢٠٠١ەوە بڕێك لە ئیمامەکانی مەجلیسی شورا کە کوردو ئەهلی سوننە بوون لێرە، داوایان کرد کە ئێمە ئەمانەوێ ئیزدیواج بکەین لەسەر مەزهەبی سوننە، پێشنیاریان کرد کە من تاقیکردنەوەیەك بکەم.

کە تاقیکردنەوەکە کرا، لە ئیدارەی (مربوط) کە سەر بە ئیدارەی سەبتی ئەسنادە لە ژێر چاودێری (دەسەڵاتی قەزائی) تاقیکردنەوەم کردو قبوڵ بووم، ماوەیەکی خایاند تا مۆڵەتمان وەرگرتو بڕیارەکەیان دا لە سەر مەزهەبی شافیعی، چونکە هەرکەس لەسەر مەزهەبی خۆی تاقیکردنەوەی لەگەڵ دەکەن، لەوکاتەوە تا ئێستا دەفتەرەکە هەیە.

**+ جگە لەو دەفتەرەی ئێوە، دەفتەری تری سوننیی هەیە لە تاران؟**

ـ تا ئێستا نەبووە، بەڵام چەند کەسێکی تر تاقیکردنەوەیان کردووە.

**+ ئەمە وەك دەفتەر رێی پێدراوە، ئەی ئەوانەی مۆڵەتیان نییە چەندە؟ وەك مامۆستایانی ئایینی.**

ـ لێرە ئەو شتە زۆر کەمەو وەك وڵاتی کوردەوارییو وڵاتانی تر نییە، لێرە مەسائیلی عەقدی زەواج و ئەوانە هەر کەسێك بەبێ مۆڵەت (عەقدی ئیزدیواج) بکات، کێشەی هەیە، مەگەر کە بڵێ هەفتەی ئایندە سەبتی ئەکەن، ئەو مامۆستایە لەگەڵ ئەو دەفتەری ئیزدیواجە هەماهەنگییان کردووە کە عەقدەکە بکەنو دواتر بیهێنن تۆماری بکەن.

**+ خەڵکیی تا چ ئاستێك روو لێرە دەکەن؟**

ـ تاران فراوانەو رەنگە هەمووی ئاگادار نەبێت کە دەفتەرێکی ئیزدیواجی ئاوا بۆ ئەهلی سوننە لە تارانا هەیە، خۆتان ئەزانن کە کەسانی ئەهلی سوننە لێرەن خەڵکی وڵاتانی تر چ فارس بن چ کورد، لە وڵاتانی ترەوە، وەك وڵاتی کوردەوارییەوە بۆ کارێك

هاتوون، یان بۆ مەسەلەی ئیزیدواج زۆربەیان ئەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، چونکە پێیان باشە لە شاری خۆیان ئەو مەسەلەیە ساز بکەن، ئەوەی کە لێرە سازی دەکەن، زانیارییان پەیدا کردووەو زۆربەیان دێن بۆ لای ئێمە، سەرەتایەکی هەیە، لە پێشدا دەچن تاقیکردنەوە (پشکنین)و ئەوانە دەکەن، کە بە شێوەیەکی ڕێكو پێك هیچ کێشەیەك نەبێت، وەك کێشەی خوێنو نەخۆشیی مەوادی موخەدیر (معتاد)، کارەکەی ئێمەش وایە، کەسێك بیەوێت پێشتر پەیوندیی دەکاتو بەرگەیەکیان پێ ئەدەینو ئەیانناسێنین بە تاقیگە مەرکەزییەکان کە تاقیکردنەوە ئەنجام ئەدەن، کە ئەوانە کێشەی نەبوو تەواو دەبن.

**+ ئەو کەسانەی دێنە لاتان کێن؟**

ـ سەبارەت بە کەسانێکیش لە ناوچە جیاوازەکانی ئەهلی سوننە، فارس هەیە، بەلوج هەیە، مانگی وا هەیە (١٠) خانەوادە دێن، بە تایبەت پشووی نەورۆز زۆرترە.

**+ ئەوانەی کە دێن زیاتر کوردن یا فارس؟**

ـ بە گشتی ئەهلی سوننە لە ئێراندا کورد زۆرترن، بەو حوکمەی ئێمەش کوردین ئەمانناسن، زۆرتر کوردن.

**+ جیاوازیی نێوان عەقدی ئیزدیواجی سوننەو شیعە چییە؟**

ـ فەرقێکی وەهای نییە، بەڵام من بۆ ئەوەی موراعاتیان بکەم، ئەگەر شیعە بێن، مامۆستایەك هەیە دەفتەرخانەی هەیە، دێت لێرە عەقدەکەیان دەخوێنێت، بۆیە فەرقێکی نییە، بەڵام سوننەیەك پێی خۆشە عەقدەکەی ئەهلی سوننە بیخوێنێت، شیعەش بە هەمان شێوە.

**+ واتە ئاساییە کەسێکی سوننی بچێت لە دەفتەری ئیزدیواجی شیعەکان عەقدی ئیزدیواج بکات؟**

ـ لە سەبتکردنەکەیدا کێشەیەك نییە.

**+ ئەو کەسانەی دێنە ئێرە، پارەیان لێوەردەگرن، یان دەوڵەت پارەی دەفتەری ئیزدیواج دەدات؟**

ـ موقەرەراتێك هەیە تا (١ـ٢) ساڵ لەمەوپێش بۆ هەر عەقدێك تەقریبەن (١٥) هەزار تمەن بوو، ئێستا دابەشیان کردووە بەسەر مارەییدا، ئەگەر مارەیی (٣ـ ٤) ملیۆن تمەن بێت، (١٠) هەزار تمەنە، ئەگەر مارەیی زۆر زۆریش بێت (٤٥) هەزار تمەنیان لێوەردەگرین، ئەشتوانین هیچ وەرنەگرین، بەڵام ئەگەر ئەو دەفتەرخانەیە کە عەقدی ئیزدیواجێکی زۆری بووە، زەریبەی هەیە، بەڵام هەشە وانییە، بۆ نموونە خەڵك هاتووە، ئەوەندە دەسەڵاتی نەبووە ئۆتۆمبیلێکی دەربەست (خصوصي) بگرێت، بە پاص هاتوون، باوەڕ بکە زۆرجار بووە نەك ئەوەی بڵێن باسی خۆی دەکات، خەڵکی فەقیر هاتووە پارەی کرێی سەیارەکەشم داوەتێ.

**+ وەك دەفتەرێکی سوننیی، تا ئێستا لە لایەن دەسەڵاتەوە هیچ گرفتێکتان بۆ دروست نەکراوە، یان ڕووبەڕووی کێشە نەبوونەتەوە؟**

ـ نا، سوپاس بۆ خوا، چونکە شتەکە زۆر سادەیە، پەیوەندیی بە شتی ترەوە نییە، عەقدی ئیزدیواجەو خێزانەکانی ئەهلی سوونەت کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییدا نووسراوە کە هەر مەزهەبێك هەقی خۆی هەیە بە پێی مەزهەبی خۆی گرێبەست بکات.

**+ جگە لە کاری مارەبڕین هیچ کارێکی تر دەکەن، وەك چارەسەری مەسەلەی تەڵاق، یان کێشەی خێزانیی؟**

ـ لە ڕووی ڕەسمییەوە هەم دەفتەری ئیزدیواج هەیە، هەم دەفتەری تەڵاق، من دەفتەری تەڵاقم وەرنەگرتووە، بەڵام لای ئێمە لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تا ئێستا (٥٠٠ـ٦٠٠) خانەوادە ئیزدیواجیان کردووە، تا ئێستا نەفەرێکیان نەهاتووە بڵێ ئیختلافمان پەیدا کردووەو ئەمانەوێ جیاببینەوە، ئەگەر کێشەیەکیش هاتبێ، زۆر بە ئاسانی نەك بە یاسایی چارەسەرمان کردووە.

**+ واتە دەفتەری تەڵاقیش مۆڵەتی دەویٚ؟**

ـ بەڵێ، بە هەمان شێوەی ئیزدیواج.

**+ ئەویان چۆنە؟**

ـ یەکسەر ناچنە دەفتەری تەڵاق، بەڵکو دەچنە دادگا، کە دادگای خانەوادەی پێ دەڵێن، جاری وا هەیە ژنەکە شکات دەکات، یان پیاوەکە یان هەردووکیان، کە دەڵێن: ناتوانین پێکەوە بژین، دادگاش نامەیەك دەنووسێت بۆ دەفتەرتەڵاقێك‌و دەڵێت: ئەو دوو کەسە ڕێکەوتوون لەسەر جیابوونەوە.

**+ ئێوە لەسەر کام مەزهەب کار دەکەن؟**

ـ مەزهەبی ئیمامی شافیعی، لە مەسەلەی ئیزدیواجدا مەزهەبەکان زۆر جیاوازییان نییە، بۆ نموونە لە فیقهی ئیمامی شافیعییدا حەتمەن ئەبێ شاهیدێك هەبێ لەگەڵ وەلییدا، ئەگەر هەبێ، ئەگەر نەشبێ ئەوە کە فیقه دایناوە کەسانی دوای ئەو تا کۆتایی، بەڵام لە فیقهی ئیمامی ئەبوحەنیفە شایەت بۆ نیکاح شەرت نییە، بۆ نموونە ژن دەتوانێ وەك لە هەندێ ناوچەی کوردستان هەیە، ڕەدوکەوتن‌و ئەوانە هەیە کە لەسەر مەزهەبی حەنەفی دەکرێت، چونکە وەلیشی ناوێ‌و شایەتیشی ناوێ، ئێمە کەمتر تووشی ئەوە بووین، شایەت ببێت یان نەبێت کێشە نییە، بەڵام بەپێی یاساکە ئەبێ (٥) شایەت ئیمزای بکات، کە باوکی کچەکەو دوو کەسی ناسراوو سێ شایەت هەبێ، ئەگەر حەنەفییش بن، چونکە قانوونەکە یەکە، بەڵام لە حاڵەتە فیقهییەکەدا ئەوانە نییە.[١]

---

[1] ئەم دیدارە لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٥ لە شەقامی (إنقلاب) لە شاری (تاران) ساز دراوە.

ـ لە ژمارە (٢٨٨)ی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١ بڵاو کراوەتەوە.

# بۆ مەرگی موهەندیس ئەدەب
# دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرمو سوێر

**سەڵاح سالار**



ئەو ڕۆژە ناخۆشەم لە یاد ناچێت لە شاری تاران ئەندامێکی شورای رەهبەریی (جبهه متحد کرد) بەرەی یەکگرتووی کورد بە تەلەفۆن هەواڵی مەرگی (موهەندیس ئەدەب) سەرۆکی ئەو بەرەیەی پێدام، من لە خشتەی کاری خۆمدا نووسیبووم لەگەڵ هاوڕێکەمدا لە شاری تاران دیداری ئەو پیاوە بەڕێزە بکرێت، بەڵام هاوڕێم (ئایەتی محەمەدیی) کە ئەندامی شورای بەرەی یەکگرتووی کوردە وتی: موهەندیس ئەدەب نەخۆشەو چەند ڕۆژێکی تر پێکەوە دەچین بۆ لای دیدارەکە ساز بکەن. وەلێ ئەفسوس، مەرگ بواری نەدا، ئەوساتە پڕ حەزینو خەمگینەم لە پێش چاوە، یەکسەر ڕۆشتینە ماڵی ئەو گەورەپیاوەی کورد، لە کوچەی گوڵپاد لە خیابانی ئیلاهییەی باڵاشاری تاران.

لەوێ گەورەڕۆشنبیرو پەرلەمانتارو پیاوە ناودارەکانی کورد بە کوڵ دەگریان، وتەی پیاوێکی کرماشانی زۆر کاریگەر بوو، بەدەم هەنسکی گریانەوە وتی: "ئیتر کورد بێ باوك کەوت"، خوشکەکەی کە هاتە ژوورەوە سەیرێکی کردین، ئەو چاوە پڕ ئەسرینو سوورانەی دی، وتی: برا کوردەکەم ڕۆ، هاوسەرەکەی مامۆستای نەمر جار جارە بەو پیاوەی تەنیشتی من کە گریان نەیدەهێشت سەر بەرز بکاتەوە دەوت: هاوڕێ چاکەکەت ڕۆیشت، ئیتر دوای ئەدەب کێ هاوڕێتە؟ ئای کە حەزین بوو، ئێستەش ئەوەم

لەبەرچاودایە کەسێك بە سەبەتەیەکەوە کلێنسە بەئەشکە گەرم و سوێر تەڕبووەکانی کۆ دەکردەوە، بڕوا بکەن کلێنسەکان فرمێسکیان لێ دەچۆڕا، فرمێسکی کێ؟ هی پەرلەمانتارو نووسەرو سیاسەتمەدارە کوردەکانی ڕۆژهەلات، لەوێ کوردی سوننەو شیعەو ئیسلامیی و عەلمانیی پێکەوە دەگریان، گەورەیی ئەدەب هەموویانی کۆکردبووەوە، ئەدەب چەترێکی گەورە بوو کوردەکانی تەواوی ئێران لە سایەیدا کاریان




دەکرد، پیاوێکی دەوڵەمەندبوو بە سەروەتو سامانی خۆی بەرەی یەکگرتووی کوردی دەژیان، بە پێچەوانەی هەندێك لە سەرکردەکانی تری کورد کە لەسەر شۆڕشو حزبەکانیان دەوڵەمەند دەبن، ئەو دوو دەورە ئەندامی پەرلەمان بووە لە خولی پێنجەمو شەشەم، پەرلەمانتار بووەو نوێنەری خەڵکی ئوستانی کوردستان بوو، بەلام کاتێك باڵی ئیسلاحییەکان تێکشکان ئیتر باڵە توندڕەوەکەی ئێران ئەویشیان وەلانا.

دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٤ بەرەی یەکگرتووی کوردی دامەزراند، خۆی بە سەرۆکی ئەو بەرەیە دیاریی کرا تا ئەو کاتەی نەخۆشیو مەرگ لە کورد و بەرە و شاری تارانیان جیا کردەوەو لە مەراسیمێکی یەکجار گەورەو شکۆمەندا، تەرمە نازدارەکەی

گەڕێنرایەوە بۆ شارەکەی خۆی (شاری سنە)، بە درێژایی دە کیلۆمەتر خەڵك لەگەڵ تەرمەکەیدا بوون.

مەرگی ئەدەب کۆسپێکی گەورە بوو لە کوردستانی ڕۆژهەلات کەوت، شاری تارانیش پریشکی ئەو زیانەی لێ کەوت، تورك‌و فارسەکانیش خەمبار بوون‌و بۆی دەگریان، هەر ئەوە وای کرد کەنالێکی تەلەفزیۆنی ئێران بلێت (أدب أز تهران رفت)، بەهادین ئەدەب دڵسۆزەکەی کورد، ڕۆڵە ئازیزو ناودارەکەی کوردستان، گیانت شادو جێگەت بەهەشت بێت، کاروانەکەت بەردەوام‌و هیوادارم زامی مەرگی تۆ لە دڵی ڕۆڵەکانت سارێژ بێت، جێگەکەت ئەدەبێکی تر لە خۆ بگرێت.[1]




**ئاپۆڕای جەماوەر دوامالئاوایی لە تەرمی (ئەدەب) دەکەن**

[1] ئەم وتارە لە ژمارە (٢١)ی گۆڤاری (شارەزوور) لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٧ بلاو کراوەتەوە.

# پاشکۆی وێنەکان



ئامادەکاران لە داوەتێکی خانەوادەی ئایەتی محەمەدییدا ٢٠٠٧/٨/٧



مەراسیمی رێزلێنان لە دوکتۆر ئیبراهیمی یونسی لە کۆشکی هونەر ٢٠٠٧/٨/١٢



شوێنەواری مێژوویی (تاق وەسان) لە شاری (کرماشان) ٢٠٠٧/٨/٦



چەند پارچە شوێنەوارێکی مێژوویی لە (تاق وەسان) ٢٠٠٧/٨/٦



له راسته‌وه (سه‌ڵاح سالار ـ محه‌مه‌د ره‌ئوفی ته‌وه‌كولی ـ محه‌مه‌د جه‌مال)



له راسته‌وه (سه‌ڵاح سالار ـ دكتۆر محه‌مه‌د سالّح ئیبراهیمی ـ محه‌مه‌د جه‌مال)



سەڵاح سالار، تەجریش ـ باڵاشاری تاران



محەمەد جەمال، مەیدانی ئیمام خومەینی

**پێزانین:**

١ـ كاك حاجی بیلال بەرپرسی مەكتەبی تارانی كۆمەڵی ئیسلامیی كە هاوكاریی و كارئاسانیی زۆری بۆ كردین.

٢ـ كاك حاجی جەمال قەرەداغی كە كارئاسانی سەفەرەكەی بۆ كردین.

٣ـ ئەو بەڕێزانەی لە تاران ماندوو بوون لەگەڵمان و گفتوگۆمان لەگەڵ ساز كردن.

٤ـ كاك بارامی وەڵەدبەگی و هاوڕێیانی كۆڕی كوردانی تاران.

٥ـ ڕۆژنامەی كۆمەڵ كە هاوكاریی زۆریان كردین.

٦ـ كاك ئەكرەم فەرەیدون كە لە دیزایندا هاوكاریی كردین.